هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 77

سالّی/ 2012 – بەرگی حەفتا و حەوت

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2012

# پێرست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/4/30 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/5/7 ل 75

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/5/8 ل 149

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/5/9 ل 175

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/5/14 ل 225

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/5/15 ل 267

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2012/5/16 ل 339

سوپاس، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ماوەیەکی زۆرە لە پەرلەمانە، ئەمە پەیوەندی بە چینێکی ئەوەوە هەیە، کە وەزعی گوزەرانیان زۆر خراپەو، راپۆرتەکانیان ئامادەیە، لە رۆژی 5/1دا کرێکاران لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان هاتنە بەردەمی نووسینگەو، هاتنە بەردەمی پەرلەمان، ئێمەش بەڵێنمان پێیاندا کەوا یەکەم کاری دوای پشووەکەمان هەموار کردنی ئەم یاسایەیە، بۆیە داوا دەکەم ئەم بڕگەیە یەکەم بڕگە بێت، ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، دوای ئەوە یاسای مافی زانیاری بێت و دوایی وەکو خۆی بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئەو بەڕێزانە باسیان کرد، منیش لەگەڵدامە، بەس تێبینی ئەساسی ئەوەیە عەجەبەن لە ساڵی 2010ـەوە ئەم پرۆژە یاسایە دەهێنرێت و دەبرێت، من پرسیارم ئەوەیەو بە مافی خۆمی دەزانم وەکو پەرلەمانتارێك، یەعنی ئەو هەموو کاتەی ئێمە دێت و دەڕوات بۆچی سێ لیژنە راپۆرت حازر دەکەن، بەس لیژنەی ئەساسی کە لیژنەی یاساییە، راپۆرتی لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە ئامادە نییە، لەکاتێکدا لە ساڵی 2010ـەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو خوێندراوەتەوەو دووبارە باس کراوەو وەکو لیژنەکانی تر حازریان کرد بوایە، بۆ ئەوان حازریان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەی یاسایی ئامادەیەو پێشکەش کراوە بە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێشەکە ئەوەیە چوار راپۆرت هەیە، ئەو چوار راپۆرتە تەوحید نەکراوەو نەیانتوانیوە تەوحیدی بکەن، ئەگینا لیژنەی یاسایی راپۆرتی خۆی هەیە، فەرموو کاك عبداللە.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ئەو پاش و پێشە، بەڵام من پێشنیاری ئەوە دەکەم لەگەڵ ئەوەی مادام دەرفەتێك دەرەخسێت بۆ یاسای ماڤی زانیاری ئێمە چەند ڕۆژێکمان لەبەردەستدایە، داوا دەکەم و پێشنیار دەکەم کەوا بەو پێیەی لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی ڕۆشنبیری لەگەڵ لیژنەی یاسایی، هەروەها لیژنەی ماڤی مرۆڤ هەر یەکە راپۆرتێکیان ئامادە کردووە، یەعنی ئەم دەرفەتە بۆ ئەوە بێت، کە ئەم لیژنانە پێکەوە راپۆرتێکی هاوبەش لەسەر یاسای بەدەستهێنانی زانیاری ئامادە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوەی کە گرنگە هەمووتان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە خاڵی چوارەم بێتە پێشەوە، ئێستا ئێمە ئەوە ئەنجام دەدەین بۆ تەسەلسولی بەرنامەکەی تر، دوایی لەکاتی تەواو بوونی ئەو خاڵەی کە موناقەشەی لەسەر تەواو دەبێت، ئەوەی تریش ئیتیفاقی لەسەر دەکەین دەیخەینە پێشەوە، پێتان باشە؟ ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە خاڵی چوارەم بێتە خاڵی یەکەمی موناقەشەی ئەمڕۆمان، دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا یاسای هەموار کردنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971 ببێتە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان تا تەواوی دەکەین، فەرموون لیژنەی هاوبەش بۆ شوێنی خۆتان، لیژنەی هاوبەش ئەوەی پەیوەندی بەو پرۆژە یاسایەوە هەیە، فەرموون لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی لیژنەی کۆمەڵایەتی سوپاسی هەمووتان دەکەین بۆ ئەم گرنگیدانە بەم یاسایە، بێجگە لەوەی فەترەیەکی درێژ پێش دەرچوونی یاساکەش، بەحەقیقەت جەنابی وەزیریش لێرەیە، وەزارەت کارێکی هەرە سەرەکی کرد، چەند وۆرك شۆپ و کۆنفرانسی کرد، پرۆژەکە لەلایەن حکومەتەوە هات، ئێمە جارێکی تر سەروو تازە بە هاوکاری لیژنەی ئێمەو وەزارەت و سەندیکا کۆبوونەوەی موشتەرەکمان کرد، تا گەیشتینە ئەم راپۆرتەی لیژنەی ئێمە، لە ئاخیر موحاوەلە بە دەست پێشخەریەکی سەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان بەست بە ئامادە بوونی جەنابی وەزیرو لیژنەی کۆمەڵایەتی و لیژنەی یاسایی، ئێمە گفتوگۆمان لەسەر خودی پرۆژە ئەسڵیەکەمان کرد، تەقریبەن هەموومان لە یەك نزیکین، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی کۆمەڵایەتی هەندێك ئیزافاتمان خستە سەر ئەو پرۆژەیە بە دەرفەتمان زانی، چونکە ئەمە یاسایەکی زۆر زۆر گرنگە، بۆیە دوو راپۆرتمان ئامادە کردووە، لیژنەی یاسایی راپۆرتی خۆی هەیە، هەروەها ئێمەش وەك لیژنەی کۆمەڵایەتی راپۆرتی خۆمان هەیە، بەڵام راپۆرتی ئێمە لە دوو بەش پێك هاتووە، یەکێکیان ئەو پێشنیارانەیە کە بە پێویستمان زانی بخرێتە سەر یاسا ئەسڵیەکە.

دووەمیان/ تێبینیەکانمانە لەسەر پرۆژە یاساکە ماددە بە ماددە.

ئیتر بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانە، کە ئێمە چۆن دەست پێ بکەین بە تەسەلسولی ئێمە، یان پرۆژە یاساکە موناقەشە بکەین ماددە بەماددە، پاشان پێشنیارەکانی ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت راپۆرتەکان بخوێندرێتەوە، ئینجا دێینە سەر ماددەکان یەکە، یەکە موناقەشەیان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون دەست پێ بکەن.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە ئێمە تەنها عەرەبیەکەمان هەیە، کوردیەکمان هەیە، ئەگەر تۆزێك کەموکورتی لە یەکێك لەوانە هەبێت، داوای لێبوردن دەکەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

من داوا دەکەم بەتایبەتی بۆ لیژنەی قانونی، یان لیژنە هاوبەشەکان پێك دێن بۆ صیاغە کردنی هەر پرۆژە یاسایەك، تکاتان لێ دەکەم عەرەبیەکەی بۆ من بنێرن، کە تەواوتان کرد راستەوخۆ نوسخەیەکی بۆ من بنێرن، چونکە من یەکسەر تەرجومەی دەکەم بە کوردیەکی باش، تەبعەن لە رێگەی چەند برادەرێکەوە، فەرموون.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تقرير لجنة العمل والشؤون الاجتماعية حول تعديل مشروع قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال رقم (39) لسنة 1971**

يضم تقرير لجنتنا حول مشروع القانون المشار اليه اعلاه مجموعتين من الملاحظات وهي:

أ- مقترحات اضافية من قبل اللجنة لتعديل بعض مواد القانون.

ب- ملاحظات اللجنة حول مشروع القانون.

أ- مقترحات اللجنة:

1- تقترح اللجنة اضافة الفقرات التالية الى المادة الاولى من أصل القانون:

- العامل: هو من يعمل لقاء أجر يومي أو اسبوعي أو على أساس القطعة أو الساعة وينجز أعمالاً يدوية لصالح صاحب عمل متعاقد معه تحريرياً.

- المستخدم: هو كل من يعمل لقاء مرتب شهري وينتج عملاً ادارياً أو فنياً، ومرتبط بعقد تحريري مع صاحب العمل.

- البطالة: هي تلك الفترة الزمنية التي يكون فيها المضمون منقطعاً عن العمل بسبب انتهاء العقد أو فسخه أو أي سبب آخر، لحين الدخول في عقد عمل جديد.

2- اضافة ضمان البطالة الى أهداف القانون وبذلك تكون نهاية المادة الثانية من أصل القانون بالشكل التالي:

أ. الضمان الصحي.

ب. ضمان اصابات العمل

ج. ضمان التقاعد.

د. ضمان البطالة.

هـ.ضمان الخدمات.

3. تقترح اللجنة تعديل المادة الثالثة من القانون بالشكل التالي:

أ. تسرى أحكام هذا القانون على كافة العمال والمستخدمين في مؤسسات وشركات القطاع الخاص الناشطة داخل الاقليم.

ب. يستثنى من أحكام هذا القانون من كان:

1. موظفاً في احدى الدوائر أو المؤسسات الحكومية أو التي يتم التعامل معها كمؤسسات القطاع العام.

2. يعمل لدى المنظمات الدولية والبعثات الدبلوماسية الاجنبية.

3. يعمل لدى جهات تشترط في العاملين لديها الخضوع لنظام اجتماعي خاص بها

4. من منتسبي قوى الامن الداخلي وحرس الاقليم.

4. اضافة فصل عن تأمين البطالة اعتباراً من المادة (80) من اصل القانون، وتقترح الصياغة العامة الاتية حول حق التأمين ضد البطالة، وتتضمن المبادىء الاساسية وترك التفاصيل لقانون منفصل لاحق أو تعليمات وزارية:

المادة ( ): التأمين ضد البطالة

يحق للعامل المضمون التمتع بتأمين البطالة وفق الاسس التالية:

أ. أن يكون مضموناً لفترة لا تقل عن سنة واحدة.

ب. يدفع المضمون شهرياً مبلغاً يساوي 1.8٪ من أجره الشهري بضمان البطالة، كما يدفع صاحب العمل النسبة نفسها.

**ج. يحصل المضمون خلال فترة البطالة على مبلغ لا يقل عن 60٪ من دخله الشهري (على أن لا يكون أقل من مستوى الفقر) لفترة لا تزيد عن ستة أشهر في حالة كونه مضمونا لفترة لا تقل عن السنة في السنوات الثلاث الاخيرة.**

**د. يحصل المضمون خلال فترة البطالة على مبلغ لا يقل عن 70٪ من دخله الشهري لفترة لا تزيد عن ثمانية أشهر في حالة كونه مضمونا لفترة لا تقل عن ثلاث سنوات في السنوات الخمس الاخيرة.**

**هـ. يحصل المضمون خلال فترة البطالة على مبلغ لا يقل عن 80٪ من دخله الشهري لفترة لا تزيد عن سنة واحدة في حالة كونه مضموناً لفترة لا تقل عن خمس سنوات في السنوات العشر الاخيرة.**

**و. يجب أن يقبل المتمتع بتأمين البطالة أي عمل يعرض عليه من قبل الجهة المختصة بالتشغيل شريطة أن تكون مشابهة (او متقاربة) لمجال عمله وخبرته العملية.**

**ز. يحق للمتمتع بمبلغ ضمان البطالة الرفض لمرتين شريطة القبول بدخول الدورات التأهيلية المتوفرة لدى الوزارة لغرض تهيأته لمتطلبات سوق العمل بالنسبة للذين يصعب ايجاد أعمال مناسبة لهم، ويستمر في استلام تعويض البطالة خلال فترة الدورة.**

**ح. ينتهي التمتع بمبلغ ضمان البطالة في حالة رفض المضمون العمل المعروض عليه أكثر من مرتين بدون أسباب مقنعة.**

**ط. يحق للمتمتع بمبلغ ضمان البطالة الحصول على خدمات الضمان الصحي طوال فترة البطالة.**

**ي. تحتسب الفترة التي يقضيها المضمون متمتعاً بتأمين البطالة، كخدمة فعلية لاغراض التقاعد.**

**ك. بعد انتهاء الفترة المخصصة للحصول على تعويض البطالة وفي حالة عدم ايجاد أي عمل مناسب، يحق للمضمون الاستفادة من الخدمات الاجتماعية الاخرى الواردة في هذا القانون.**

**ب- ملاحظات اللجنة حول مشروع القانون:**

**المادة الاولى: لا توجد لدى اللجنة ملاحظات حولها.**

**المادة الثانية: لا تجد اللجنة مبرراً لهذا التعديل المقترح.**

**المادة الثالثة: لا توافق اللجنة على هذا التعديل المقترح وتقترح بقاء النص الاصلي كما هو.**

**المادة الرابعة: لا توجد لدى اللجنة ملاحظات حولها.**

**المادة الخامسة: ترى اللجنة بأن هناك خطأ لغوي حيث أن أصل الفقرة هو (ز) وليس (س) من المادة (48) وليس (47). و تقترح اللجنة اعادة صياغة المادة بالشكل التالي:**

**ز. للمرأة العاملة الحق في طلب اجازة الامومة بعد اجازة الوضع لمدة سنة واحدة بنصف الراتب (على أن لا يقل عن مستوى الفقر) وتدفع لها من مديرية العمل والضمان الاجتماعي بشرط عدم انتهاء العقد.**

**المادة السادسة: لا توجد لدى اللجنة ملاحظات حولها.**

**المادة السابعة: لا توجد لدى اللجنة ملاحظات حولها.**

**المادة الثامنة: تؤيد اللجنة بقاء المادة (65) فقرة (أ) و (ب) من أصل المشروع كما هي عليه.**

المادة التاسعة: تقترح اللجنة أن تصاغ بالشكل التالي:

أ. يعتبر الحد الاعلى العام للراتب التقاعدي الكامل بالنسبة لمختلف فروع الضمان في هذا القانون، الذي لا يجوز تجاوزه في جميع الحالات عن 80٪ من متوسط الاجر الشهري للسنة الاخيرة المضمونة من خدمة العامل.

ب. يعتبر الحد الادنى العام للراتب التقاعدي الكامل بالنسبة لمختلف فروع الضمان في هذا القانون الذي لا يجوز النزول عنه في جميع الحالات عن 60٪ من متوسط الاجر الشهري للسنة الاخيرة من خدمة العامل المضمون، شريطة أن لا يقل عن مستوى الفقر.

ج. يتم حساب راتب التقاعد الجزئي على أساس نسبة العجز الجزئي مضروبة بالراتب التقاعدي الكامل، مع مراعاة ما ورد في الفقرتين (أ) و (ب) أعلاه.

المادة العاشرة: لا تؤيد اللجنة المقترح وتقترح بقاء المادة على ماهي عليه.

المادة الحادية عشرة: لا تؤيد اللجنة التعديل وبذلك تبقى الفقرة (3) من المادة (85) من أصل المشروع كما هي عليه.

المادة الثانية عشرة: لا تؤيد اللجنة المقترح وتقترح بقاء المادة على ماهي عليه.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستا راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی دەخوێنینەوە:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بابەت/ راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای (هەموارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971)**

لیژنەی کاروباری یاسایی رۆژی 27/نەورۆز/2712ی کوردی بەرامبەر بە 2012/4/16ی زایینی کۆبوونەوە، بۆ دیراسەت کردنی پرۆژە یاسای (هەموارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971)، کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوەو، لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (12) لە 2010/11/18 رەوانەی لیژنەکەمان کراوە. دوای گفتوگۆ و تاوتوێ کردن گەیشتینە ئەم دەرئەنجامەی خوارەوە:

- لیژنە پێشنیاری هەموارکردنی ناوی پرۆژە یاساکە دەکات بۆ (یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە (39)ی ساڵی 1971).

ماددەی یەکەم:

لیژنە پشتیوانی هەموارکردنەکە دەکات و پێشنیاری گۆڕینی ڕستەی (زیاتر نەبێت لە 30٪) بە (ڕێژەی 30٪) و بڕگەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

{یەکەم: دووبارە کارکردن بە بڕگەی (ز) لە ماددەی (20)ی هەموارکراو لە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران کە هەڵوەشاوەتەوە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (669) بۆ ساڵی 1983 بەم شێوەیە:

(ز): بەشداری کردنی خەزێنەی گشتی لە داهاتی دامەزراوەی خانەنشینی و دەستبەری کۆمەڵایەتی و دیاری کردنی ئەو هاوبەشیە بەپێی ئەو دیاریکردنەی کە لە بودجەی ساڵانەی گشتی ئاماژەی پێدەکات، بە ڕێژەی (30٪)ی ئەو هاوبەشیانە کە دراوە بە دامەزراوەکە لە ماوەی ساڵی دارایی پێشوو}.

ماددەی دووەم: سەبارەت بە ماددە (27) دوو ڕا هەیە:

ڕای یەکەم: بڕگەی (2)ی ماددەکە: پێشنیاری ڕەت کردنەوەی هەموارکردنی بڕگەکە دەکەین پشت بەستوو بە پێوەری ڕێکخراوی کاری نێو دەوڵەتی لەسەر بنەمای پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، کە ئەو ڕیژەیە لە بەشەکانی دەستەبەر (ضمان) وەرگیراوە.

ڕای دووەم: پشتگیری هەموارکردنەکە دەکەن.

ماددەی سێیەم: سەبارەت بە ماددە (30):

پێشنیاری ڕەت کردنەوەی بڕگەی پێشنیارکراو لە پڕۆژەکە دەکات.

ماددەی چوارەم:

ڕاگرتنی کارکردن بە بڕگەی (ب/2) لە ماددەی (38). پشتگیری لە پێشنیارەکە دەکەین، لەبەر ئەوەی ئەم بڕگەیە کرێکاری وڵاتانی عەرەبی بەدەر کردووە لە حوکمی ماددە (38).

ماددەی پێنجەم: سەبارەت بە ماددە (48): پێشنیاری زیاد کردنی بڕگەیەك کراوە بە زنجیرە (ز)، سێ ڕا هەیە:

ڕای یەکەم: ڕەت کردنەوەی بڕگەکە. لە کاتی پەسند کردنیدا دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئافرەتی کرێکار.

ڕای دووەم: پشتگیری پێشنیارەکە دەکات هەروەك لە پڕۆژەی حکومەت هاتووە، لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندی ئافرەتی کرێکارە.

ڕای سێیەم: پشتگیری ڕای حکومەت دەکەن، بە مەرجێك مووچەی کەمتر نەبێ لە هاوکاری چاودێری کۆمەڵایەتی.

ماددەی شەشەم: سەبارەت بە ماددە (50)/ بڕگەی (هـ):

پشتگیری پێشنیازی حکومەت دەکەین کە بڕگەکە هەموار بکرێ. لەبەر ئەوەی میراتگرانی کرێکاری خانەنشین سوودمەند دەبێ لێی، ئەوەی کە ڕێژەی پەککەوتەی لە (75٪) زیاترە.

ماددەی حەوتەم: سەبارەت بە ماددە (60)/ بڕگەی (ج):

پشتگیری هەموارکردنی بڕگەکە دەکەین و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

{ماددەی (60)/ج: لە حاڵەتی مردنی خانەنشین کراوی پەککەوتە بە ڕێژەی کەمتر لە (75٪)، جێگرەوەی قەرەبوو دەکرێتەوە بە ڕێژەیەك یەکسان بێ بە مووچەی خانەنشینی پەککەوتەی هەندەکی (الاصابة الجزئیة) چوار ساڵی، لە کاتێکدا ئەگەر جێگرەوە شایستەی ماف کەوتەی خانەنیشن بە هۆی مردنەوە نەبێ}.

لیژنە پێشنیار دەکات بە هەموارکردنی بڕگە (ب)ی ماددەی (60) تا بڕگەکانی ماددەی (60) هاودژ نەبن لەگەڵ یەك و، پێشنیار دەکەین بڕگەی (ب) بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

{ماددەی (60) /ب: لە حاڵەتی مردنی خانەنشینی تووش بوو بە پەککەوتەی هەندەکی (مصاب جزئي) بە ڕێژەی لە (75٪) زیاتر، مووچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جێگرەوە}.

ماددەی هەشتەم: سەبارەت بە مادده (65):

داوای هەموارکردنی هەردوو بڕگەی (أ) و (ب) کراوە، پێشنیاری ڕەت کردنەوەی هەموارکردنەکە دەکەین لەبەر ئەوەی ناێیتەوە لەگەڵ پێوەرە نێو دەوڵەتیەکان.

ماددەی نۆیەم: سەبارەت بە مادده (68):

پێشنیار کراوە کە ماددەکە کارا بکرێ، پێشنیاری ڕەت کردنەوەی پڕۆژەی ماددەکە دەکەین، لەبەر ئەوەی بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران یاسا ڕاناگیرێ.

ماددەی دەیەم: سەبارەت بە مادده (69): دوو ڕا هەیە:

ڕای یەکەم: لەگەڵ دیاری کردنی بڕی مووچەی خانەنشین نین.

ڕای دووەم: پێشنیار دەکەین بەرزترین ڕێژەی مووچەی خانەنشین (80٪) لە دوایەمین کرێی پێدراوی هاوبەشی کردن و پێشنیاری دیاری کردنی مووچەکە دەکەین بە شێوەیەك کە کۆی مووچەی خانەنشین لە (200,000) دینار مانگانە کەمتر نەبێت و، مووچەی خانەنشینی جزئی لە (150,000) دینار مانگانە کەمتر نەبێت و، ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

{ماددەی (69):

أ- ڕێژەی بەرزی گشتی کۆی مووچەی خانەشینی بۆ هەموو بەشەکانی دەستەبەر لە (80٪) دوایەمین کرێی پێدراوی هاوبەشی کردن کەمتر نەبێت.

ب- لایەنی کەم گشتی کۆی مووچەی خانەنشینی نابێت لە (200,000) دینار کەمتر بێت.

ج- لایەنی کەم مووچەی خانەنشینی جزئی نابێت لە (150,000) دینار کەمتر بێت)}.

ماددەی یازدەیەم: سەبارەت بە مادده (71):

بڕگەی (ب)، پێشنیاری ڕەت کردنەوەی هەموارکردنەکە دەکەین، لەبەر ئەوەی پێویست ناکات جەخت لەسەر هەژمارکردنی ماوەکە بکرێت و، بڕگەکانی تری مادده (71) ئەم کێشەیەی چارەسەر کردووە.

ماددەی دوازدەیەم: سەبارەت بە مادده (85):

**بڕگەی (3): پێشنیاری ڕەت کردنـەوەی هەمواركردنەكە دەكـەین، لەبـەر ئـەوەی ئـەو دەسـەڵاتە لـە یاسـاكە هاتووە، پێویست ناكات بدرێتە خودی وەزیر.**

**ماددەی سێزدەیەم: سەبارەت بە مادده (86):**

**پێشنیاری ڕەت كردنەوەی هەمواركردنەكە دەكەین.**

**ماددەی چواردەیەم:**

**پشتگیری پێشنیارەكە ناكەین، لەبەر ئەوەی پێویست ناكات دەقێكی یاسایی هەبێ بۆ گۆڕینی بڕی پارەكە بە دراوێكی فەرمی.**

**لە ئەنجامی كۆبوونەوەكە  پێشنیاری زیادكردنی چەند بڕگەو ماددەیەك كرا، ئێمەش وەك لێژنـەی یاسایی پشتگیری پێشنیارەكەمان كرد.**

**1- ڕاگرتنی كاركردن بە ماددەی (3)ی یاساكەو، ئەم دەقە جێی دەگرێتەوە.**

**(حوكمەكانی یاساكە سەرجەم پڕۆژەكان دەگرێتەوە، كە یەك كرێكار، یان زیاتر تێیدا كار دەكات).**

**2- پێشنیاری هـەمواركردنی م (50)/ب: ئەگـەر پێكـراو بـە پەككەوتـەی بەشـی (المصاب بعجـز جزئـي) بـە ڕێـژەی (35٪ - 75٪) دەقـی یاسـاكەی لەسـەر جێبـەجێ دەكرێـت، ئەگـەر پێكـراوی پەككەوتـەی بەشـی ڕێژەكەی لە (75٪) بەرەو سەرەوە بوو، لە كاتی مردنی مووچەی خانەنشینی بە  میراتگری دەدرێت لە بـڕی قەرەبووی یەك جارەكی، لەبەر ئەوەی پێكراوی بەشی بە ڕێژەی (75٪) بەرەو سەرەوە مانـای ئەوەیـە توانـای كـاركردنی نییـە، ناتوانێـت هـەڵی كـار بدۆزێتـەوەو كـار بكـات بـۆ بـژێوەی ژیـانی و ماددەكـە بـەم شـێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**{مادده (50)/ب: ئەگەر پێكراو (مصاب) بە پەككەوتەی بەشـی بـە ڕێـژەی (35٪ - 75٪)، ئـەوە مووچـەی خانەنشینی پەككەوتەی بەشی پێ دەدرێ، ئەگەر ڕێژەی  پەككەوتەی لە (75٪) زیاتر بوو، لە كاتی مردنی مووچەی خانەنشینی بە میراتگری دەدرێت} .**

**3-  ماددەی (90)ی یاساكە باس لە (پێدانی تأمین) دەكات لە لایەن خـاوەن كـار لـە حاڵـەتی تانـەگرتن لەسـەر بڕیاری بەڕێوەبەری گشتی و حكومەت پێشنیاری زیاد كردنـی بـڕی پـارەی تأمینـات دەكـات كـە لـە بڕگـە (أ)ی ماددەی (90) هاتووە لە (25) دینار بۆ (100,000) دینارو، ئـەو بـڕەی كـە لـە بڕگـەی (ب)ی مـاددەی (90) هاتووە لە (50) دینار بۆ (200,000) دینار.**

**و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**{ماددەی (90):**

**أ- لە حاڵەتی تانەگرتنی خاوەن كار لە بڕیاری بەڕێوەبەری گشتی لەبەردەم ئەنجومـەنی كـارگێڕی، داواكـەی وەرنـاگیرێ تـا بـڕی (100,000) دینـار وەكـو دڵنیـایی دانـەنێت لـەلای دەزگـای خانەنشـین و دەسـتەبەری**

کۆمەڵایـەتی کرێکاران، ئەگـەر هـاتو سکاڵاکەی پشت ڕاسـت بـوو، بـڕی پارەکـەی بـۆ دەگەڕێندرێتـەوەو بـە پێچەوانەوە دەبێتە داهات بۆ گەنجینەی دەزگاکە.

ب- ئەگەر خاوەن کار تانەی لە بڕیاری ئەنجومەنی کارگێڕی گرت، تانەکەی وەرناگیرێ لەلایەن دادگای کـاری تایبەتمەند، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە بڕی دڵنیایی بدات کە لە لایەن دادگا دیاری دەکرێ بەپێی ڕەوشی ئـەو کاتە نابێ لە (200,000) دینار کەمتر بێت، بڕی پارەکەشی بـۆ دەگەڕێندرێتـەوە، ئەگـەر سـکاڵاکەی پشـت ڕاست کرایەوەو بە پێچەوانەوە دەبێتە داهات بۆ گەنجینەی دەزگاکە}، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی دارایی و ئابووری ڕاپۆرتی خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربـارەی ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری، ئێمـە ئـەو پـرۆژە یاسـایەمان لـە سـەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بە نووسراوی (ك850) لـە 2010/11/10 بەدەست گەیشـتووە، کۆنووسـمان ئامـادە کـردووە لەسەری لە ڕێکەوتی 2011/1/17، تەنها ئەوە هەر بـۆ زانیارییـە، مـاوەی ئامـادە کردنـی ئـەو کۆنووسـەی ئێمە لەگەڵ هەردوو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایـەتی و یاسـایی ماوەیـەك هەیـە لەنێوانیانـدا، ڕاپـۆرتی ئێمـە پێش ئەوان ئامادە کراوە، ئەو یاسایەی بۆ ئێمە هاتووە بە سێ هاوپێچ بۆمان هاتووە، هاوپێچی یەکەم/ ئەو ماددانەی لە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971، کە پێویستی بـە هـەموار کردن هەیە.

هاوپێچی دووەم/ ئەو ماددانەی کە پێویستی بە هەموار کردن نییە.

هاوپێچی سـێیەم/ ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە دەکرێـت لـە یاسـای تەعـدیلی ئیشـتیراکاتی زەمـانی ئیجتیمـاعی ژمارە (31)ی ساڵی 1987.

لەبەر ئەوە لیژنەی دارایی هاتووە مامەڵەی لەگەڵ ئەسڵی پرۆژە یاساکە کردووە، بـەپێی ئـەو ماددانـەی کـە هاتووە لە هەموو هاوپێچەکە، دواتر ئێمە ئەو یاسایەمان دیوە دوای لێکۆڵینـەوە لـە لیژنـەو بـە ڕەزامەنـدی هەموو ئەندامانی لیژنە تێگەیشتووین کە ماددەکان، یاخود ئـەو هـەموار کردنـەی کـە هەیـە لـە ماددەکـانی ئـەو یاسـایە لەبەرژەوەنـدی کرێکارانـە، تـا ڕادەیـەك دەبێتـە هـۆی بـەرز کردنـەوەی ئاسـتی ژیـان و ئاسـتی کۆمەڵایەتیان، ئێمە بەم شێوەیە لە لیژنەی دارایی مامەڵەمان لەگەڵدا کردووە، ئێستاش بڕگە بە بڕگە ئـەو خاڵانە دەخەینە ڕوو، دوای ڕەزامەندی بەڕێزتان.

ئێمە بەپێی کۆنووسی ژمارە (45) کە بەرزمان کردۆتەوە بە نووسراومان ژمارە (101) لـە 2011/1/18 بەم شێوەیەی خوارەوە:

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری

کۆنووسی ژمارە (45)

**رێکەوتی 2011/1/17**

**ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك 850) لە (2010/11/10) دەربارەی پرۆژە یاسای (هەموارکردنی یاسای دەستەبەری کۆمەلایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971)، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشنیار کراوەو، لە دانیشتنی ژمارە (12)ی رۆژی دووشەممە رێکەوتی (2010/11/8) لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، لیژنەکەمان چل و پێنجەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا لە رێکەوتی (2011/1/17) و، بەزۆرینەی دەنگ گەیشتینە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:**

**یەکەم:**

**دەربارەی (اولا) لە هاوپێچی ژمارە (1) کە پێویستی بە هەموارکردن هەیە دەربارەی سەر لەنوێ کارکردن بە بڕگەی (ز) لە ماددەی (20)ی هەموارکراو لە (قانون التقاعد والضمان الأجتماعي للعمال) کە پوچەڵ کراوەتەوە، بەپێی بریاری (مجلس قيادة الثورة المنحل رقم 669 لسنة 1983) لیژنەکەمان ئەم بڕیارەیدا: لەبەر ئەوەی ئەم برگەیە دەربارەی هاوکاری (الخزينة العامة)یە بۆ (مؤسسة التقاعد والضمان الأجتماعي)یە، لەبەرژەوەندی کرێکاران و، لەهەمان کاتدا ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رەزامەندی لەسەر داوەو، توانای خەزینەی گشتی هەیە بۆ ئەو هاوبەشیە، لیژنەکەمان بەزۆرینەی دەنگ رەزامەندە لەسەر هەموار کردنی بڕگەی ناوبراو وەکو لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە.**

**دووەم:**

**دەربارەی (ثانياً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی گۆڕینی (الفقرة الثانية) لە مادەی (27) لە یاسای ناوبراو وەکو لە خوارەوە هاتووە.**

**(2): نسبة 4٪ من الأجور على دائرة العمل والضمان الأجتماعي.**

**(3): توزع مجموع الأستقطاعات البالغة 17٪ كما يلي:**

**3٪ لفرع الضمان الصحي.**

**2٪ لفرع ضمان اصابات العمل.**

**12٪ لفرع ضمان التقاعد.**

**بڕیار:**

**لیژنە ناتوانێ بڕیار بدات لەسەر ئەم ماددەیە، بەهۆی ئەوەی دەقی (الفقرة الثانية) لە ماددەی (27) لە پرۆژە یاساکەدا نەهاتووە بەمەبەستی بەراورد کردنی لەلایەن ئەندامانی لیژنەوە، مەبەستم ئەوەیە پرۆژە یاساکەی کە بۆمان هاتووە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەو دەقەی تیا تۆمار نەکراوە، چونکە کە دەگەڕێینەوە سەر یاسا ئەسڵیەکە چەندین ئاماژە هەیە بەو نیسبەتانە، لەبەر ئەوە نەمانتوانی وەکو پێویست رەئی لەسەر بدەین، ئەوە بەجێ دەهێلین لەناو هۆڵی پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدرێت، دوای ئەوە تەوزیح دەدرێت لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە.**

سێیەم:

دەربارەی (ثالثاً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی ڕاگرتنی کارکردن بە بڕگەی (أ) لە ماددەی (30) لەیاسای ناوبراو و، سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەو شێوەیەی لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە:

(على اصحاب العمل تسديد الأشتراكات المستحقة عليهم وعلى عمالهم للمؤسسة في المواعيد المحددة في هذا القانون .... الخ).

بڕیار:

لیژنە بەزۆرینەی دەنگ ڕەزامەندە لەسەر ئەم سەرلەنوێ داڕشتنەوەیە وەکو لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە.

چوارەم:

دەربارەی (رابعاً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی ڕاگرتنی کارکردن بە بڕگەی (ب/2) لە ماددەی (38) لە یاسای ناوبراو (استثنى من عدم دفع الشخص الموجود خارج العراق......الخ).

بڕیار:

بەزۆرینەی دەنگ پەسندە.

پێنجەم:

دەربارەی (خامساً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی زیاد کردنی بڕگەیەك بە زنجیرەی (ز) بۆ ماددەی (48) لە یاسای ناوبراو بەم شێوەیە:

(للمرأة العاملة وبعد اجازة الوضع الواردة في الفقرة (ج) من هذه المادة، الحق في اجازة الامومة لمدة سنة واحدة بنصف الراتب .........الخ).

بڕیار:

بە زۆرینەی دەنگ پەسندە.

شەشەم:

دەربارەی (سادساً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی ڕاگرتنی کارکردن بە برگەی (ه) لە ماددەی (50)ی یاسای ناوبراو و، سەرلەنوێ دارشتنەوەی بەم شێوەیەی کە لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە:

(يحول راتب التقاعد المرضي الكامل، و راتب التقاعد المرضي الجزئي.......الخ).

بڕیار:

بە زۆرینەی دەنگ پەسندە.

حەوتەم:

دەربارەی (سابعاً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی ڕاگرتنی کارکردن بە برگەی (ج) لە ماددەی (60) یاسای ناوبراو و، سەرلەنوێ دارشتنەوەی بەم شێوەیەی کە لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە:

(اذا توفي المتقاعد المصاب بعجز جزئى اكثر من 75٪ من العجز الكامل، يحول راتبه الى خلفه.....الخ).

بڕیار:

بەزۆرینەی دەنگ پەسندە.

هەشتەم:

دەربارەی (ثامناً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی ڕاگرتنی کارکردن بە هەردوو بڕگەی (أ) و (ب) لە ماددەی (65)ی یاسای ناوبراو و، سەرلەنوێ داڕشتنەوەی وەکو لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە:

أ- اذا اكمل الرجل خمسة وخمسون من العمر..... الخ.

ب-اذا كان للرجال خمسة وعشرون سنة خدمة مضمونة......الخ.

بڕیار:

بە زۆرینەی دەنگ پەسندە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نۆیەم:

دەربارەی (تاسعاً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی پەیڕەو کردنی ماددەی (68) لەیاسای ناوبراو لە بڕی (قرار مجلس الوزراء الاتحادي رقم 222 لسنة 2010) کە لە کاتی ئێستادا کاری پێ دەکرێ و، هەروەها سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ماددەی (69)ی یاسای ناوبراو وەکو لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە:

(يعتبر الحد الاعلى العام للراتب التقاعدي الكامل بالنسبة لمختلف فروع الضمان في هذا القانون، الذي لا يجوز تجاوزه في جميع الحالات، هوالراتب التقاعدي لاقرانه من الموظفين على ملاك الوزارات......الخ).

بڕیار:

بە زۆرینەی دەنگ پەسندە.

دەیەم:

دەربارەی (عاشراً) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی گۆڕینی بڕگەی (ب) لە ماددەی (71)ی یاسای ناوبراو و، سەرلەنوێ داڕشتنەوەی وەکو لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە: (يجوز انتقال مدة ضمان التقاعد..........الخ).

بڕیار:

لیژنە ناتوانێ بڕیار لەسەر ئەو خاڵە بدات، بەهۆی ئەوەی دەقی بڕگەی (ب) لە ماددەی (71) لە پرۆژە یاساکەدا نەهاتووە، بەمەبەستی بەراورد کردنی لەلایەن ئەندامانی لیژنەوە.

یازدە:

دەربارەی (الحادي عشر) دەربارەی (اعطاء الصلاحية الى وزير العمل والشؤون الاجتماعية لغرض تطبيق الفقرة (3) من المادة (85) من القانون.......الخ).

بڕیار:

بە زۆرینەی دەنگ پەسندە.

دوازدە:

دەربارەی (الثاني عشر) لە هاوپێچی ژمارە (1) دەربارەی زیاد کردنی ئەم دەستەواژەیەی خوارەوە بۆ کۆتایی ماددەی (86) لە یاساکە بەم شێوەیەی لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە:

(............. وتعفى من الرسومات دعاوي قضايا العمل..........الخ).

بڕیار:

لیژنە ناتوانێ بڕیار بدات، بەهۆی ئەوەی دەقی ماددەی (86) لە پرۆژە یاساکەدا نەهاتووە، بەمەبەستی بەراورد کردنی لەلایەن ئەندامانی لیژنەوە.

سێزدە:

دەربارەی (تعدل كلمة الدينار اينما ورد في القانون الي مائة وخمسون دينار.........الخ).

بڕیار:

بە زۆرینەی دەنگ پەسندە.

چواردە:

دەربارەی هاوپێچی (2) لە پرۆژە یاساکە دەربارەی (ئەو ماددانەی یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971 کە پێویست بە هەموارکردن ناکات، بەڵکو دەبێت جێبەجێ کردنیان کارا بکرێت. کە بریتیە لە:

اولاً: المادة (51).

ثانياً: المادة (56).

ثالثاً: المادة (68).

رابعاً: المادة (85).

وەکو لە پرۆژەکەدا هاتووە.

بڕیار:

بە زۆرینەی دەنگ پەسندەو، پشتگیری لێ دەکەین بۆ کارا کردنیان.

پازدە: دەربارەی هاوپێچی ژمارە (3) لە پرۆژە یاساکە دەربارەی (مقترح تعديل نظام تسديد اشتراكات الضمان الاجتماعي رقم (31) لسنة 1987) دەربارەی گۆڕینی (الفقرة الثانية) لە ماددەی (11) لە (نظام تسديد اشتراكات الضمان الاجتماعي رقم (31) لسنة 1987)و، دارِشتنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە وەکو لە پرۆژەکەدا هاتووە: (تعتبر من المتممات الاجور والرواتب والمخصصات الدائمة المستمرة ......... الخ).

بڕیار:

لیژنە ناتوانێ بڕیار بدات لەسەر ئەم خاڵە، بەهۆی ئەوەی دەقی (الفقرة الثانية) لە ماددەی (11)ی یاساکەدا نەهاتووە، بەمەبەستی بەراورد کردنی لەلایەن ئەندامانی لیژنەوە.

پێشنیاری لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری:

لیژنــه پێشـنیار دەكـات بـۆ بـەڕێز سـەرۆكایەتی پەرلـەمان، كـە بـە نووسـراوی ڕەسمـی داوا لـە ئەنجومـەنی وەزیـران بكات كـە سـەرلەنوێ داڕشـتنەوە بـۆ دەقـی ئـەم پـرۆژە یاسـایە بكرێـت، كـە ژمارەیـەك لـەو بڕگـەو ماددانەی كە (رادەگیرێ و سەرلەنوێ داڕشتنەوەو هەمواركردنی بۆ كراوە)، كە لە پرۆژە یاساكەدا نـەهاتووە زیاد بكەن و، سەرلەنوێ ناردنەوەی بۆ پەرلەمان بەمەبەستی بەراورد كردنی لەلایەن ئەندامانـەوە، چونكە ئەمە كۆنە بەڕاستی ئەم پێشنیارەمان نووسیوە، ئێستا بەڕاستی پێویست ناكات، بەم شێوەیە كۆنوس داخـرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسایی مادده بە مادده بە عەرەبی و كوردی بیخوێننـەوە، دوایـی هـەر لیژنەیـەك ڕەئی خۆی بدات.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بێینە سەر مادە بە مادده، ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی پێشنیارمان كردووە یەكەم جار عینوانی قانونەكە، ئێمە پێشنیارمان كردووە عینوانی قانونەكە بەم شێوەیە بێت:

(قانون تعدیل تنفیذ قانون التقاعد والضمان الاجتماعي المرقم (39) لسنة 1971 في اقلیم كوردستان).

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، كـەوا ئـەمڕۆ هـەموار كردنـی ئـەو یاسایە خراوەتـە ڕوو، دیـارە ئێمـە دەمێكـە ناردوومانـە بـۆ پەرلەمان، سەبارەت بە ناردنی پرۆژەكە لە ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە، یـەك/ تێبینیـەكمان هـەبوو، ئێمـە لـە وەزارەتەوە ناردمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە دوو بڕگە، ئـەو بڕگانـەی كـە پێویسـتیان بـە هـەموار كـردن هەیە پێویستی بە پەرلەمانە، بڕگەیەكی تر نازانم دیارە بە هەڵە هاتۆتە پەرلەمانەوە، تەنها لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاری بۆ دەرچوو كە ئەم ماددانە كارا بكرێ.

سەبارەت بە ناوەكە، هەر یاسایەك دەردەچێت دەبێت تـەنفیز بكرێـت، ئـەوەی كـە ئێمـە ناردوومانـە تـەنها چەند بڕگەیەكە لە یاسای خانەنشین و دەستەبەری كۆمەڵایەتی، یەعنی تەنها هەموار كردنێكە بۆ یاساكە، نەك تەنفیز كردن، كە یاسا بوو هەر دەبێت تەنفیز بكرێت، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە هەموار کردنی یاساکە، ئێمە بۆچوونێکمان هەیە، چونکە سەرەڕای پەسند کردنی، یان قەبوڵ کردنی پشتگیری کردنی هەموارەکە، بەڵام ئێمە پرۆژە یاسایەکمان پێشکەش کرد، پەیوەندی بە زەمانی ئیجتیماعیەوە هەبوو، بە دڵنیایی کۆمەڵایەتیەوە هەبوو، لەبەر یەك هۆ، چونکە رەنگە ببێتە رێگرێك، ئەگەر ئێمە یاساکەمان هەموار کردەوە، کەچی ئەوە پرۆژەیەکی تری تیا هاتەوە، من ئەو تێبینیە دەخوێنمەوە کە پەیوەندی بە تێڕوانینی ئێمەیە، سەرەڕای قەبول کردنی ئەم هەموار کردنە لە خزمەتی کرێکاران تا ئەو یاسا گونجاوەی کە ئێمە باوەڕمان پێیە دەردەچێت، ئەویش ئەوەیە سەرەڕای تێبینیەکەم لەسەر بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، کە وتی ئێمە داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە ئەم ماددانە کارا بکرێت، ئەگەر ماددەکە خۆی کارایە دەبێت جێ بەجێ بکرێت، ئەگینا بۆ ئەنجومەنی وەزیران نییە ماددە کارا بکات، ئەمە وەکو رووە قانونیەکەی، هەموار کردنی یاسای دڵنیایی ساڵی 1971ی عێراق بۆ (41) ساڵ بەر لەمڕۆ دەگەڕێتەوە، کە دنیایەك لە گۆڕانکاری روویانداوە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییەکان، ئابووری، سیاسی، گۆڕانی سیستەمە فەرمانڕەواییەکان، گۆڕانی فیکری و مەعریفی، پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، فراوان بوونی تێگەیشتن و پەیوەندی نێوان کرێکارو خاوەن کار، پەیدا بوونی بازاڕی رەشی کار، پەرتەوازەی دابەش بوونی کار، هەموو ئەوانە بەڵگەیەکن بۆ ئەوەی پێویستە بە تێڕوانینی رۆژگاری ئەمڕۆ بە سوود وەرگرتن لە یاسا هاوشێوەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی خاوەن پیشەسازی، یاسای کارو دڵنیایی کۆمەڵایەتی دابڕێژرێت، واتا ناکرێت بە تێگەیشتنی (41) ساڵ بەر لەمڕۆ تەماشای بازاڕی کارو پێدوایستیەکانی کرێکاران بکەین، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە دەرهەق بە گەلەکەمانە دەیکەین، لەکاتێکدا ئێمە توانای ئەوەمان هەیە یاسای گونجاو لەگەڵ واقیعی وڵاتەکەمان دارێژین، یاخود سوود لە ئەزموونی گەلان وەربگرین، یەعنی مەبەستم ئەوەیە ئێمە پرۆژەیەکیشمان تەقدیم کردووە، رەنگە لە ئایندە بێتە بەرنامەی کار، لەبەر ئەو هۆکارە، بەڵام سەرەڕای ئەوە چونکە دواکەوتووە، پشتیوانی ئەو هەموار کردنە دەکەین، چونکە لە قازانجی کرێکارانە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، فەرموو کاك عەونی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەبیعی یاسای ژمارە (39)ی ساڵی 1971 لە کوردستان کاری پێ دەکرێت، بەڵام ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان کە تەعدیلی چەند ماددەیەك دەکەین لە قانونەکە دەبێت عینوانەکەی بگونجێنین لەگەڵ ئەو تەعدیلەی کە دەیکەین، بۆیە ئێمە پێشنیارمان کردووە وەکو لیژنەی یاسایی عینوانەکەی بەو شێوەیە بێت، (قانون تعديل تطبيق قانون رقم (39) لسنة 1971 في اقليم كوردستان)، ئەو کارە لە چەند قەوانینی تر ئێمە لە کوردستان کارمان پێ کردووەو یەك لەوانە بۆ نموونە قانونی ئەحوالی شەخصیە بە یاسای ژمارە (15)ی ساڵی 2008 هەموار کراوە، تەعدیلەکەی بەو شێوەیە بوو کە قانونێکی ئیتیحادیەو کاری پێ دەکرا**

**لە کوردستان، بەڵام چەند ماددەیەك زیاد کرا، بۆیە عینوانی قانونەکە کاتی خۆی کردمانە (قانون تعدیل تطبیق قانون الاحوال الشخصیة)، ئێستاش بەو ڕێگایە پێشنیاری ئەوە کراوە کە قانونەکە عینوانەکەی بەو شێوەیە بێت، ڕەئی کۆتاییش، ڕەئی ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر ئیجازە هەبێت، چونکە یاسایەکی فیدراڵیەو کارایە تەتبیق دەکرێت، ئێمە دائیمەن بۆ ئینفازی قانونێك، تاکو تەتبیق بکرێت لەو پەرلەمانە بڕیار دەدەین، ئێمە ئێستا دێین چەند گۆڕانکارییەك دەکەین، واتا ئەو تەتبیقەی بڕیارمان لەسەر داوە تەعدیلی دەکەین، بۆیە ئێمەش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەین، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، جەنابی وەزیر ئاخیر ڕەئیت.**

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش هەر هەمان ڕەئیم هەیە، ئەمە هەر ناونیشانی یاساکە بێت و تەعدیلەکە پەسند بکرێت، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، نەسرین خان فەرموو.**

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم سێ ڕاپۆرتە ئەوەی لیژنەی یاسایی، یان لیژنەی کۆمەڵایەتی، یان لیژنەی دارایی، کامیان دەکرێت بە ئەساس؟ سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، کاك عەونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هیچ کێشەمان نییە، ئێمە مولاحەزەمان کرد لەڕاپۆرتەکان خیلافمان نییە، واتا مولاحەزەکان وا ئیجاب بکات کە دانیشتنەکە تەئجیل بکەین تا بتوانین کۆی بکەینەوە، چەند خیلافێکی سادە هەیە، خاڵ بە خاڵ**

که موناقەشەی دەکەین و ماددەکان دەخوێنینەوە، ئەو کاتە دەتوانین چارەسەری بکەین، هەر لێرەش چارەسەر دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازە هەبێت، لەگەڵ خوێندنی هەرسێ راپۆرت، من بۆ خۆم خەریتەیەکم کرد، تەنها لەو ماددانەی کە لیژنەی دارایی دەڵێت ئێمە ئەسڵەکەمان نەدیوە، رەئیان نەبوو، لەوانەی تر خۆشبەختانە ئێمەو لیژنەی یاسایی لە (13) بڕگەکە یەك رەئی بووین، لیژنەی دارایی لە مونتەلەقی لیژنەی خۆیان لە یەك، یان دوو رەئی جیاواز بوون، واتا تەقریبەن یەك راپۆرتمان هەیە، هەر بۆ زانینتان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دکتۆر ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ تەوزیح، لەبەر ئەوەی پرۆژە یاساکەی بۆمان هاتبوو دەقی هەندێکی تیایە، دەقی هەندێکی تیا نییە، ئەو دەقانەی کە تیا نییە ئێمە لامان هەیە کە رامانکێشاوەو بە دەستمان کەوتووە، بەس ئەگەری ئەوەیە لە دەرئەنجامی نەقل و کۆپی شێوەیەك لە گۆڕانکاری لە نەقلی بڕگە یاساکاندا هەبێت، بۆیە ئێمە وەکو پێویست ئەوەمان بەجێ هێشتووە بۆ لیژنەی یاسایی، ئەگینا وەکو دەق لە شوێنی تر هێناومانە، بەس لەوەی کە لە پرۆژە یاساکەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە تیا دەرج نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دوای پێدانی رەئی لیژنەکان، دەرکەوت کە ئیختیلافەکە ئەوەندە زۆر نییە، ئێمە وای لێ بکەین ئەم جەلسەیە تەئجیل بکەین، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە زیاتر لە دوو ساڵ لەناو پەرلەماندا هەبووە، ئەم یاسایە کە پێشکەش کراوە، ئەم ماوە زۆرە ئیشیان لەسەر کردووە هیچ پێویست بەوە ناکات ئێمە تەئجیلی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموون نەسرین خان.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەس داوای تەئجیلی نەكردووە، بەڵام من پرسیاری ئەوەم كردووە سێ ڕاپۆرتی جیاوازە، ئایا ئەم سێ ڕاپۆرتە كامیان دەكرێت بە ئەساس، نەك داوای تەئجیل كردن؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بكرێت، مادام وەكو كاك عبدالسلام دەڵێت ڕاپۆرتەكان زۆر نزیكن لە یەك، یەكلایی بكەنەوە یەك ڕاپۆرتیان بكەنە ئەساس، مەسەلەن لیژنەی یاسایی بیكاتە ئەساس، ئەوانی تر بەس خیلافەكان بخوێننەوە، پرۆژە یاسای حكومەت ئەساس بێت، بەڵام یەك ڕاپۆرت بخوێندرێتەوە، مەسەلەن چوار ڕاپۆرت دەخوێنیتەوە یەك شتە، ئەگەر بكرێت دوانیان سەحبی خوێندنەوەی ڕاپۆرت بكەن، بەس خیلافەكان بخوێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ڕەئی هەیە لەسەر ئەو سێ ڕاپۆرتەی باسی دەكەن، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر دوو، سێ پرۆژەمان هەبێت دەتوانین یەكێك بكەینە ئەساس و موناقەشەی لەسەر بكەین، بەس ئەگەر دوو، سێ ڕاپۆرتمان هەبێت ناتوانین یەكێك بكەینە ئەساس، سێ ڕاپۆرتن، یان نەتیجەی كۆبوونەوەیەكی هاوبەش، ڕاپۆرتێكی هاوبەش پێشكەش دەكەن، یانیش هەر یەك ڕاپۆرتی خۆی دەخوێنێت، ئەگەر جیاوازی هەبێت لە ڕەئی و بۆچوون عەرزی تەصویت دەكرێت، لە ڕاپۆرت نابێت هیچ ڕاپۆرتێك ببێتە ئەساس، هەر سێ ڕاپۆرت ئەساسە، یان لە كۆبوونەوەیەكی هاوبەش تەوحید دەكرێن، یان ئەگەر تەوحید نەكرا هەرسێ ڕاپۆرت دێنە خوێندن و تەصویت لەسەر پێشنیازەكان دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسایی بۆ ماددەی یەكەم.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیزافەتەن لەسەر قسەكانی كاك فرسەت سكرتێری پەرلەمان، قسەكانی زۆر ڕاستە، ئێمە قانونەكانی تر كە پرۆژەكە لە لایەن حكومەتەوە تەقدیم كراوە، ئەو ئەساسە بۆ موناقەشە، ڕاپۆرتەكان موناقەشەكانی تێدایە، زۆر سوپاس.

**ماددەی یەکەم لە ئەسڵی قانونەکە بەو شێوەیە:**

**(المادة العشرون/(ز): مساهمة الخزينة العامة في موارد المؤسسة وتحدد المساهمة بما ترصده وزارة المالية في الموازنة السنوية العامة على ان لا يزيد على (30٪) من الاشتراكات المدفوعة للمؤسسة خلال السنة المالية السابقة).**

**ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پێشنیارمان کردووە صیاغەی ئەو بڕگەیە بەم شێوەیە بێت:**

**(المادة الاولى:**

**اللجنة تؤيد التعديل وتقترح تبديل الجملة (على أن لا تكون أكثر من 30٪) ب(نسبة 30٪) وتتم صياغة الجملة بالشكل الآتي:**

**(أولا: اعادة العمل بالفقرة (ز) من المادة (20) المعدلة من قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال والذي تم الغاؤه بموجب قرار مجلس قيادة الثورة المرقم (669) لسنة 1983 وكالاتي:**

**(ز): مشاركة الخزينة العامة في ايرادات مؤسسة التقاعد والضمان الاجتماعي وتحديد هذه المشاركة وفق ما يتم الاشارة اليه في الموازنة السنوية العامة، بنسبة (30٪) من المشاركة المعطاة لهذه المؤسسة في السنة المالية الماضية).**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، فەرموو.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە، وەکو خۆی قەبوڵمانە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، فەرموو لیژنەی دارایی.**

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لەگەڵ ئەو ماددەیەن بەو شێوەیەی هەموار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە کە هاتووە قەبوڵمانەو پەسندە لەلامان، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز ئاسۆس نجيب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەو ماددەیە بەو شێوەیە بێت (على ان لا يزيد على 30٪ من الاشتراكات المدفوعة للمؤسسة خلال السنة المالية السابقة)، ئەوەی ئێستا هەیە بەشداری کرێکاران و خاوەن کارانە بۆ سندووقی زەمانەکە، بەپێی**

ئەم ماددەیە ئێمە ساڵانە لە میزانیەی بودجەی حکومەت لە 30٪ ئەو نیسبەیە دادەنرێت، کە نیسبەیەك وەردەگرین چەندێك ساڵی پێشووی مالی سندووقی زەمان چەندی تێچووە؟ لەسەر ئەو ئەساسە لە 30٪ـەکە، نەك لە 30٪ی میزانیەکە، بەڵکو لە 30٪ی ئیشتیراکاتی دراوە بۆ ساڵی پێشوو، بەو شێوەیە، دیارە بەم ماددەیەش ئێمە دەتوانین سندووقی زەمان، پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ کرێکاران بتوانین دروست بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ تێبینی لەسەر ماددەیە هەیە؟ تاکو ناوی بنووسین، تەنیا دوو کەس، هاژە خان و سۆزان خان، فەرمووو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاپۆرتی لیژنەی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دا هاتووە کە موفقتەرەحیان هەیە بەوەی کە ئەو پێناسانە زیاد بکرێت، ئەگەر لەسەر ئەو پێناسانە زیاد بکەین وابزانم پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو ماددانە دەبێ ئەو پێناسانە زیاد بکرێت لە ماددەی یەکەم کە پێناسەی (العامل و المستخدم و البطالة) ی کردووە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، لیژنەی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، بۆیە پێویست دەکات ئەوە پێشتر و پێش ئەوەی بچینە سەر هەموار کردنەکە ئەوانە موناقەشە بکرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پرسیارێکم هەیە و لەسەر ئەساسی ئەو پرسیارە دەتوانم پێشنیارەکەی خۆم پێشکەش بکەم، من دەمەوێ بزانم لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئاخۆ ئەو سندوقەی کە باسی دەکەن هی موئەسەسەی زەمان فعلەن عامل لەلای ئێمە زەمان دەکرێت، ئەو حاڵەتە هەیە خاوەن کار خۆی بچێ تەوعیەی عامل زەمان بکات بۆ ئەوەی ئێمە مەبلغەکە بزانین و تەحدیدی 30٪ یەکەی بۆ بکەین، بۆیە لەسەر ئەو ئەساسە ئێمە ماوەیەکی تر بودجە دێتە پەرلەمانەوە دەبێ بزانین ئەو مەبلەغە چەندە؟ چونکە ئەمە ناکرێ لە گۆترە بێت، چونکە حاڵەتێك هەیە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا ئەو حاڵەتە زەمان کراوە بە حاڵەتی ئیجباری، بەڵکو هەرکەسە بە ئارەزووی خۆیەتی کێشەیەکیشمان هەیە کە یەعنی هەیە خاوەن کار هەیە کرێکارەکانی لای خۆی زەمان ناکات، یەعنی وەکو ئەوە وایە کە بەڕەش

ئیشیان پێ دەکات لەلای خۆی، بۆیە ئەگەر ئەو ماددەیە دانەنێین کەوا هەموو خاوەن کارێك ئیجبار بکەین کە کرێکارێکی هەبێ هەتا چەند کرێکار، ئەوانە بە ئیجباری زەمان نەکرێت هەتا تەنانەت دانانی ئەم بڕگەیە و لە دانانی 30٪ یەکەش هیچ مەعنایەکی نابێ و سوودی نابێ بۆ خودی کرێکاران خۆیان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب (وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە زەمان ئێستا لە کوردستان هەر پرۆژەیەك سێ کرێکار و زیاتری هەبێ مەشمولە بە زەمانەوە و ئەوە ئیجبارییە، لیجانی تەفتیشمان هەیە ئەوە ئامارم هەیە و کە چەند هەزار سەردانی لیژنەی تەفتیشمان هەیە بۆ پرۆژەکان، چەند پرۆژە هەیە دابین نەکراوە ئەو کرێکارە و ئەو هەر خاوەن کارێکیش کە کرێکار دابین نەکات دەستەبەری نەکات ئەو کاتە ئێمە مەلەفاتمان هەیە و دەیدەین بە دادگا و غەراماتیشمان هەیە، پێم خۆشە هەر کەسێك داوای زانیاری بکات ئەوا ئامارمان هەیە و ئیجبارییە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە لێرە داوامان کردووە و لە کۆنفرانسدا سەندیکای کرێکارانیشمان لەگەڵ بووە و ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزیشمان لەگەڵ بووە و وتوومانە ئەو ژمارەیە ئێستا لە سێ کرێکار زیاترە و لەوێ کرێکار دەست پێ بکات، بەڵام هەمووتان دڵنیا دەکەمەوە ئیجبارییە و لیژنەی تەفتیشیش سەردانی پرۆژەکان دەکات و ڕۆژانەش ئێمە کرێکار دەستەبەر دەکەین و خزمەتەکەی دەستەبەر دەکەین و ساڵانە کرێکاریشمان هەیە خانەنیشین دەکرێت و ساڵانە ئێمە ئامارمان لایە ئەو کرێکارانەی کە تووشی پێکان دەبن لە سندوقی زەمان بۆی سەرف دەکرێت و ئەو ڕێژەیەش من داوا دەکەم مەفتوع بێ 30٪ یەکە، ئاماریشمان هەیە چەندێکمان هەیە لە سندوقی زەمان هەولێر و سلێمانی و دهۆك و چیش لەو سندوقە سەرف دەکرێت بۆ کرێکاران، هەموویمان لایەو  هەرکەسیکیش داوای ئامار بکات ئێمە ئامادەی دەکەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیر باسی لەوە کرد کە هەموو ئەو کرێکارانە سەردانیان کردوون کە خاوەنیان هەیە و ئەوانە زەمان دەکرێن ئەی ئەوانەی کە کرێکاری بیناسازی کە ئەمان وایان ناو ناون ئەوانە خاوەن کاریان نیە، لەبەرئەوە زەمان ناکرێن، ئێمە ئەگەر بێین سەیر بکەین زۆربەی کرێکارەکان و ئێمە زۆر کارگەمان کەمە ئەوەی لە کارگەکاندان تەعینن، یەعنی پێویستیان بەوە نیە زەمان بکرێن، ئەوەی کە زۆر کەمە کە ئەمە کرێکاری بیناسازی نەگرێتەوە توێژێکی زۆر کەم دەگرێتەوە کە بەڕاستی وەك ئەوە وایە هیچی وامان

نەكردبێت، ئەمە یەك، پرسیاری دووەمم لە بەڕێز وەزیر ئەوەیە كە ئەو زەمانەی كە پێشتر وەرگیراوە چووەتە چ داهاتێكەوە، بۆمان ڕوون بكاتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من دوو تێبینیم هەیە، یەك لەسەر پرسیارەكەی سۆزان و هاژەخانیش باسی كرد، حیساب كردنی ئەو 30٪ ە زۆر ئاسانە، چونكە لە سەری ساڵ سندوقەكە مادام هەیە و لە مودیریە و لەوێ تەرتیباتە دەتوانن هەر وەختێك مەبلەغەكە تەحدید بكەن، كە تەخمیناتی خۆی بۆ میزانیە دەنێرێت وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی دەتوانێ بڵێ بۆ مەعلوماتتان و بە پێی فلانە مادده یاسای زەمان ئەوەندە مەوجودی ئیشتراكاتی سندوقەكەیە و ئەوە دەتوانێ زۆر بە ئاسانی بەهەر شێوەیەكی تر هەبێت، یەعنی تۆ وتت سندوق هەیە یان نا خۆ دەبێت لەوێ تۆمار كرابێت لەو ساڵە چەند پارە هاتووە، ئەساسەكە چەند هاتووە دەتوانن بكەن، یەك، دوو/ بەڕێزان با واقعی بین ئەوەی جەنابی وەزیر وتی ڕاستە 100٪ و قانونیش ئیجباری خاوەن كار دەكات كە هەر عەقدێكی لەگەڵ یەك كرد پێی بڵێ بە پێی یاسا من مولزەمم پێت بڵێم و دەبێ خۆت دەستەبەر بكەی، بەڵام واقعەكە وا دیاری كردووە كە هەر خودی كرێكاریش لێرە گوناح بارە و هەندێ جار خاوەن كاریش، هەتا لیژنەكانی كە باسیان كرد كە هەندێ لە ئەندامانی لیژنە باسی ئەشكالیاتی خۆیان كرد لەوە، خاوەن كار بەو شێوەیە لەگەڵ كرێكار باس ناكات بڵێ ئەرێ كاكە دەبێ چوار لە سەد لە راتبی تۆ ببڕدرێت، بۆ چیە؟ پێی دەڵێ من نازانم بۆ حكومەتە بە نموونە دەڵێت دەتەوێ یان ناتەوێ؟، ئەگەر ناتەوێ ........ .

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام ئەو تەفسلاتە ئێمە لە .. كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە ئەم یاسایە تایبەتە بە كەرتی تایبەت، حەز دەكەم هەمووتان بزانن، یەعنی شامل نیە بۆ هەموو كرێكاران، پێشتر بۆ خۆتان دەزانن كەرتی گشتی كرێكاری تیا نەماوە بە بڕیارێك كە بڕیاری 150 یە هەموو كرێكاری كوردستان كراونەتە فەرمانبەر، بۆیە ئەمە تایبەتە بە كەرتی تایبەت و كەرتی تایبەتیش لە كوردستان دا بەڕاستی نەبوژاوەتەوە، بۆیە لێرەوە من پشتیوانی ئەو قسەیەی كوێستان خان دەكەم، سوپایەك لە كرێكاران لە دەرەوە چاوەڕوانی ئەم یاسایەیە كە من دوو، سێ جار پێش ئەم خولەش بۆ خۆم بە نوێنەرایەتی كرێكاران هاتوومەتە ئەم پەرلەمانە، بۆیە داوا دەكەم زۆربەی پێكهاتەی میللەتەكەی ئێمە كرێكارە، بەڕاستی كرێكاری مەیدانە و كرێكاری بیناسازیە و كرێكاری

بینا و مەشاریعە، بۆیە دەکرێ لەم یاسایە بەڕاستی لە شکلێ لە شکلەکان یاساییەکان یان ڕەئی ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان جێگایەك بۆ ئەو کرێکارانی بیناسازی بکەینەوە، ناکرێ هەروا بڕۆینە دەرەوە و لەم یاسایە بێ بەشیان بکەین، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەکەم هەر دوو لیژنەی بەڕێز کە ئێستا لێرە دانیشتوون بەڕاستی حەلێکی جەزری بۆ مەسەلەی کرێکارانی بیناسازی بدۆزنەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە مومکینە ئەوەی زیاتر لەو قتاعە ئیش دەکەن ئەوانە باشتر بزانن، بەڵام کرێکارێکی بیناسازی کە هەر ڕۆژێك لە شوێنێکە، یەعنی خاوەنێکی دائیمی نیە، دوو ڕۆژ ئیش دەکات و دوو ڕۆژ ئیش ناکات، عادەتەن بۆ زەمان دەبێ کرێکار بۆ خۆی بەشێك بدات، عادەتەن ساحیبی کاریش بەشێك بدات، بەڵام ئەوەی کە لە قتاعێکی حکومی ئیش ناکات یان لە قتاعێکی ئیش ناکات، ڕۆژانە کرێکاری بۆ ئەم و ئەو دەکات بۆ بیناسازی، خۆشم سەرم لێی دەرناچێ چۆن دەتوانن زەمانەت بۆ ئەوە تەمین بکەن مەسەلەن، دوایی قسە بکە، پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بڕوای من ڕاستە ئەم هەموار کردنە ئەوەی کە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە لە هەندێ خاڵی دا ئیجابیاتی تیایە و دەتوانێ وەکو ئەو هاوڕێیانە باسیان کرد گوزەرانی ئەو کرێکارانە باش بکات کە کرێکار نین، بە پێی قانون موزەفن و لە کەرتە حکومیەکان دان، بۆیە من ڕام وایە بۆ ئەوەی ئێمە شتێك نەکەین کە دواتر چاوەڕێی هەموارێکی تر بین وەکو کاك کاردۆ ئاماژەی پێی کرد کە پرۆژەیەکی تریش پێشکەش کراوە، ئەم پرۆژەیە چۆن ئێمە نموونەی پرۆژەی ترمان هەیە و بە نموونە پرۆژەی لێبوردنی گشتیە کە ئەوەی کە پێشکەش کرا لەگەڵ ئەوەی ڕاپۆرتی پێ ئامادە کرا زۆر جیاواز بوون لەیەك، بەڵام کۆك بووین لەسەر ئەوەی کە شتێك بێت لە بەرژەوەندی گشتی دابێت، بۆ ئەمەش بە هەمان شێوە ئەمە جارێکی دیکە ئەم داوای هەموار کردنەی کە ئەنجومەنی وەزیران ناردوویانە ببێ بە دەرفەتێك بۆ ئەوەی زۆربەی ماددەکانی تر کە دەتوانین چاکسازی تیا بکەین و دەتوانین وابکەین کە هەموو کرێکاران بگرێتەوە مادام هەر کرێکارێك بێت ئەوەی بەڕێزیشت باست کرد کە بیناسازیە و هەر ڕۆژەی لە شوێنێکە حەقی هەیە بەسەر ئەم وڵاتەوە و لە کاتی ئیعاقە بوونی یان لە کاتی کێشەیەك کە تەقاعودی هەبێت، یاخود زەمانی هەبێ، بۆیە دەکرێت بەو شێوەیە ئەم یاسایە وا ڕێك بخەینەوە کە بە تەنیا بۆ حاڵەتێکی دیاری کراو نەبێ و بە تەنیا نەڵێین هەموارمان کردووە و دواتریش بەرژەوەندی گشتی کرێکارانی لەبەرچاو نەگرتبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی له ڕاستی دا ئێره جێی ئەو موناقەشاتانه نیه، چونکه له لیژنەکان پێویسته ئەم مەسەلەیه باس بکرێت، بەڵام بۆ کرێکاری بیناسازی مەسەلەن هەر ڕۆژەی لای یەکێکه، کێ له جیاتی ساحب کار ئەوەی بۆ دەدات؟، د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمه لێره ئەو یاسایەی کەوا هەمواری دەکەین سەبارەت به ماف و ئیمتیازاتەکانی کرێکاره، بەڵام خۆتان دەزانن پێویسته یاسایەك هەبێ که پێشتر ڕێکی خست بێ و کرێکار کێیه؟ دیاره ئەمه یاسای کاری ژماره 151 ی ساڵی 1970 ئەمەی ڕێك خستووه، بەڵام ئەمه وەکو باسی کرد کاك سەرداریش به بڕیاری 150 ئەمه ڕاگیراوه و له قتاعی عام، له قتاعی خاس ئایا کاری پێکراوه، لێره ئەگەر بێتو ئەمه ڕێك نەخرابێت پێشتر و به شێوازی کارکردنیان و عەقدەکانیان و کێن ئەوانه دەیگرێتەوه و ئێمه ناتوانین لێرەدا ئەوه بکەین، بۆیه پرسیارێك له بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەم ئەو بڕه پارەیەی که باسی دەکات له زەمان دا که وەرگیراوه که ئایا به پێی یاسای کار وەرگیراوه؟ ئایا ئەو کەسانەی کەوا پارەکەیان داوه چ خاوەن کاره و چ کرێکاره توانیویانه سوود لەو پارەیه وەربگرن له دواتر دا که داویانه؟ چونکو به پێی یاسایه کرێکارێك دوای ماوەیەك کاتێك واز له کارەکەی دەهێنێ ئەگەر بچێته قتاعی عامەوه لەوێ دەتوانێ خزمەتەکەشی بگوازێتەوه، ئایا ئەوانه جێ بەجێ کراوه؟ من پێم وانیه ئەمه کرابێ، ئەگەر کرابێت بەڕاستی پێمان خۆشه جەنابی وەزیر بۆمانی ڕوون بکاتەوه، بۆیه پێویسته پێشتر قسه لەسەر ئەوه بکرێت لەوێ ڕێك بخرێت ئینجا بێین ئەوەی بیناسازی و ئەوانی تریش بێ گومان بخرێنه یاسایەکەوه و، بەڵام به پێی یاسایەکەی تر ڕێك بخرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی باسکرا سەبارەت به کرێکاری بیناسازی له هەرێمی کوردستان له ڕاستی دا گرفتێکه پێویسته گفتوگۆی لەسەر بکەین تا هەوڵ بدەین چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوه، چونکه ئەم یاسایه هەمواریش بکرێت زۆربەی زۆری کرێکاران له هەرێمی کوردستان دا کرێکارانی بیناسازین ئەوانیش وەکو ئاماژەی پێی درا له چەند لایەکەوه گرفتیان هەیه، به تایبەتی هەتا لەڕووی ئامادەیی ئەوان بۆ دانی ئەم مانگانەیه بخرێته ناو سندوقەوه، نا ئامادەیی هەیه، لەلایەکی ترەوه ئەوەی که پێی دەگوترێ ڕۆژانه کارکردنی ئەوان و به کاتی کار کردنی ئەوان که موشکلەی گرفتی خاوەن کاریان هەیه که چۆن ئەم مەوزوعه ئەوان زەمانیان بکات؟، خاڵێکی تر ئەوەیه که ئەو پارەیەی لەناو ئەو سەندوقه دابووه له ساڵانی ڕابردوو ئەگەر ویست بێتیان

کرێکاری بیناسازی سوودی لێ وەربگرێت ئەوان مەراسیمیان حازر کردووە و بە هەدیە پێیان داون پارەکەیان، بۆیە کرێکارانی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان کە زۆربەی زۆریان بەشی زۆری کرێکارانی کوردستان پێك دەهێنن سوود لە یاساکان نابینن پێویستی بەوە هەیە ئێمە هەوڵ بدەین ئەگەر لەناو یاسایەکەش دا نەبێت وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە ڕێگای هێنانە ئارای هەندێ میکانیزم و ڕێوشوێنی گونجاوەوە هەوڵ بدات کە کرێکارانی بیناسازی سوود لەم سەندوقە و لەم یاسایە وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بڕوام وایە ئێمە نەگەیشتووینەتە بەر بەست بۆ ئەوەی کە جارێکی تر دەرفەت هەبێ بۆ ئەوەی چاو بخشێنرێتەوە بە ڕاپۆرتەکاندا، ئەو ڕاپۆرتەی کە لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و لە پێناسەی یەکەم دا بە بڕوای من زۆر ژیرانە موعالەجەی ئەو کێشەیەی کردووە کە ئێمە قسە دەکەین لەسەری ئێستا، ئێمە گرفتی ئەوەمان هەیە ئەو کرێکارانە کە سەربەستن، کە کۆنتراکتیان نیە، چۆن بتوانرێ ئیلزام بکرێن کە بە بەردەوامی بەشێك لە داهاتی خۆیان بۆ زەمانەکە پێشکەش بکە، بەڵام ئەگەر بە پێی ئەو هەموار کردنە و ئەو ئیقتراحاتانە بێ لە پێناسەکە دەڵێت، (العامل: هو من یعمل لقاء اجر یومی أو اسبوعی أو علی اساس القطعة أو الساعة وینجز اعمالا یدویا لصالح صاحب العمل متعاقدا معە تحریریا أو شفویا) یەعنی دوو بنەما هەیە لە کارەکە دا، ئێمە دەتوانین لەسەر بنەمای کاتژمێری کارکردنی بۆی حساب بکەین، مەرج نیە کۆنتراکتەکەی بەردەوام بێ، سەعاتی کارکردنەکانی کۆدەکاتەوە لە هەفتەیەك دا و لە مانگێك دا دەیخاتە سەر فۆرمێك دەتوانین فێری ئەم میکانیزمەیان بکەین و مەسەلەیەکی گران نیە پێشکەشی بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بکرێت، ئەمە خاڵێك دووەمیش بەمە موعالەجە کراوە، چونکە ئەو کۆنتراکتەکەی زارەکیە لەگەڵ خاوەنی کارکردنەکەی دا، بۆیە پێناسەکە موعالەجەی ئەوەی کردووە کە کرێکاری بیناسازی و بوارەکانی تریش دەگرێتەوە لەم پێناسەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ لە پێشدا من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە ئەو تەعریفاتانەی لەناو ڕاپۆرتەکەی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی هاتووە بخرێتە ناویەوە بۆ ئەوەی ئێمە لەو ئەشکالیاتە ڕزگارمان بێت، خاڵی دووەم، ئەوەیە کرێکاری بیناسازی دەبێ لە ڕێگەی مەکاتبی عەمەلەوە هەم ئیشیان دەست کەوێت و هەم زەمانەکەشیان

بکرێت بۆ ئەوەی ئەم کارە ڕێك بخرێت، مەکاتبی عەمەلمان نەبێ هەرکەسە و بە تاقی تەنیا خۆی بچێتە سەر کارێك ئەم حاڵەتە دروست دەکات، ئیللا دەبێ ئێمە یاسای کار بگۆڕین و مەکاتبی عەمەل دروست بکەین، بەڵام هەر ئیسباتەن بۆ قسەکانی خۆم کە کردم لەوەوە و پێش و باسی ئەوەم کرد کە لە کۆی گشتی ئێمە چەند کرێکاری مەزمووننمان هەیە و چەندێك کرێکاری نامەزمونمان هەیە؟، نەك 40٪ ە زۆر لەوەش کەمترە، ڕێژەی ئەوانەی کە مەزمون نەکراون زۆر زۆر زیاترە، بە پێی ئەم ڕاپۆرتە و ئەو خشتەیەی کە لەبەردەستی من دایە هینی وەزارەتە، لە هەولێر 3417 زەمان کراوە، 875 کەس زەمان نەکراوە، کۆی گشتی لەسەردانەکان کە کراوە، یەعنی بەهەرحاڵ من دەتوانم پێتان بڵێم خەڵك لێرە کرێکار زەمان ناکات، خاوەنی ئیش کرێکارەکەی بە ئیجباری زەمان ناکات بۆیە ئێمە ئەو ئەشکالەمان هەیە، بۆیە ئێمە ئەگەر باسی ماف دەکەین دەبێ لە پێشدا مافەکە لەلایەن خاوەن کارەوە تەلاعوبی پێوە نەکرێ و پێی نەوترێ ئەم 4٪ ە لە تۆ دەبڕدرێ بۆ حکومەتە و دەچێتە گیرفانی حکومەتەوە و بەڵکو دەبێ تێ بگەیەنرێ کە ئەمە بۆخزمەتی خۆیەتی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بمانەوێ چارەسەری کرێکاری بیناسازی بکەین حەق وایە کرێکاران یەکەم جار تەوعیە بکرێن لەلایەن ڕاگەیاندن و وەزارەت و سەندیکاکانەوە و ناوی خۆیان بنووسن و خۆیان زەمان بکەن و 5٪ ەکەی ڕاستە لەوانەیە ڕۆژێك کە چونکە مووچە نیە و کە مانگانە نیە هەر ڕۆژەی برە پارەیەك وەردەگیردرێت و کرێیە و ئەو کرێیە دەتوانی معەدەلی ئەو مانگەی بڵێین کە چەندی وەردەگریت و بڵێین 5٪ی کرێکار بیدات و خۆی زەمان بکات، هەویەی هەبێ، ئەوە یەك، دوو: لە ماددەی دووەم هاتووە لە یاساکە دەڵێ نسبەی (4٪ من الاجور علی دائرة العمل والضمان الاجتماعی) ئەوە کە دیاری کردووە لە پرۆژە یاسایە عەلا ئەساس دەبێ حکومەت لە جیاتی خاوەن کار بیدا کە پێویستە خاوەن کار 12٪ ی بدات لە بۆ کرێکاری کە لەلایەتی و کرێکاریش 5٪ ی بدات، ئێستا لێرە لەو نیسبەیە حکومەت هەستاوە لە 17٪ لەو پرۆژەیە یاسایە کردوویەتە ئەوەی کە دەبێ خاوەن کرێکارەکە 5٪ بدات خاوەن کار یارمەتی دراوە، ئێمە لە دژی خاوەن کار نین، خاوەن کار وەزعی ماددی زۆر باشە، لە جیاتی ئەوەی خاوەن کار 4٪ عەفو بکەین، حەق وایە حکومەت لە جیاتی خاوەن کار 4٪ ەکەی بدات، حەق وایە حکومەت ئەو 4٪ لە جیاتی ئەو کرێکارەی بیناسازی بکات کە خاوەن کاری نیە ئەو کاتی چارەسەر بکرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە بیر بكەینەوە لە بەستنی كرێكاری بیناسازی و كەرتەكانی تریش كە ڕێك نەخراون لە كارگە و شتی وادا، بە قەناعەتی من یەك ڕێگا هەیە دامەزراندنی كۆمپانیای كرێكاران كە ئەو كرێكارانە لای كۆمپانیاكان بن و هەم كرێكارەكە بەشی خۆی بدات و هەم كۆمپانیاكە بەشی خاوەن كار بدات و هەم ئەوەی تریش دەچێتە دەوڵەتەوە و بەس بەو ڕێگایە دەتوانین دەرچین و سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامیەكەم لەسەر ئەوەیە هەموو ئەو قسانە ڕاستن، بەڵام ئێمە ئێستا موناقەشەی یەك بڕگە دەكەین لە پڕۆژە یاسایەك، ئەوانەی باس كرا خۆ ئێمە لە بەشی یەكەمی ڕاپۆرتی ئێمە تەقریبەن هەمووی باس كراوە، ئێمە ڕێزمان گرتووە لە ڕێوڕەسمی ناو پەرلەمان وتوومانە پڕۆژە یاسایەك هاتووە ئێمە بە بڕگە بچین كە تەواو بوو ئەوكاتە دێین ومافی خۆمانە داوای ئەو گۆڕانكاریانە و زیادانە دەكەین، هیوادارم هاوكارمان بن، بێجگە لەوەی ئێمە داوامان كردووە چارەسەری وەكو ئەو كێشانەی وەكو بیناسازی و ئەوەی خاوەن كار خۆشی تێدا بێت، بۆیە پێشنیار دەكەم بگەڕێینەوە موناقەشە كردنی بڕگەكانی یاسای ئەسڵی، بەڵام تێبینیەكانمان لەسەر ئەو ئیزافاتانە بێنین بۆ ئەخیر.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر موناقەشە كرا ئاخر ڕەئی دەدەینە جەنابی وەزیر، ئاسۆس خان فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب (وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باش بوو پێش موناقەشە كردنی ئەو بڕگانە ئەندامانی پەرلەمان هەندێ زانیاریان وەرگرتایە لەسەر سندوقی زەمانەكە، بۆ ئەو بڕگەیە ئێستا ئەوەی كە لە لامە، ئەوەی كە دەچێتە سندوقی زەمانەوە سندوقێكی موغلەقە كەس بۆی نیە دەسكاری یەك دیناری ئەو بەشداریە بكات، تەنها دەسەڵاتی وەزارەتی داراییە ئەویش بە پێی پێداویستی سندوقەكە بۆ خانەنیشینی بێ بۆ ئیسایاتی عەمەل بێت، بۆ موكافەئاتی نیهایەتی خدمە بێت، بۆ ئەو كرێكارانەی كە مەشمول نابن بە مووچەی تەقاعودی، ئەو بڕەی كە هەیە ئێستا هی ساڵی 2011 ( 18,999,971 هەژدە ملیار و نۆسەد و نەوەد و نۆ دینار و نۆ سەد و حەفتا و یەك) واتە ئەم 18 ملیار زیاترە، ئەوەی كە هاتووەتە سندوقی زەمانەوە بە دینار و بە فلس و بە هەموو

شتێكیەوە دانراوە، واتە ئێمە كە لە بودجەكە دیاری دەكرێت 30٪ ی ئەم مەبلەغە دەبێت، ئەندامانی پەرلەمان دڵنیا دەكەمەوە ئەم سندوقە لە دەسەڵاتی وەزارەت نیە تەنها لە دەسەڵاتی ئەو ئەنجومەنە و دەسەڵاتی مالیەیە، ئەوەی كە باسی كرد سۆزان خان بۆ ئەو ژمارەی ئێمە تەنها ئەوە نیە هەموو ژمارەی كرێكارانی دەستەبەر كراو نین، وەكو ئەو ژمارەی كە لەبەردەستیا بوو لە ڕاپۆرتی چالاكیەكان تەنها ئەوانەیە كە زیاراتی تەفتیشیمان هەیە، ئێمە بە دوو، سێ هەزار ئامارەكەمان لایە و لیژنەی تەفتیش سەردانی پرۆژەكان دەكات، ئەوەی كە دەیبینین واقعی حالەكە تۆماری دەكەن، مەكاتبی تەشغیلمان هەیە، مەكاتبی عەمەل و مەكاتبی تەشغیلمان هەیە ڕۆژانە ئەوانەی كە بێ كارن ناوی خۆیان دەنووسن و لیژنەی (ئیستخسا)مان هەیە كە داوای ئەوە دەكەن لە ڕێگەی ئەوانەوە هەلی كاریان بۆ بدۆزرێتەوە، سەبارەت بە كاری یاسای 151 ی ساڵی 1970 ئەوە ئیلغا كراوەتەوە ئەو یاسایەی كە ئێستا كاری پێ دەكەین ژمارە 71 ساڵی 1987 ە كە ئەوەی ئێستا كاری پێ دەكرێت، سەبارەت بە كرێكارانی بیناسازی ئەوەی كە زەرورە ئێمە بیزانین هەموومان دەزانین گرفتێكمان هەیە سەبارەت بە كرێكاری بیناسازی، بەڵام تاوەكو ئێمە نەتوانین یاسای كارێ كە ئێستا لەبەردەستمانە و وۆركشۆپمان بۆی ئەنجام داوە هەتاوەكو یاسای كارەكە كە لە ماددەی 8 دا پێناسەی كرێكار دەكات تاوەكو ئێمە كرێكاری بیناسازی لەوێ جێگایان نەكەینەوە ناتوانین پاش ئەوە ئێمە خزمەتی ئەوان دەستەبەر بكەین، بۆیە ئێستا ئێمە لە هەوڵی ئەوە داین لە ئایندەیەكی نزیك دا كۆنفرانیسێك بكەین یاسای كارەكە بخەینە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران و پاشان بۆ پەرلەمان لەوێ دەتوانین داوای هاوكاریمان لە ڕێكخراوی كاری نێودەوڵەتی كردووە كە بە چ شێوازێك بتوانین یارمەتی كرێكاری بیناسازی بدەین، چونكە چینێكی زۆرن و ژمارەیەكی زۆرن و تاوەكو ئێستا بۆمان نەكراوە، بەڵام لەبەرئەوەی یاسایەكە بواری نەداوە كە ئەسڵی یاسایەكە یاسای كارە، بۆیە ئێمە خستوومانەتە دیراسەت و داوای هاوكاریشمان كردووە و داوای پەسەند كردنی ئەو ماددەیە دەكەم كە 30٪ ی ئەو بەشداریە بێ و سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

داوا لە لیژنەی هاوبەش دەكەم هەموو ئەو تێبینانەی پەرلەمانتارە بەڕێزەكان لای خۆیان تۆمار بكەن، دوایی لە سیاغە كردنەوە موراعاتی بكەن، هەموو ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەش كە تێبینی تریان هەیە بیدەنە لیژنەی هاوبەش فەرموون بۆ ماددەیەكی تر كاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم وابزانم کێشەمان نەما، بە تایبەتی حکومەت کە پشتگیری ئەو سیاغەی کرد کە لیژنەی یاسایی دایناوە، هەتا کێشەمان بۆ دروست نەکات و دوو، سێ ئەندام قسەیان کرد لەسەر بابەتە هەتا بە ئاسانی بڕوات لە کاتی دەنگدان لەسەر ماددەکان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم لە ئەسڵی پرۆژەکە:

یوقف العمل بالفقرة ب من المادة 27 من قانون التقاعد والضمان الاجتماعی للعمال رقم 39 لسنة 1971 فی اقلیم کوردستان - العراق ویحل محلها ما یلی:

ب/ تتحدد نسبة إشتراكات الادارات واصحاب العمل عن عمالهم المضمونین علی النحو الاتی:

1/ نسبة 8٪ من الاجور علی جمیع الادارات واصحاب العمل ما عدا اصحاب العمل الذین استثنی من احکام المادتین الاولی والثانی من القانون رقم 101 لسنة 1964 المعدل.

2/ نسبة 4٪ من الاجور علی دائرة العمل والضمان الاجتماعی وتوزع هذه النسبة کما یلی، 3٪ لفرع الضمان الصحی و 2٪ لفرع الضمان اصابات العمل و 12٪ لفرع ضمان التقاعد.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر دەرفەتم بدەی تەنها تەوزیحێك بدەم، ماددەی 27 باسی ئەو پارەیە دەکات ئەوەی دەبێت بدرێت ئەوەی دەستەبەر کراو، کرێکار 5٪ دەدات و حکومەت 12٪ لەو داواکاریە پرۆژە یاسای حکومەت، حکومەت دەڵێ من ئامادەمە 4٪ لەو 12٪ ەی خاوەن کار لای خۆمەوە بیدەم، ئەمەیە ئەساسی ئەو ماددەیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی کۆمەڵایەتی ڕەدمان کردووە، ئێمە دەڵێین ئەگەر حکومەت بیەوێ با هاوکاری کرێکار بکات، داعی نیە 4٪ لە باتی ساحبی عەمەل بدات، ئێمە ئەوەمان ڕەد کردووە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە لیژنەی یاسایی دوو ڕا هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، یەکەمیان/ بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە:**

**المادة الثانية: هنالك رأيان حول المادة (27):**

**الرأي الاول: الفقرة (2) من المادة: تقترح الغاء مقترح تعديل الفقرة استنادا الى معايير منظمة العمل الدولية ووفق أسس المعايير الدولية بحيث انه تم استلام هذه النسبة من اقسام الضمان.**

**الرأي الثاني: تؤيد تعديل الفقرة.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی؟ فەرموو.**

**بەڕێزد.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لە ڕاپۆرتەکەمان ئاماژەمان بەوە داوە کە ناتوانین لەسەر ئەم ماددەیە بڕیار بدەین، لەبەرئەوەی لە ئەسڵی ماددەکە لەناو پرۆژە یاسایەکەی حکومەت دا نەهاتووە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ تکایە ناوتان بڵێین بۆ ئەوەی ناوتان تەسجیل بکەم، کاروان صالح، دڵشاد حسین، سیوەیل عثمان، دلێر محمود، عمر هەورامی، کاک کاروان فەرموو.**

**بەڕێز کاروان صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من حەز دەکەم هەندێ لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەو ماددەیە هەندێ تێبینی بدەم، ئێمە لە وڵاتانی پێشکەوتوو، و لە وڵاتانی دەوروبەریش هەندێ ئەو مەسەلە یەکلاکراوەتەوە لەلایەن وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی، هەندێ مەکاتبی تایبەت دەکرێتەوە بۆ ئیشراف کردن لەسەر ئەوەی کە بزانێ کێ کارگەرە و کێ کرێکارە بۆ ئەوەی هەر کەسێ ژمارەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، کۆدێکی هەیە هەر کرێکارێک لەو دنیایە، بەس لای ئێمە وەکو کاک سەردار باسی کرد، جەیشێکمان کرێکار هەیە و هەموو کرێکاری ونن، شەهید دەبێ لەناو ئیش و کارەکەی دا، دەبێتە قوربانی زۆرجار کەس نازانێ، لەبەرئەوەی کەسوکارەکەشی خۆشی ئەوەندە بە ئاگاو وشیار نیە موراجەعەی دەستە و دایەرەکان بکات، بە ڕێی من وەزارەتی کار حەق وایە هەندێ مەکاتب بە کەرتی تایبەت بسپێرێ کە ئەوە لە ئەوروپا بۆ نموونە لە هۆڵەندا (ئەوزەنبیرۆ)ی پێی دەڵێن، کە ئەو مەکاتبانە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە وەزارەتی کارەوە هەیە، ڕۆژانە مەعلوماتی خۆی لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە دەداتە وەزارەت کە ئەوەندە کرێکارە چووەتە ئیش لەڕێگەی ئەو ناوانەی کە چوونەتە ئیش وەزارەت دەتوانێ باشتر زەمانەتی ئەوە بکات ئەو ساحێب کارە ئایا مافی ئەو کرێکارە دەستەبەر دەکات یان نا؟ دەستەبەری تەندروستی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەموو لە ڕێگای ئەوانەوە**

کۆنترۆڵ دەکرێت، بۆیە ئێمە بەڕاستی حەق وایە ئەو وەزارەتە بەڕێزە و جەنابی وەزیر بیر لەوە بکاتەوە لیژنەیەکی پسپۆر بۆ ئەو مەسەلە دابین بکات، هەندێ ئەرك بە کەرتی تایبەت بسپێرێ، بەڵام ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتەکەی بەڕێزیانەوە ئیشراف بکرێت، هەندێك کاریش هەیە کە لەلایەن وەزارەتی بەڕێزیانەوە کە لە ئەوروپا ئەویش پێی دەڵێن (ئەربائیزدیرۆ) کە خۆی دەستی کار بۆ کرێکار دەبینێتەوە، کەواتە کە خۆی ببینێتەوە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ دەکات و دەستەبەری تەندروستی بۆ دەکات، هەموو ئەو لایەنەش ڕێك دەخرێت، ئەگەر مەبەست ئەوەیە ئێمە ئەو یاسایە هەموار نەکەینەوە بۆ ڕێك خستنەوەی ئەو بوارانەیە کە پێویست بە هەموار کردنەوە دەکات، حەق وایە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی خۆی لەو بوارە هەندێ شت بدات بە کەرتی تایبەت و هەندێکیشی خۆی ئیشرافی بکات بۆ ئەوەی ئیحسائیەکی بۆ دەرچێت، تا ئێستا ئێمە نازانین چەند کرێکارمان هەیە لەو هەرێمە و چەند دەستی کار هەیە ڕۆژانە ئەو (فابلیك)س و کۆمپانیا نوێیانەی دێنە ئێرە چەند کرێکار ژیانی بۆ دابین دەکرێت و چەندی حەیاتی لە خەتەردایە؟، چەندی ڕۆژانە مافەکانی پێشێل دەکرێت لەلایەن خاوەن کارەوە؟ بۆیە ئەوە پێویست بەوە دەکات ئەو ئەرکە بە وەزارەتی کار بسپێرین و خۆشیان لە هەموار کردنەوەی هەر بڕگەیەك لەوانە پەرلەمان لەبەردەستیەتی و ئێمەش بتوانین هاوکاری بین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە کە لە ماددە ئەسڵیەکەش دا هاتووە، لە ماددە ئەسڵیەکە فەرعێکی تیایە کە پێی دەڵێن (فرع الضمان الخدمات) ئەمە لابراوە، لەم تەعدیلە، من دوو پرسیارم هەیە، یەك/ فەرعی زەمانی سحی و فەرعی زەمانی ئیسابات عەمەل، فەرعی زەمانی تەقاعود، ئەی فەرعی زەمانی بێ کاری؟ یەعنی مەسەلەن ئەو فەقەرەیە ناکرێت بخرێتە جێگەی خەدەمات و ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت؟ بۆ نموونە لەم سندوقە ئەو کرێکارانەی بێ کار دەبن لە کاتی لە دەستدانی کارەکانیان دا سندوقێك نیە زەمانیان بکات و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە چ سندوقێك پارەی بێ کاری دەدات؟ دوو/ پرسیارم ئەوی ترم هەیە فەرعی زەمانی تەقاعود بۆ فەرمانبەرانی دەوڵەت لە 7٪ (ئیستیقتاع) یان لێبڕیوە بۆ تەقاعود, بۆچی لێرەدا کرێکاران 12٪یان دەڕوات بۆ فەرعی زەمانی تەقاعود؟, یەعنی بۆچی دەوڵەت لە 7٪ لە کرێکاران دەبڕێت؟, وەکو من دەزانم و ئەوەی بیستوومە بۆ لێرەدا لە 12٪یە؟ ئەوەیان پرسیارە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ئەو ماددەیە کە پێشتریش باسم کرد, ئەو لە 8٪ و لە 4٪ بۆ خۆی پێویستە خاوەنکار بیدات, بەڵام ئەگەر حکومەت دەیەوێت یارمەتی خاوەنکار بدات, خاوەنکار وەضعی ماددی باشە, هەرچەندە ئێمە دژی خاوەنکار نین, بەس زۆرتر لایەنی کرێکار دەگرین, لەبەرئەوەی کرێکارەکە هەژارە و کەمدەرامەتە, بەڕای من ئەو 4٪ەی کە تازە پێشتریش باسمکرد ئەو 4٪ە ببێتە 8٪ هەر 12٪ەکە بێت خاوەنکار بیدات, 4٪ەکەی کە حکومەت دەڵێ من دەیدەم, پێشتر حکومەت 30٪ی دایە بۆ سندوقەکەی, یەعنی پێشتر حکومەت 30٪ی دایە ئێستاش هاوکاری خاوەنکار دەکات 4٪ی لەجیاتی دەدات, لەبەرئەوە پێشنیارم ئەوەیە ئەگەر حکومەت 4٪ەکەی دەدات, باخاوەنکارەکە 12٪ەکەی بدات, ئەگەر حکومەت دەیەوێت 4٪ بدات, با لەجیاتی لەبڕی ئەو کرێکارانە بیدات کە کرێکاری بیناسازینەو خاوەنکاریان نیە, نەك لەجیاتی ئەوەی کە خاوەنکارە و عەفووی دەکەن لە 4٪ەکە, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو هەموارکردنە کە بۆ ماددەی 27ی یاسای خانەنیشین هەموارێکی ترە, ئەو لە 4٪ ە کە حکومەت دەیدات, دەستی خۆش بێت, بۆیە ئەگینا لە 17٪ەکە کە 5٪ی کرێکار داویەتی, 12٪شی خاوەنکار داویەتی پێشتر هەر هەبووە, بەڵام تاکو ئێستا لە کارگەکاندا بەوشێوەیە خەڵك بۆ نەچووە ئەو شێوەیە بکات, یاخود لیژنەکان چۆن کە لە کارگەیەکدا 10 کرێکاری تێدابێت, وتیەتی 10 کرێکاری تێدایە (ئەحمەد –مەحمود –مارف) هەر ناوی سیانیشی نەنووسراوە لەو کاتەدا, کەس نازانێت زەمانەتەکەی وەرنەگرتۆتەوە, کەواتە ئەوە چیە؟ وشیاری لای کرێکاران نیە, بۆ ئەوەی بچێت زەمانەتی خۆی بکات, چی وشیاری پێ دروست دەکات؟ لەوکاتەی کە کرێکارانی کەرتی بیناسازی ئەگەر ڕێگایەکیش بۆیان بدۆزرێتەوە, یاسای کاریش بۆ ئەوەش پشت بە تەعدیل کردنی یاسای کار ببەسترێت, دەبێت یاسایەکی کار هەبێت, ئەگەر ڕێگایەك بۆیان بدۆزرێتەوە ئەوانیش شمول بکات, ئەو کاتە زیاتر وشیاری دەبێت بۆ کرێکاران چ لە کارگەکاندا, چ لە کەرتی بیناسازی دا بچن, بۆ نموونە: چۆن یەعنی تێکڕای کرێی ساڵانەی ساڵێك, ساڵێك ئەگەر تۆ هی کرێکارێك حیساب بکرێت خۆی ئەو کرێکارەکە کە وەختێك دەچێتە لای وەستایەك, لای بیناسازی کارەکە, دەڵێ من مانگەکە ئەوەندەم هەیە, ڕۆژانە ئەوەندەم هەیە, خۆشم ئەوەندەی دەدەم, تۆش کە خاوەنکاری ئەوەندەی دەدەی, ئەوساکە با ئیتیفاق هەبێت و, هەروەها کە بوو بەئیتیفاقەکە خۆی مانگانە دەچێت یاخود ساڵانە بە شەش مانگ جارێك دەچێت, ئەو زەمانەی خۆی دەدات ئەمە لەلایەکی ترەوە, هەم دیسان ئەوەش دەبێتە هۆی وشیاری ئێمە کە دەمانەوێت خزمەتی کرێکاری پێبکەین, دەبێتە هۆی وشیاری بۆ کرێکاران دەنگیش دەداتەوە لەناو کرێکاراندا, کرێکارانی کەرتی تایبەتیش لە کەرتێکدا کە ئیش دەکەن, لەو کەرتەیە ئەگەر بێت و زەمانی نەبێت و زەمانی بۆ نەدرێت و بەناوی سیانیەوە نەبێت قبوولی ناکات,

ئەویش بەهەمان شێوە بچێتە ئەو شوێنە کە هەیە، ئینجا بەنسبەت دەڵێن مەکتەبی عەمەل، مەکتەبی عەمەل ئێستا نیە، وەکو وتمان ئەو تێکڕای کرێی ساڵانەیە، دەتوانرێت حیساب بکرێت، خاڵێکی تر هەیە کە لەوەی خوارەوە ئیشارەتی پێنەدراوە، دەڵێ ئەوەی هەرخاوەنکارێك یاخود کرێکارەکە لەوەی کە حکومەت هاتووە، ئەگەر بێت و مانگانە دوابکەوێ، هەموو مانگێك لە2٪ی غرامە دەچێتە سەر، خۆی بەڕاستی ئەوە شتێکە ئەو لە 2٪ە کە دەچێتە سەری مانگانە کە دوابکەوێ بچێت پارەکەی دەفع بکات، حەقە لە 6مانگ جارێك بێت، چونکە زۆربەی کات خاوەنکار پارەکەی لەو مانگەیەدا نیە، یەعنی لە 6مانگ جارێکدا غرامەی 2٪ە بچێتە سەر نەوەکو هەموو مانگێك، لەبەر ئەوەی زۆر لە خاوەنکارەکان زۆر لەوەدا ناڕازین، وە زۆربەی کاتیش کە کرێکار زەمان ناکەن لە کەرتی تایبەتدا ئەوەیە دەڵێت پارەیەکی زۆر دەکەوێتە سەرم، چونکە خاوەنکار دەشێت لەوکاتە لەومانگە پارەی بەدەستەوە نەبێت، با 6مانگ جارێك ئەو پارەیە بدات ئەو زەمان بدات بۆ بچێت بۆ فەرمانگەی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی؟، لەو 6مانگ جارە ئەگەر چوو دواکەوت لەدوای 6مانگەکە لە2٪ی بخرێتە سەر، سەلامەت بی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر هەورامی فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕایەکەی بەڕێزان لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەم، لەبەرئەوەی ئەگەر حکومەت مەبەستی دەعم کردنی کەرتی تایبەت بێت، ئەوە خاوەنکار بێت بەهێنانەوەی بڕگەی (ز) دەعم دەکرێت، چونکە حکومەت ئەگەر ئێمە دەنگ بدەین لەسەر ئەوەی کە 30٪ی کۆی پارەی سندوقی زەمان، حکومەت ساڵانە بیدات، مانای وایە تۆ دەعمی کەرتی تایبەت دەکەیت لەڕێگای ئەو بڕگەیەوە، وە ناکرێت جارێکی تر تۆ نسبەیەکی تر لەبری خاوەنکار یان لەبری شەریکات حکومەت بیدات، چونکە ئەوە وادەکات کە باری حکومەت لەڕووی داراییەوە گران بکات، وە ئیلتیزاماتی شەریکات و کۆمپانیەکانیش و ئەو پەیوەندیەی کە لەنێوان شەریکات و حکومەت هەیە کەمتر دەکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب/وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئێستا هەیە ئەوەیە کە وەردەگیرێت لە خاوەنکار و کرێکاران لە 12٪ەیە، لە 12٪ی خاوەنکار دەیدات لە 5٪ کرێکار دەیدات، لەو نسبەیە لە 12٪ی دەچێتە بواری تەقاعودەوە، لە 2٪ بۆ حیساباتی عەمەلە، لە 3٪ی بۆ زەمانی صەحیە، منیش داوای ئەوە دەکەم، لەبەرئەوەی بەڵێ لەپرۆژەی حکومەتدا هاتووە، بەڵام بەڵێ نوێنەری حکومەتم لێرەدا، بەڵام لەهەمانکاتدا من پارێزەری مافی کرێکارانم، بۆیە داوا

دەكەم ئەو نسبەیە كە ئێستا هەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە لە12٪ چۆن خاوەنكار دەیدات, لە 5٪یش كرێكار بیدات, چونكە گۆڕینی ئەو نسبەتانە لەبەرژەوەندی كرێكاران نیە, بەڵكو زەرەر بە كرێكاران دەگەیەنێت, سەبارەت بەوەی كە ئێمە كۆد و ژمارەی كرێكارانمان بۆنیە؟, ئەگەر بەڕێزان سەیری كارنامەی وەزارەتمان بۆ بكەن لە كابینەی حەوتدا ئەوەی تێدایە, كە هەمووی بە كۆد و ژمارە دەبێت, بەلاَم كرێكار هەر هەمووی ناوی تەسجیلە لەلامان, ئەگەر كۆدیشی نەبێت و ژمارەكەشی نەبێت, ئێمە ناومان هەیە و مافی نافەوتێت هیچ كاتێك و, هەروەها بۆ بنكەی بەكارخستن و مەركەزی تەدریب, ئێستا ئێمە ڕێنماییەكانمان ئامادەكردووە هەفتەی داهاتوو دەست دەكەین بەجێبەجێ كردن, مۆڵەت دەدەین بەكردنەوەی بنكەی بەكارخستن, مەكاتبی تەشغیل لە كەرتی تایبەت, هەروەها مۆڵەتمان داوە بە بنكەكانی مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی لەلایەن كەرتی تایبەتەوە, بۆئەوەی هاوكاری حكومەت بن, بەلاَم لەهەمان كاتدا لەژێر ئیشرافی وەزارەتمان بن, سەبارەت بەوەی ڕای ئەو نسبانە لە 12٪ و 5٪ەكە ڕای سەندیكای كرێكارانیش لەگەڵ ئەوەیە كە ئەو ماددەیە وەكو بەڕێزان وتیان ئەو هەموار كردنە ئیلغاء بكرێتەوە و وەكو خۆی بمێنێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی كاروباری كۆمەلاَیەتی.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا ئێمە ڕەئیمان وازیحە ڕەدی ئەو پێشنیارەمان كردووە ئێمەش باش بوو كە ئێمە و لوجنەی یاسایی و حكومەت هاوڕاین, بەلاَم هەندێك تێبینی كە ئەگەر باسكران, تكایە ڕێگام بدەن باسی بكەم, برادەرێك وابزانم كاك دڵشاد بوو باسی كرد, بۆ زەمانەی بەتاڵەی تێدانیە؟ كێشەكە لەوەدایە بۆیە ئێمە ئیقتراحمان كرد بۆ فەسڵێكی تایبەت هەبێت, لە ماددەكانی پێشوو باسكراوە كە خۆی لە ستانداردی دونیا زەمانی ئیجتیماعی (5)لقە, ئەوانە بەس (4) لقیان گرتووە كە ئەوەی بەتاڵەی تێدا نیە بە مەعلومات دوو: ئەوەی 12٪ەكە ئەو ماددەیە باس دەكات كە چۆن دابەش بكرێت, یەعنی لەو مەجموعی ئەو پارەیەی كۆ دەبێتەوە 17٪ نادرێت لەو 17٪, 12٪ بۆ تەقاعود بێت, چونكە جولەجول زۆرینەی پارە بۆ ئەوێ دەچێت و, 2٪ بۆ صەحی بێت و,3٪ بۆ ئەو هەر بۆ مەعلومات یەعنی, پاشان گۆڕینی هەندێك باسیان كرد گۆڕینی ئەوە بە ئەوەندە (5) (12) ستانداردی دونیایە, خەبیرمان لێرەیە كاك ئەمیر باش دەزانی تەقریبەن ئەسراری زۆر گەورە لەسەری دەكەن, بە تأكید ئەو خوشك و برایانەی باسیان كرد فعلەن ئەو مەنتەلەقی ئێمە بوو بۆ ڕەدكردنی ئەو هەمواركردنە ئەوە بوو حكومەت خۆی لە خۆیدا ( لایزید عن كافی بالمیە) دەدات ماڵی ئاوابێت, ئیتر بۆ ئەوی تر وەڵلاهی مەكاتیبی تەشغیل موژدەیەكی باشە سوپاسیان دەكەین هیوادارین ئەگەر پرۆژە یاسایەك هەبێت بۆ مەكاتبی تەشغیل كەرتی تایبەت زوو بۆمان بنێرن مەمنونتان دەبین, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

د. ئاراس ئێوە پرسیارتان هەبوو؟.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بكرێت لەڕێی بەڕێزتەوە سوئالێك ئاراستەی بەڕێز وەزیر بكەین پەیوەندی چیە لەنێوان ئەو لە30٪یەی كە هەیە لە ئیشتراكات لەگەڵ ئەو لە 4٪ەی كە ئێستا لێرە دەرج كراوە؟

سوپاس.

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب/وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو لە 30٪یە بەشداری بودجەی ساڵانەی حكومەتە بۆ سندوقی زەمانەكە, لە سندوقی زەمانەكە ئەوەی دەدرێت ئێستا بۆ لای هەمووان ئاشكرابێت, لە 5٪ كرێكار دەیداتە سندوقی زەمان, 12٪ خاوەنكار دەیدات, نسبەكان لە 14٪ەی ئەو نسبەیە بۆ تەقاعودە,3٪ بۆ زەمانی صەحیە, 2٪ بۆ حیساباتی عەمەلە,یەك زەمانی صەحیە, واتە ئێمە ئەو نسبانە لەهی كرێكاران لە 5٪ەكە تەنها بۆ تەقاعود دەبێت, ئەوەی كە ئەو بەشداریەی دەدرێتە سندوقی زەمانەكە, كرێكار كە توشی پێكان دەبێت لەو سندوقی زەمانە دەدرێت, كە تەقاعود دەبێت لەو سندوقی زەمانەیە, كە موكافاتی نیهایەتی خدمە دەبێت لەو سندوقی زەمانەیە و, هەروەها ئیستسمار بكرێت لەو سندوقی زەمانە بۆ پرۆژە بەپێی ماددەكان (80 - 81) ئەوانە لە سندوقی زەمانە بۆ خزمەتگوزاری بۆ كرێكاران, وەكو (خەستەخانە-دایەنگە-پرۆژە خزمەتگوزارییەكانی تر), هەر هەمووی دەكرێت ئێمە لەو سندوقی زەمانە بكرێت, ئەوەی ئێستا هەیە داوای ئەوە دەكەین ئەو نسبەیەی كە ئێستا دەدرێت 5, 12 ەكە هەروەكو خۆی بمێنێتەوە, داوای ڕەتكردنەوەی ئەو هەمواركردنە دەكەم كە لەلایەن حكومەتەوە هاتووە, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەكی تر

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم پێم باشە ئەصلی قانوونەكە بخوێنمەوە دوای ئەو پێشنیارەی كە پێشكەش كرا بۆ هەمواركردنەكەی.

(المادە الثلاثون: واحد: علی اصحاب العمل تسدید الاشتراكات المستحقة علیهم و علی عمالهم للمؤسسة فی المواعید المحددة فی هذا القانون او فی الانظمة و التعلیمات الصادرة بموجبە و فی حالة التأخر عن الاداء فی المواعید المقررة یلتزم صاحب العمل بأداء غرامە للمؤسسة تعادل اثنان بالمائة من مبلغ الاشتراكات عن كل

شهر تأخير و فى حالة التأخر عن الأداء فى المواعيد المقررة يلتزم صاحب العمل باداء غرامة للمؤسسة تعادل خمسة بالمئة من مبلغ الاشتراكات عن كل شهر تأخير).

پڕۆژەی حكومەت سێیەم كار بەبڕگەی یەكی ماددەی 30 یاسای خانەنشینی و دەستەبەری كۆمەڵایەتی كرێكارن دەوەستێت, وە ئەوەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە, پێویستە لەسەر خاوەنكارەكان ئابوونەی سەربەخۆیان وە ئابوونەی كرێكارەكانیشیان بدەن بە دەزگاكە لەماوەی دیاریكراوی ئەو یاسایەدا, یان لەو ماوەیەی دا كە لە پەیڕەو و ڕێنمایەكانی دەرچوێنراوە و دیاریكراون خۆ ئەگەر لەوەحدەكەی سێ مانگ تێپەر بێت وە پارەكە نەدرا, ئەوە خاوەنكار پابەند دەبێت, كە لەسەر هەر مانگێك لەو دواكەوتنە غەرامەیەك بدات بە دەزگاكە یەكسان بێت بە 2٪ی پارەی ئابوونەكان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەك لیژنە لەگەڵ ئەو ماددەیە نین وە پێشنیار دەكەین دەستەواژەی ئەصلی وەك خۆی بمێنێتەوە, چونكە پڕۆژەكە ئەو سزایەی كە دانراوە لەسەر خاوەنكار كەمدەكاتەوە.

زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی لەگەڵ ئەو هەمواركردنەیە كە لەلایەن حكومەتەوە بۆمان هاتوە.

سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕای لیژنەی یاسایی سەبارەت ئەو ماددەیە, ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە, واتە ئیلغای ئەو پێشنیارە دەكەین, كە لەلایەن حكومەتەوە پێشكەشكراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تەنیا دوو كەس فەرموو شلێر خان و دواتریش كاك شڤان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە لێرە دەمانەوێت كەرتی تایبەت تەشجیع بكەین, وە ئەو كەسانەی لە كەرتی تایبەتدا ئیش دەكەن, خاوەن كارگەكان موعاناتێكی زۆریان هەیە, یەعنی كە دائیرەی زەمان دەچێت ناوی كرێكارەكانیان دەنووسێت, جاری وا هەیە ئەو كرێكارە لە لای ئەوانیش نامینێت, ئەو موستەمرٍ هەر ئەو $17$٪ەیەیە, بۆچی لە$17$٪ەیە؟ چونكە بەڕاستی كرێكار لە $5$٪ەكەی نادات هەر خاوەن كارەكەیە لە$17$٪ەكەی بۆ دەدات, لەبەرئەوە ئەگەر حكومەت ویستبێتی تەشجیعی كەرتی تایبەت بكات, تۆزێك ئەركەكەی كەم بكاتەوە, من لێرەدا سوئالێكیش لە وەزیر دەكەم یەعنی ئێستا ئێمە مانگی سێی ئەو ساڵ جەماعەتی گەشتوگوزار هاتن بەڕاستی هەمووی بەتەمابوون هەرچی شوێنی گەشتوگوزار هەیە دایخەن, دەڵێ من بۆ ساڵانە تۆ لە $17$٪ەكە لەمن وەردەگریت, نا, $12$ نیە لە $17$٪ەیە, چونكە هی كرێكارەكەش هەر ئەو دەیدات, من مەوسمی ئیشەكەم هەر سێ مانگ من داهاتم هەیە, وە ئێمە لە زستاندا هەر سیاحەمان ئیش ناكات؟ دووەمین: لەبیناسازیشدا كە سولفە دەكرێت بۆ مەقاول, پێشینەی بۆ دەكرێت دەبێ ئەستۆ پاكی لە سێ شوێنەوە بێنێ، یەكێك لەوانە دائیرەی زەمانە، ئێ باشە ئێستا باسی كرێكاری بیناسازیمان كرد، ئەی دائیرەی زەمان چۆن ئەستۆ پاكی بەو بەڵێندەرە دەدات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان أحمدعبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەقەتەن من سەرەتا لێرە نەبووم، من پێم خۆش بوو لە سەرەتا ئەو پرسیارە لە جەنابی وەزیر لە ڕێی جەنابتانەوە بكەم، من لەگەڵ ماددەكەمە وەكو ماددە وەك خۆی بمێنێتەوە، بەلاٌم هەرچی تەماشای ئەو یاسایە دەكەم هەموو بڕگەكانی ئەم یاسایە بە پێی ئەو ڤیتاعەی كرێكاری كە لە كوردستان هەیە، $30$٪ شمول دەكات، ئەوی تر ناچێتە بابی شمول كردنی ئەو هەموو ڤیتاعەی كە كرێكارمان هەیە، بە پێی ئەو تەعریفەی كە لیژنەی پەیوەندیدار خوێندی, یەعنی چ مەخرەجێك بۆ ئەو حالە دەبیننەوە؟, پرسیار لە جەنابی وەزیر دەكەین چ مەخرەجێكیان هەیە بۆ ئەو خەڵكەی كە شمول ناكاتن وە كرێكارە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر ئاسۆس نەجیب.

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب/وەزیری كارو كاروباری كۆمەلاٌیەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرسیارەی کە کرا بۆ ئەو کرێکارانە، ئێمە هەر پرۆژەیەك کە 3 کرێکاری زیاتری هەبوو مەشمول دەبێت، واتە ئەوە نیە تەنها کرێکار، ئەوە ئێستاکە تەطبیقی دەکەین، یەعنی تەنها ئەوە نیە لەبەرئەوەی کرێکارەکەلەوێیە، ئەگەر زستان بێت یان هاوین بێت، ئیشی هەبێت یان نەبێت ئێمە لێی وەرگرین، بەڵکو هەر پرۆژەیەك 3 کرێکاری بەرەو ژووری هەبێت مەشمول دەبێت بە زەمانەکە، زەمانەکەش بەو شێوەیەیە کە پێشتر باسم کرد، بۆ تەقاعودە، بۆ زەمانی صەحیە، بۆ زەمانی حیساباتی عەمەلە، بۆئەوەی کە بیناسازیەکە پێشتر باسمانکرد، وتمان تاکو ئێستا نەمانتوانیوە گرفتێك چارەسەر بکەین، بەڵام ئەوەتا مسوەدەکەمان لەبەردەستدایە قانوونی زەمانی کرێکارانە، واتە ئێمە ناوی یاساکەشمان گۆڕیوە ئامادەشمان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانین لە کۆنفراسێکدا ئەو ڕاوپێشنیارانەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز هەیە بتوانین بیکەینە پرۆژە یاساکە، بۆ ئەومادەدەیە ئەوەی کە تێبینیمانکردووە ئەگەر بەو شێوەیە کاربکەین لەبەرژەوەندی کرێکاراندا نیە، چونکە تەنها پارەدان نیە بەڵکو ئیستیمارات پێشکەش دەکرێت بە خاوەن پرۆژەکان، چۆنیەتی کرێکارەکە، ئیلتیحاق دەکات بەو پرۆژەیە یاخود ئەو ڕۆژەی ئینهیای عەقدەکە دەکات، یاخود ئەگەر عەقدیشی نەبێت لەو ئیستیمارەیە باسی ئەوە دەکرێت دیاری دەکرێت، کە لەبەرواری چەند ئەو ئیشەی جێهێشتوە بۆیە ئەو ماددەیە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، هەموار نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو شوێنانەی کە پرۆژەی بچووکن 1 کرێکاری تێدایە، وە زۆرێك لە کرێکاران مەحروم دەبن، بۆیە ئێمە وەکو لیژنە پێشنیارمان کردووە ئەو بەڕاستی زەمان کردنە 1 کرێکاریش بگرێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی قانوونی تێبینیتان هەیە؟، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێزعبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(المادة الرابعة: یخفف العمل بالفقرة اثنین باء: من المادة 38 من قانون التقاعد و الضمان الاجتماعي للعمال رقم (39) لسنه 71 فی اقلیم کردستان العراق)، کە ئەصڵی ئەو ماددە دوو بائیش دەربارەی ئەو عەرەبانەنە کە عێراق بەجێدەهێڵن (باء: لاتدفع المؤسسة استحقاقات للشخص الموجود خارج العراق و تتوقف عن دفع الاستحقاقات الشخصیة یثبت انە غادر العراق الا فی احدی الحالات الاتیة: اذا کان المستحق العراقي و غادر البلاد بشکل قانونی و بعد موافقة الوزیر اذا کان لا المستحق عربی)، ئەوەیە دوو لە باء (اذا کان المستحق عربي وقد عاد الی قطرە بعد انتهاء خدمتە المضمونة او اذا توفی و کان المستحقون من خلفە لا

**يقيمون في العراق) وەکو ئاگادارن ئەوە بەندە، پەیوەستە بە ئەو کاتەی ڕژێمی پێشوو کە عومالی عەرەبی دەهێنا بۆ ئێرە وە عەقدی لەگەڵ دەکرد, چونکە ئەو حالەتە نەماوە, ئێمە پێمان باشە فیعلەن ئەو ئیقتراحەی حکومەت پەسەند دەکەین, کە کار بەوە نەکرێت, چونکە واقیعەن لە کوردستاندا نیە ئەو حالەتە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمەش وەکو لیژنەی یاسایی پێشنیاری ئەوە دەکەین, کەوا ئەو بڕگەیە نەمینێتەوە, لەبەرئەوەی وەکو بەڕێز کاك عبدالسلام بەرواری تەوزیحی کردەوە, ئەو کرێکارانەی ولاٌتانەی عەرەبی بەدەرکردووە لە حکومەکانی ماددەی 38ی یاساکە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی.**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمەش لەگەڵ هەموارکردنەکە داین, کە وەکو لە پڕۆژە یاساکەدا هاتووە, وەکو هەردوو لیژنەی کاروباری کۆمەلاٌیەتی و یاسایی, سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تیبینی هەیە؟**

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**حەقەتەن ئەو سیغەی, کە پێشتر ئێستا لێرەدا ئیلغائمان کرد سیغەیەك بوو ئیمتیازێك بوو نیزامی بەعس بە برا عەرەبەکانی دەدا بکە لە خارجی عێراق دەهاتنە کوردستان, یەعنی لەعێراق ئیشیان دەکرد, ئێستا لە حالەتی کەدا ڕاستە ئێمە عەرەبمان نیە ئێستا, بەلاٌم خەڵکی دیکەمان هەیە لە کوردستانی (تورکیا-سوریا-ئیران) خەڵکی یەکجار زۆر ئیش دەکات, دەکرێت ئەو سیغەیە هەر لەسەر ئەو نەمەتە بڕوات تا ئەو ئیمتیازە بەکرێکاری کورد بدرێتن کە لە کوردستاندا ئیش دەکاتن, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب /وەزیری کار و کاروباری کۆمەلاٌیەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوای پەسەند كردنی ئەو ماددەیە دەكەم, واتە ئەو ئیمتیازە نەمێنێت, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەربۆ تەوزیح ئێمە تەنها ئەو بڕگەیە كە باسی (اذا كان من قطر عربی)یمان كردووە, ئەوەی كاك شڤان باسی كرد لەناو یاسادا هەیە, ئەوەی لەدەرەوە بێت و گەڕایتەوە ولأتی خۆی ئەو شتانە یەك, دووەم: ئەگەر پاشان تەواومان كرد هاتینە سەر پێشنیارەكانی لوجنەمان, وتومانە هەمووی ئەوانەی لە كەرتی تایبەت كە لەناو كوردستان ئیش دەكەن بگرێتەوە, ماعدا, ئەگەر خۆیان لە كۆمپانیەكە سیستەمی خۆی هەبێت, بۆیە ئەگەر هاتینە ئەو حاڵەتە ئەوە جەنابت دەڵێی هەیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر لیژنەكان تێبینیەكیان نیە؟ فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم: سەبارەت بە ماددەی پێنجەم ئەصڵی قانوونەكە بەم شكلەیە.

(المادة 48 /واحد: علی المرأة العاملة الحامل المشمول بأحكام هذا القانون ان تعرض نفسها علی الجهة الطبية التی تعتمدها, تعتمدها المؤسسة عند ظهور الحمل لديها وعليها التقيد بعد ذلك، وحتی الوضع بالتعليمات الطبية التی تعطی لها) پێشنیار كرایە بڕگەك بە (ز) زیادبكرێت لەسەر ئەو ماددەیە, ڕای یەكەم: ئیلغاء كردنی فەقەرەكەیە دەڵێ لەحالەتی قبول كردنی زەرەر بە كرێكاری ژن دەگەیەنێت كە حامیلە, ڕای دووەم: تەئیدی پڕۆژەكە دەكات وەك ئەوەی كە لە حكومەتەوە هاتووە, ڕای سێیەم: تەئیدی ڕای حكومەت دەكات, بەمەرجێك مووچەكەی كەمتر نەبێت لەو مووچەی كە لە ریعایەی معاونەی ریعایەی ئیجتیماعی بۆ تەرخانكراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم لیژنە دەبینێت كە هەڵەیەكی زمانەوانی هاتووە, كە ئەصڵی بڕگەكە (ز)یە نەك (س) لەماددەی 48 نەك ماددەی 47, لیژنە پێشنیار دەكات نووسینەوەی ماددەكە بەو شێوەیەی خوارەوە بێت, ز: ژنی كرێكار بۆی هەیە داوای مۆڵەتی دایكایەتی بكات, دوای مۆڵەتی منداڵ بوون, بۆماوەی یەك ساڵ

بـەنیو مووچـە, بەمـەرجێك لـەژێر هێڵـی هـەژاری دا نـەبێت, واتـە کـەمتر نـەبێت لـەبڕی پـارەی تـۆڕی کۆمەڵایـەتی, وە مووچـەکە لـە بەڕێوەبەرایـەتی کـارو دەسـتەبەری کۆمەڵایـەتی وەرگرێـت, بەمـەرجێك گرێبەستی تەواو نەبووبێت, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی لەگەڵ دەقی هەموارکردنەکەیە, کە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ فەرموو.

بەڕێزان (ژیان عمر شریف – احمد وەرتی - فاضل محمد بەشارەتی– شڤان احمـد – محمـد دلێـر محمـود – سیوەیل عثمان – دڵشاد حسین) ئـەو بەڕێزانـە ناویـان نووسـراوە (ژیـان عمـر – شـەونم محمـد – د. احمـد ابراهیـم – فاضل محمد – هاژە سلیمان – شڤان احمد – محمد دلێر- سیوەیل عثمان – دڵشاد حسین)

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ئـەو ماددەیـە خـۆی لـە هـەموو دونیـا وایـە یـەعنی پیـاو 6مـانگی وەردەگرێـت, ژنـیش 6مـانگ وەردەگرێت, بەپێی ئیتیفاقاتی دوەلیش مافی ژن خۆیەتی, کە تمەتوع بکات بەئیجازەی ئومەمەوە, وە ئەو نیو ڕاتبە زۆرجار ئەوە لەناحیەکەوە لەناحیەکی ترەوە ئافرەتەکە کە خـۆی نیـو ڕاتبـی هـەبێت, دیـارە کـە کرێکار بێت دیارە پێویستی بەمووچە هەیە دەیەوێت کاربکات, کە نیو ڕاتبـی هـەبێت لەوانەیـە خـۆی هـەر تمـەتوع بکـات بـە 3مـانگ یـان 2مـانگ خـۆی بگەڕێتـەوە بـۆ سـەرکارەکەی و بۆئـەوەی هـەموو ڕاتبەکـەی وەربگرێت, ئەو نیوەیە وەرنەگرێت, لەبەرئەوە من پشتگیری ئەوە دەکەم و زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمدغریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لـەو بڕگەیـە وەك ڕوونکرایـەوە بەڕاسـتی ئیجحافێـك دەبیـنم بەحـەقی ژن, ئەگـەر ژنێـك کرێکـار بێـت بێگومان مەعاشەکەی ئەوەندە زۆر نیـە کـە بتوانێـت ژیـانێکی زۆر مورەفـە ببـات بـەڕێوە, کـە منداڵێکیشـی دەبێت پێویستی بەوەیە چ بۆخۆی چ بۆ بەخێوکردنی منداڵەکەی ژیانێکی باش تـەئمین بکـات, مەعاشـێکی

باشی هەبێت, یەعنی موناسەبە چیە بکرێت بە نیوە؟, بەلأم ئەگەر پیاوێك نەخۆش بێت ئیجازە وەربگرێت بێت مەعاشی کامل وەربگرێت, لەبەر ئەوە من بەباشی دەزانم ئەگەر ئەو برگەیە تەعدیل بکرێت ژنەکانیش مەعاشی تەواو وەربگرن, هەتاکو بەو مەرجەی کە دیاریکراوە ئەگەر هاتو عەقدەکەی کۆتای نەهاتبوو, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د. احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت ئەو ماددەوە یان وەکو لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی دا هاتووە, من پشتگیری لە ڕای سێیەم دەکەم یەعنی ئافرەت بۆخۆی لێرە بەشێوەیەکی ئیختیاریە دەتوانێت بۆی هەیە کە ئەو ئیجازەیە وەربگرێت, بەلأم ئەو مووچەیە کەمتر نەبێت لە هاوکاری چاودێری کۆمەلأیەتی, چونکە نیوەی ڕاتب داندراوە نیوە ڕاتبەکە ئایا چەندە؟ تەحدید نیە, لەبەرئەوە ئەگەر کەمتر نەبێت لەو مووچەیەی کە لە چاودێری کۆمەلأیەتی دەدرێت بۆئەوەی زیان بە ئافرەتەکە نەگات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش پێشنیارم ئەوەیە وەکو مولاحەزەیشم لەسەر ئەوەی کە ئەو ئافرەتانەی لەکاتی ئیجازەی دایکایەتیدان نیو مووچەیان بۆ سەرف بکرێت, ڕاستیەکەی من ئەوە بە وەکو ئەڵێن خیلاف یان ڕێزنەگرتن لەو دایکانە دەزانم کە منداڵ وەبەرهەمدەهێنن, چونکە بەڕاستی هەموومان دەزانین لە هەندێك وڵأتانی دەوروبەریش چەند مانگ پێش منداڵ بوون ئیمتیازی زیاتریش بەو دایکە دەدرێت وە مۆڵەتیشی پێدەدرێت هەتا منداڵەکەی دەبێت, بۆیە بەحەقیقەت من ئەوە پێشنیاردەکەم ئەو نیو مووچەیە لابرێت و بکرێت بە مووچەی کامل و ڕێزیش لەو دایکە بگیرێت کەمنداڵ وەبەرهەم دەهێنێت, بۆیە بەحەقیقەت من ئەوە بەخیلاف دەزانم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش پشتگیری لەو هاوکارانە دەکەم کە باسیان لەوە کرد, کاتێك کە ئافرەتی کرێکار مۆڵەتی دایکایەتی وەردەگرێت بە ڕاتبی تەواو بێت, چونکە لە دامودەزگا حکومیەکانیش ئەو جۆرە بڕیارە هەیە, یەعنی 6مانگ بەڕاتبی تەواوە, 6 مانگ بە نیوەی ڕاتبە, بەلاّم ڕاتبی یەعنی ئافرەتی کرێکار جیاوازی هەیە لەگەڵ ئافرەتی فەرمانبەر, وە لەبەرئەوەی بەڕاستی لە زۆربەی زۆری ئەو شوێنانەی کە ئافرەت کاری لێدەکات دایەنگا نیە, بۆیە بە پێویستی دەزانم بەڕاتبی تەواو 1 ساڵ مۆڵەتی دایکایەتی پێبدرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك شڤان فەرموو.**

**بەڕێز شڤان احمد عبالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ناتوانین بەپێی یاسا ئیجباری صاحیب کار بکەین ڕاتبی کامل بداتن, بەلاّم دەکرێت بەدیلی ئەوە ئێمە داوا لە حکومەت بکەین بەپێی بڕگەیەکی یاسا کە نیوەکەی بۆ پڕبکاتەوە, یەعنی ڕاتبی کامل بداتە ئەو دایکە وە بەحەقیقەت من دەبینم بەشێوەیەکی غەیر موباشر ئەوە تەحدید نەسلە, تەحدید نەسلیش لە صالحی ئێمەی کورد نیە, چونکە بەس ئێمە دەزانین چ کارەساتێکمان بەسەر هاتووە, دەبێت ئاگاداری ئەو مەوزوعە بین, دەبێت تەشجیعی نەسل بکەین, نەك تحدید نەسل بکەین, زۆر سوپاس ئەگەر لە بڕگەیەك حکومەت پڕکاتەوە ئەو ڕاتبە وە ئیمتیازی زیاتریشی پێبدرێتن بەهەر بڕگەیەکی تر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك محمد فەرموو.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو شتە خۆی دوو لایەنەیە لەلایەکەوە بۆ خزمەتی کرێکاران و لەلایەکی تریشەوە بۆ مەسەلەی هاندان بێت بۆ کەرتی تایبەت, کەرتی تایبەت ئەگەر هان نەدرێت و تەسهیلاتی بۆ نەکرێت و هەڵبەتە ئەویش ناتوانێت کرێکار ئیستیعاب بکات بۆلای خۆی, لەبەرئەوە من بەباشی دەزانم ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە, بەلاّم ئیضافەی ئەوەی بۆبکرێت ئیضافەکە ئەوە بێت ئەو نیو مووچەیەی کە وەریدەگرێت کەمتر نەبێت لە هاوکاری مانگانەی چاودێری کۆمەلاّیەتی, ئیتر ئەوە ئەگەر حکومەت دەیخاتە سەر ئەستۆی خۆی یان کەرتی تایبەت ئەگەر هاوکاری بکات. بەهەرشێوەیەکیان بێت, ئەگەر حکومەت بیخاتە سەرخۆی لە ماوەی ئەو ساڵەدا باشترە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کراو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی (ج) لەو ماددەیە، کە لە ماددە ئەصڵیەکە هاتووە، کە دوای وەزعی حامیل بوون یان ویلادە، شەش هەفتە بە موجاز حیساب دەکرێت، من پێشنیار دەکەم ئەو فەقەرەی (ج) گۆڕانی بەسەردابێت بکرێت بۆ شەش مانگ یان بە ئیجازە حیساب بکرێت، پاشان ساڵێك بە ڕاتبی کامل بۆ ژنی شیردەر، بۆبەخێوکردنی منداڵەکەی بدرێت لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، زۆر سوپاس، نەء ساڵێك، یەك ساڵ، شەش مانگی یەکەم، (ج) شەش هەفتەیە بکرێت بە شەش مانگی یەکەم، ئیجازە بە ڕاتبەوە بکرێت بە ساڵێك.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاسۆس خان فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو وەزیرێك و تەنها وەزیرە ژنێك لە ئەنجومەنی وەزیران، من لە 100٪ لەگەڵ ئەو ماددەیەم، بۆئەوەی بتوانین ئێمە ئەو کرێکارە ژنانەی کە لە پڕۆژەکان یان لە کەرتی تایبەت کاردەکەن، مافیان بپارێزین، بەڵام مەترسیمان هەیە بەڕاستی من مەترسیم هەیە لەجێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە، لەبەرئەوەی ئێمە وەکو ڕاپرسیەك، ڕاپرسیمان لەگەڵ خاوەن کارەکان کردووە، لەئێستاوە هەندێك خاوەن پڕۆژە و خاوەن کار هەیە، لەئێستاوە بڕیاری ئەوەیان داوە کە ئەو ماددەیە بگرێتەوە و جێبەجێ بکرێت، هەلی کار نەدەنە دەست ژن، مەترسی ئەوەمان هەیە، بەڵام داوای ئەوە دەکەم ئەگەر ئەو ماددەیە پەسەند بکرێت، ئەو مووچەیە لەلایەن حکومەتەوە بدرێت نەك لە سندوقی زەمان، ئەو مووچەیە لەلایەن حکومەتەوە بدرێت، حکومەت تەحەمولی ئەوە بکات نەك لە سندوقی زەمان، چونکە لە سندوقی زەمان لەوانەیە ئێمە تووشی عیجز بین، وە ئەگەر پێشتان باشە دیراسەی زیاتری بکرێ و، بۆئەوەی بخرێتە پڕۆژە یاسای زەمانەکەوە کێشەمان نیە، بەڵام من لە سەداسەد لەگەڵ ئەوەم، بەڵام بەمەرجێك حکومەت تەحەمولی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کاروباری کۆمەلاّیەتی فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکە لە حکومەت هاتبوو, حکومەت خۆی ئامادەیی خۆی دەربڕیە, یەعنی ئەو دەقەی کە خوێنرا, کە ساڵێك بە نیو مووچە و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار بدرێت, پێشنیاری حکومەت بوو, بۆیە ئێمە پێمان خۆش بوو حکومەت وابکات, تەنها تەعدیلێ کە داوامان کرد بوو ئێمە و لیژنەکانی تریش, کە ئەو بڕە پارەیەی نیو ڕاتب چونکە خۆی کەم وەردەگرێت, کەمتر نەبێت لە تۆڕی کۆمەلاّیەتی, وە لەسەر ئەساسی ئەو ژنە، ئەو خوشکە، خۆی دەستەبەرکراوە, بۆیە پارەی داوە حصەی هەیە لەو سندوقە, پێشنیاری ئەوەی کە حکومەت بیدات، ڕێگایەکی تر بدۆزن, ئێمە هیچ مانعمان نیە لەگەڵ ئەوەینە ئەو ئافرەتە بۆ ئەو ساڵە مافی ئەوەی هەبێت, قسەکانی وابزانم ژیان خان بوو زۆر موهیمە لە ڕووی عەمەلیەوە دوو، سێ جار بیر لەخۆی دەکات, بەلاّم ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین کە ئەو مافەی هەبێت, دەمەوێت یەك شت ئیضافە بکەم بەڕێزان لە یاسای کار, ئەوەی تا ئێستا ماوە ژن یان مافی ئیجازەی وەزعی هەیە 72 ڕۆژ, واتە دوو مانگ و نیو, لە ئەو پرۆژەیاسایەی کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گفتوگۆکراوە و لێرەش لەگەڵ پسپۆران لەوێ کراوە بە 90 ڕۆژ, واتە سێ مانگی یەکەم ئیجازەی کامل ڕاتب وەزعی هەیە, تەبعەن لە یاسای کار باسی ئەو حاڵەتەی کردووە, ئەگەر هاتو ڕاپۆرتی پزیشکی هینا, وە باری تەندروستی ئەو زۆر هاوکار نەبێت, بۆی هەیە وابزانم ئەویش تا ساڵێك، 9 مانگی تر داوای ئیجازە بکات, بۆیە ئێمە لێرە لە زەمان, چونکە ئەو یاسایەش دەرنەچووە, ئێمە پێشیان کەوتین, وە زۆر زۆر پێمان خۆش بوو ئەوەی لەلایەن حکومەت هاتووە, تەنها یەك شت ماوە تاکو ئێمە مەضمون کەین کە لە تۆڕی هەژاری, واتە لە مووچەی تۆڕی کۆمەلاّیەتی کەمتر نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی شتێکتان هەیە؟ لیژنەی دارایی؟.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیەکمان نیە لەو بارەیەوە,

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان یەك دەقیقە قسەت دەدەمێ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پاش ڕوونكردنەوەكەی بەڕێز وەزیر, كە ئەو حاڵەتە وادەكات خاوەن كارەكان ژن لەلایەن خۆیان وەكو كرێكار وەرنەگرن, بەڕاستی ئەوە زەربەیەكی گەورەترە لەوەی كە ئێمە قسە لەسەر ئەوە بكەین, با ساڵێك بە مووچەی تەواوبێت, ئێمە هەر چۆنێك بێت دەمانەوێت ئەو ژنە مەعاشەكەی نەبڕدرێت, بەلاّم ئەگەر حكومەت خۆی ئەوكارە دەكات و مەعاشی دەداتێ, من تەئیدی ئەوە دەكەم كە ڕاتبەكە لە مەعونەی ئیجتیماعی كەمتر نەبێت و دەبڕێتەوە, بۆئەوەی ئەو فرسەتە لەبەردەمی ژناندا بەهۆی تەعدیل كردنێكەوە ئەو فرسەتی كاركردنە لەبەردەمی ژناندا لانەبەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاسۆس خان.

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب/ وەزیری كار و كاروباری كۆمەلاّیەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كێشەی ئێمە مووچەكە نیە, ئێمە بە هەموو شێوەیەك دەتوانین هاوكاری ئەو ژنە بكەین, بەلاّم ئێمە كێشەكەمان لەوەیە شەرتەكە ئەوەیە (بشرط عدم انتهاء العقد), ئێمە وەكو حكومەت ناتوانین, تاكو ئێستا دەسەلاّتی ئەوەمان نیە, كە گرێبەستێك لەكەرتی تایبەت بەو شێوەیە بێت, كە نەتوانێت فەسخی بكات, یەعنی كێشەكەی ئێمە تەنها گرێبەستەكەیە, مووچەكە ئەگەر بەچاودێری كۆمەلاّیەتیش بێت كێشەی ئەوەمان نیە, بەلاّم گرێبەستەكە كێشەمانە لەگەلّ خاوەن پڕۆژەكان, خاوەن كارەكان كە گرێبەستەكە فەسخ بكەن و ئەو ژنە دەربكەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم

پڕۆژەی حكومەت بەو شێوەیە, كار بەبڕگەی (هـ) ماددەی 50ی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری كۆمەلاّیەتی و كرێكاران دەوەستێت, وە ئەوەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە, (هـ) ئەگەر خانەنشینەكە بمرێت, ئەوە مووچەی خانەنشینی تەواو, وە مووچەی بەشێك لە خانەنشینە نەخۆشەكەی كە دەكاتە مووچەی 75٪ی پەككەوتەیی تەواودەدرێت بە مندالّەكانی, بەلاّم مووچەی بەشێك لە خانەنشینە نەخۆشەكە ئەگەر پەككەوتەیی لە 75٪ كەمتر بوو, ئەوە بە مردنی خاوەنەكەی ئیدی بەتەواوی دەبڕدرێت, ئەصلّی قانوونەكە بەو شێوەیەیە, بەزمانی عەرەبی (یحول (هـ) یحول راتب التقاعد المرضی الكامل عند وفاة المتقاعد مرضیاً الی خلفه, اما راتب التقاعد المرضی الجزئی فینقطع نهائیاً عند وفاة صاحبه), ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی پشتگیری لە پڕۆژەكەی حكومەت دەكەین, بەوشێوەیەی كە هاتووە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێزعبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوانین, چونكە ئەوە فراوانكردنی مافە بۆ كرێكار, ئەوەی عیجزی جوزئی هەبیت, لە 75٪لەسەرەوە تەقاعودیەكەی بەردەوام دەبێت, ئێمە بە سوپاسەوە ئەو پێشنیارە قبووڵ دەكەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای بەراورد كرن لە نێوان هەردوو دەقەكە، لیژنە بۆی دەركەوت كە ئەو هەمواركردنە لەبەرژەوەندی كرێكاران دایە, بۆیە ئێمە پەسەندی هەمواركردنەكە دەكەین وەكو لە پڕۆژە یاساكەدا هاتووە, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ فەرموو پەروین خان.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان لێرەدا دیارە شتێكی باشە بەرامبەر بەو پڕۆژە یاسایە, گرینگی پێدانێكی باشە بەرامبەر بە كرێكاران, بەڵام بە نسبەت تەقاعودەكە, ئەوەی كە دەڵێ ڕێژەی نەخۆشیەكەی یاخود عیجزەكەی بەرامبەر بە 75٪ تەقاعودیشی دەبڕێت و بۆ ئەوانەی كە لە دوای دێن, بەڵام ئەوەی كە كەمترە لە 75٪كە دەڵێ تەقاعودیەكەی هەر نامێنێت و كۆتایی دێت, باشە ئەدی ئەگەر ئەو شەخصە منداڵی لە 18 ساڵ كەمتری هەبوو, و سەرچاوەی دارایی تری نەبوو, چۆن بەڕێوە دەچێت؟ بۆیە باشترە لێرەدا نیسبەیەك دیاری بكرێت, بۆ نیسبەی تەقاعودەكەی كە لە 75٪ كەمترە عیجزەكەی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك ڕوونكردنەوەیەك بۆئەوەی ئێستا كە چی جێبەجێ دەبێت؟, ئەوەی ئێستا هەیە ئەگەر كرێكارەكە نەخۆش بێت, ئیتر ئەگەر تەقاعودەكە ئەوەی كە بۆی دەبڕێتەوە مرضی بێت یاخود نەخۆشیەكەی عیجزی كامل بێت یان عیجزی جوزئی بێت, دەبێت بگاتە لە 100٪ ئەوكاتە دەدرێتە وەرەسەكەی, دەبێت لە 100٪ بێت, بەڵام لێرەدا داوای ئەوەمان كردووە لە 75٪ بەرەو ژوورەوە كاتی مردنی كرێكارەكە,

موتەقاعودەكە بۆ خەلەفەكەی بڕوات, بەلاّم ئەوەی كە دەلّێت لە 75٪ كەمترە, كاتی وەفاتی ئەو كاتە ئەو مووچەیەی خانەنشینیە دەبڕێت, بەلاّم هەمان كات ئەگەر بەخێوكەری نەبێت وەرەسەكەی ئێمە مەشمول دەبێت بە چاودێری كۆمەلاّیەتی و هاوكاری دەكرێت, واتە ئەگەر لێرە مەلەفەكەی داخرێت, بەلاّم لە شوێنێكی ترەوە هاوكاری بۆ دەبڕێتەوە, بۆیە داوای پەسەندكردنی ئەو بڕگەیە دەكەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەكان ئەگەر تێبینیەكیان نیە؟ فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە السابعە: يوقف العمل بالفقرة ج من المادة 60 من قانون التقاعد و الضمان الاجتماعی, للعمال رقم 39 لسنة 1971 في اقليم كوردستان-العراق, ويحل محلها ما يلی: ج: اذا توفی المتقاعد المصاب بعجز جزئی اكثر من 75٪ يحول راتبە الی خلفە, واذا كان العجز الجزئی للمتوفی اقل من 75٪ يمنح خلفە تعويضاً يساوی راتب التقاعد عدا الاصابة الجزئی عن اربع سنوات في حالة عدم استحقاق الخلف لتقاعد الوفاة.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم

پڕۆژەی حكومەت بەو شێوەیەیە, كار بە بڕگەی (ج) ماددەی 60 لە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری كۆمەلاّیەتی كرێكاران دەوەستێت, ئەوانەی خوارەوە جێگای دەگرنەوە, (ج) ئەگەر خانەنشین زیاتر لە ڕێژەی 75٪ی پەكی كەوتبێت, ئەوە لەو بارەدا مووچەكەی دەدرێت بە منداڵەكانی, بەلاّم ئەگەر ڕێژەی پەكەوتنەكەی لە 75٪ كەمتر بوو, ئەوە قەرەبوویەك دەدرێت بە منداڵەكانی یەكسان دەبێت بە مووچەی خانەنشینی تووشبوونی جوزئی چوار ساڵ, ئەویش لە حاڵەتێكدا ئەگەر منداڵەكانی موستەحەقی خانەنشینی مردنەكەی نەبن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەهەمان شێوەی ماددەی پێشوو, هەمواركردنی ئەو ماددەیە لەبەرژەوەندی كرێكارانە, لەبەرئەوە پشتگیری هەمواركردنەكە دەكەین بە بەراورد لەگەڵ ماددە ئەصڵەكە, ئەو هەمواركردنە پێشكەوتوو ترە بۆ خزمەتی كرێكاران, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كاروباری كۆمەلاّیەتی فەرموو.

**بەرێز سەردار رشید محمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنە هیچ تێبینیەكی لەسەر ماددەكە نیە, زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ یەك كەس فەرموو كاك دڵشاد.

**بەرێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە كە تەعدیل كراوە لەگەڵ ماددە ئەصڵیەكەی, ماددەی ئەصڵی 60 (ج), (ج) لەوێ نووسراوە (المتقاعد المصاب بعجز جزئی) نسبەتەكەی دانەناوە, ئەو ماددەیە نسبەتەكەی داناوە بە 75٪, كەواتە ماددە ئەصڵیەكە زۆرتر لە قازانجی كرێكاردایە, تا ئەو تەعدیلەی كە كراوە, چونكە نسبەتی عیجزەكەی داناوە, ئەگەر عیجزەك 60٪ بێت شمولی ناكات, لە 74٪ بەرەو خواربێت شمولی ناكات, بەلاّم ماددە ئەصڵیەكە نیسبەتی عیجزی دانەناوە, زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاسۆس خان فەرموو.

**بەرێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری كار وكاروباری كۆمەلاّیەتی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە داوای هەمواركردنەوەی ئەو دوو ماددەیەمان كردووە, لەبەرئەوەی ئێستا ئەوەی كە هەیە دەبێت دەرەجەی عیجز, ئەگەر لە پێكان بێت یاخود خانەنشین بێت, دەبێت لە 100٪ بێت ئەوكاتە وەرەسەكەی دەتوانێت موستەفید بن لە خانەنشینەكەی, بەلاّم ئێمە لێرە داوای فراوان كردنمان كردووە, لە 75٪ بەرەو ژوورەووە موستەفید دەبێت, واتە ژمارەیەكی زیاتر لە كەسوكاری ئەو كرێكارە ئیستیفادە دەكەن, بۆ بەرژەوەندی كرێكارانە, بەلاّم صیاغەكە داوای ئەوە دەكەم بە دوو فەقەرە بێت فەقەرەی (ب), فەقەرەی (ج), ( اذا توفی المتقاعد المصاب بعجز جزئي اكثر من 75٪, فاكثر یحول راتبە الى خلفە والفقرة (ج) كالاتی), ( اذا توفي المتقاعد المصاب بعجز جزئی اقل من 75٪ یمنح خلفە تعویضاً یساوی راتب التقاعدی اصابة الجزئی ان اربع سنوات, في حالة عدم استحقاق خلفە لتقاعد الوفاة), واتە ئێمە دوو حاڵەتەكەمان بەوردی داناوە, ئەوەی یەكەم (فی مرض) (مرض)ەكەش شتێكی ترە لە دوو حاڵەت ئەوە ئیسابەیە, ئیسابە شتێكی ترە, لێرە خەلەفەكەش لەكاتی ئەوەی لە 75٪ خوارتریش بێت, ئێمە لەبەرژەوەندی خەلەفەكەش لێرەشمان نووسیوە, سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا هەر تەوزيحێك, وابزانم كاك دڵشاد بوو, (ج) ئەصڵی باس دەكات دەڵێت ئەو عيجز جوزئيە بەس تەنها چوار ڕاتبی دەدرێتێ و خواحافيز, پرۆژەی حكومەت چی وتووە؟, وتيتی ئەگەر عيجزەكەی لە 75 زياتر بێت ڕاتبی كامل وەردەگرێت, ئەوەيە ئيضافەكە (اذا توفى المتقاعد المصاب بعجز جزئى اكثر من 75٪ يحول راتبه الى خلفه, راتبه يعنى الراتب التقاعدى), وە پاشان ئەوەی كەمتر لە 75٪ ئەحكامی كۆنەكەيە, حەزدەكەم باش بەوردی بخوێنی,

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەيەكی تر.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

يوقف العمل بالفقرة (أ و ب) من المادة 65 من قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال رقم 39 لسنة 1971 في اقليم كوردستان - العراق, ويحل محلها ما يلى: أ: اذا اكمل الرجل 55 من العمر, او اذا اكملت المرأة 50 عاماً من العمر, وكانت لأى منهما 25 سنة مضمونة على الاقل, ب: اذا كانت للرجل 25 سنة خدمة مضمونة على الاقل, او كانت للمرأة 20 سنة خدمة مضمونة على الاقل), بەڕێزان ئەگەر تۆزێك تەوزيحی بكەين, ئەوەيە ماددەی 65 دەڵێت عاميلی دەستەبەركراو كە خزمەتەكەی تەواو ببوو, شايەنی مووچەيەكی خانەنشينيە لەو حاڵەتانەی خوارەوە, كە (ا و ب و ج), ئەصڵيەكەی ئەگەر ئيجازە هەبێت, ئەصڵيەكەی دەڵێت ئەگەر پياو 60 ساڵی تەواو كرد, ئافرەت 55 ساڵی تەواو كرد, وە 20 ساڵی خزمەتيان هەبێت, هەمواركردنەكە داوا دەكات لەجياتی 60 پياو 55 ساڵ, لەجياتی 55 ئافرەت 50 ساڵ, وە لەجياتی 20 ساڵی خزمەت 15 خزمەت بێت, ب: ئەگەر پياو ئەصڵيەكەی دەڵێت ئەگەر 30 ساڵی خزمەتی مەضمونی هەبێت بەكەمی, وە ئافرەت 25 خدمەی مەضمونی هەبێت, واتە 20 ساڵ, 30 ساڵی ئيشی كردووە و دەستەبەركراو بوو, بەڵام تەمەنی نەگەيشتووتە ئەو تەمەنەی 65 ساڵ ئەوكاتيش حەقی خانەنشينی هەيە, لێرە جارێكی تر پێشنيارەكە لەجياتی داوای 30 ساڵی كاری دەستەبەركراو لە پياو بكات, بۆی كەم كردووە، بۆ 25 , وە لە ئافرەتيش 25 كراوە بە 20 تا بزانن ئەصڵی ئەو ماددەيە بەو شێوەيە بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی ياسايی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ڕەفزی هەموارکردنەکە دەکەین, لەبەرئەوەی ناگونجێت لەگەڵ پەیرەوە نێو دەولیەکان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشت بەستوو بەوەی کە تەمەنی لە 5 ساڵ, بڵێین ئەو کرێکارە قازانج دەکات, هەم لە تەمەنی کارکردنی مەضمون, وە لەبەرژەوەندی کرێکارانە, ئێمە لەڕاستیدا وەکو لیژنەی ئابووری, لیژنەی دارایی تەئیدی پڕۆژەکە دەکەین, ئەگەر گونجاو بێت لەگەڵ چوارچێوەی یاساییە,

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ (عمر عبدالعزیز – سۆزان شهاب – پەیمان عزالدین – سیوەیل عثمان – صباح بیت الله).

ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە (مامۆستا عمر – سۆزان خان – پەیمان خان – سیوەیل خان – کاك صباح)

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر تەمەنەکان تێبینیم نیە, بەس چوار هەڵەی زمانەوانی تێدایە بەڕێزان نەوەکو هەروا تێپەڕێت و دووبارە بێتەوە, (اذا اکمل الرجل 55 من العمر), لە دێری دووەمیش (اذا اکملت المرأة 50 من العمر) و, هەروەها لە فەقەرە بائیش ( اذا کان للرجل 25 سنة ) وە لەدێری ئاخیریش (او کانت للمرأة 20 سنة) ئەوانە چاك بکرێت نەوەکو تێپەڕێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی نەصی, یەعنی مەشروعەکەی دەکەم کە لەلایەن حکومەتەوە نێردراوە, ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵایەتی, ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی, وە دەمەوێت بزانم بۆچی لیژنەی قانوونی رەفزی کردووە؟ لەبەرئەوەی لەگەڵ مەعایری ئەوانیش نگونجێ رەفزیان کردووە, داوای لێبوردن دەکەم وەمزانی لای ئێوەش هەن, چونکە لە ڕاپۆرتەکە لەبەردەممدایە واناڵێت, بەلأم من تەئیدی دەکەم، بۆچی؟ ڕاستە مەعایری دوەلی ئەحوائی کارکردنەکەشیان فەرقی هەیە لەگەڵ ئێمەیە, بۆیە 65 ساڵ ئینجا تەقاعود دەبێت, تۆ سەیری

ئەجوائی کاری کەسێك بکە، کە لە ولاَتێکی پێشکەوتوو ئیش دەکات، لە ئەوەل ڕۆژەوە بە عەقد، و بە زەمان، و تەئمین صەحی بۆ دەدرێت، زەمانی تەقاعودیەکەی ئەکرێت لەڕێگەی بنوکەوەو، لە ڕێگەی شەریکاتی تأمین و پاکێتەوە، ئەوەی ئێمە ڕۆژێك لەم کارگەیە ئیش دەکات، ڕۆژێك لەو مالَە ئیش دەکات، ڕۆژێك لای ئەو دوکانە ئیش دەکات، ڕۆژی دواتر کابرا دێت دەری دەکات یەکێکی تر دادەنێت، ئەوە کەی ئەجوائی صەحی و مەعایری دوەلیە، هەتاکو ئێمە خۆمان ببەستینەوە بە مەعایری دوەلی، بۆیە من پێم باشە ڕێك وەکو ئەوەی کە هاتووە لەلایەن حکومەتەوە، وەك خۆی ئەو ئەوەی کە داوایان کردووە وەك خۆی بڕوات، زۆر سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بەڕاستی من لە ڕوویەکەوە لەگەڵی نیم، وەختێك ئێمە لە یاساکانی تر قسە لەسەر مەبادئی یەکسانی و، قسە لەسەر مەسەلەی جێندەر دەکەین، ناکرێت بە تەنها یەکسانیمان لە حقوقەوە بوێت، مەفروزە لەئەرکیش دابێت، من بە خۆم تێناگەم لەوەی کە حیکمەت لەوە چیە؟ لێرە ژن و پیاو جیاکراوەتەوە ئەو بە $50$ ساڵ بێت، ئەو $55$ ساڵ بێت لە کاتێکدا کە ئیشی کرێکاری بۆ هەردووکی وەکو یەکە، ئەوەی کەئێمە باسی دەکەین ئەو یاسایە دەیگرێتەوە، کرێکاری بیناسازی نین، هەتا بڵێین پیاوان زۆرتر ئەرکی جەستەیی و ماسولکەییان لەسەرە، ئەمە ئیشێکە ئەوەی کە لە مەعامڵە ئەهلیەکان داهەیە، لە مۆڵەکان داهەیە، لەو جێگایانەدا هەیە، کە ئەو قانوونە دەیگرێتەوە، ئەوە حیکمەت چیە لە جیاوازی کردنی؟ وە ئەوەی بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەکان دەکرێت، بەس بڕگەی با لەو ماددەیە ئەوەی کە لە حکومەتەوە هاتووە، بەتەنها بۆ پیاوی حیساب کردووە، ئەگەر خزمەتەکەی $25$ ساڵ بێت نازانم ئەوان تەصەوڕ دەکەن ژن نەگاتە $25$ ساڵ، چی؟، بەڕاستی لە هەموو حاڵەتێکدا مەفروزە بنەماکانی یەکسانی بۆ هەردووبڕگەکە ڕەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ئەو ماددەیە، ئەمن لەگەڵ ئەصڵی ماددەکەمە، کە ئەگەر پیاو تەمەنی $60$ ساڵ بێت و، ژنیش تەمەنی $55$ ساڵ بێت، لەبەرچی؟ ئەگەر ئەوانە خانەنشین کران لەتەمەنی $50$-$55$ ساڵی، باری ئابووریيان خراپە، کەم دەرامەتن، مەجبورن سبەینێ چ لە کۆمپانیایەك، لەشوێنێکی دیکە بە عەقد، بە گرێبەست، دیسان کاردەکەنەوە، ئەگەر خانەنشینیش بکرێن، لەبەرئەوە وەزعی ماددیان خراپە، دوایی ئەو تاقەتەیان

هەیە, یەعنی 15 ساڵ خزمەت چیە بۆ کەسەك کە دانیشی تەقاعودی بکەی, خانەنشینی بکەی؟ عەفوو, لە کەرتی گشتی هەمانە, ئێستا 40 ساڵیشی خزمەتی هەیە, ڕاستە کەرتی گشتی فەرمانبەرە, مۆزەفە, مامۆستایە, یان کارگوزارە 40 ساڵ خزمەتی هەیە, ئەگەر تەمەنی دەگاتە 65 ساڵ ئینجا بۆ خۆی دەچێت خۆی تەقاعود دەکات بەتۆپزی, ئەگەر ئیختیاری بێتن تەمەنی بگاتە 70 ساڵیش خۆی تەقاعود ناکات, واتە لەگەڵ ئەصڵی ماددەکەی نیم پێم باشە و باش ترە و, لەبەرئەوەی تاقەتی ئیش کردنیان دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرمو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت من پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی یاسایی دەکەم, بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو هەموارکردنە, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاسۆس خان فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوکاتەی کە ئەو بڕگانەمان نارد دیارە, لەبەرئەوەی زۆری پێچوو لەپەرلەمان, بواری ئەوەمان بۆ رەخسا لەگەڵ ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی داوای ڕایان بکەین, ئەوان ڕەخنە لەو ماددەیە دەگرن, دەڵێن لەبەرئەوەی ستانداردی نێودەوڵەتی دژی ئەو ماددەیەیە, ئێستا تەمەن لە وڵاتانی تر زیاد دەکرێت نەك کەم بکرێتەوە, بەڵام وەك ڕوونکردنەوەیەك, ئەوەی کە ئێستا هەیە باسی ئەوە دەکەین تەمەنی بگاتە 60 بۆ پیاو, 55 بۆ ژن, ئێمە لەکەرتی تایبەت دەریان ناکەین, بەڵکو دەڵێین ئەوکاتەی کە تەمەنی گەیشتە ئەوە بۆی هەیە داوای خانەنشینی بکات, بۆیە داوای ئەوە دەکەم ماددەکە, هەروەکو ئەصڵی ماددەکە 65 وەکو خۆی بمێنێتەوە, هەموارکردنەکە پەسەند نەکرێت, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر لیژنەکان تێبینیان نیە؟ فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

یوقف العمل بالمادة 69 من قانون تقاعد والضمان الاجتماعي للعمال رقم 69 لسنة 71 في اقلیم کوردستان-العراق, ویحل محلها ما یلی, هەموارکردنی بڕە پارەی دیاریکراو لە ماددەی 69, کە بە گوێرەی بەرزترین و کەمترین ڕادەی گشتی مووچە, مووچەی خانەنشینی دانراوە, هەروەها کەمترین ڕادەی گشتی مووچەی

خانەنشینی بەشی (التقاعد الجزئی)، بەم شێوەیەی خوارەوەیە، ا: لەکاتی کارکردن بەبەندی 68 مووچەی خانەنشینی نابێتە ڕەها، بەڵکو بەرزترین ڕادەی بۆ دادەنرێت، بە مەرجێك تێنەپەڕێت لە بەرزترین ڕادەی مووچەی خانەنشینی، بەڕێژەی لە 80٪ لە ناوەندی کرێی دوا ساڵی دانی بەشداریەکان، ب: کەمترین مووچەی خانەنشینی تەواو سەبارەت بە هەموو لقە جیاوازەکانی دەستەبەری لەو یاسایە لەهەر بوارێك دابێت، نابێت مانگانە کەمتر بێت لە 180 هەزار دینار، وە ئەگەر بە گوێرەی هاوڕێژەی ئەژمارکردن مووچەکەی کەمتر دەرچێت دەگەیەنرێتە ئەو ئاستە، واتە بەرز دەکرێتەوە، ج: مانگانە 120 هەزار دینار بۆ کەمترین ڕادەی گشتی مووچەی خانەنشینی بەشی (التقاعد الجزئی)، لەهەر بارێك بێت لەکاتی مردنی کرێکاری خانەنشین کراو، مووچەکەی دابەش دەکرێت بەسەر میراتگرەکانی بە پێی توێژی یەکەم و دووەم، کە باسی کراوە لەو برگە تایبەتمەندانەی چۆنیەتی دابەشکردنی مووچەی خانەنشینی، زۆر سوپاس.

ماددەی نۆیەم:

لیژنە پێشنیاردەکات بەوشێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێت، ا: ڕادەی بەرزی گشتی خانەنشینی تەواو بەنسبەت هەموو بەشەکانی دەستەبەری لەو یاسایەدا نابێت لە هەموو حاڵەتێکدا لە 80٪ تێپەڕێت، لە نیوەی مووچەی مانگانەی کەمتر نەبێت لەو ساڵەی کۆتای دەستەبەرکراو لە ڕاژەی کرێکار، ب: دەبێت ڕادەی نزمی گشتی مووچەی خانەنشینی تەواو، بەنسبەت هەموو بەشەکانی دەستەبەری لەو یاسایەدا نابێت لە هەموو حاڵەتێکدا لە 60٪ دابەزێت، لەنیوەی مووچەی مانگانەی ئەو ساڵەی کۆتایی بە خزمەتی کرێکاری دەستەبەرکراو هێنابێ، بەمەرجێك لە ژێر هێڵی هەژاری نەبێت، جیم: مووچەی خانەنشینی حیساب دەکرێت لەسەر بنەمای ڕێژەی پەککەوتوویی بەشی ( العجز الجزئی)، جاران مووچەی خانەنشینی تەواودەکرا لەگەڵ ڕەچاوکردنی برگەکانی ا , ب کە لە سەرەوە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەلأیەتی فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئێمە ماددەی نۆمان هەیە، کە باسی ماددەی 69 دەکات، باسی (الحد الاعلی و الحد الادنی) ئەوە نەصێکی تر هەیە، باسی 68 دەکات، ئەوەی سێ و هاوپێچ پاش ئەو بۆ ئێمە لە حکومەت ئەو پرۆژە هاتووە، ئێمە لەسەرئەوە ئیشمان کردووە، ئەوەی ئاخیر بۆ ئێمەتان ناردووە، هەر خۆتان ناردووتانە، خیلاف زۆرە...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی سعید کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له پێشنیارەكەی حكومەت كە بۆ ئێمە هاتووە, ڕامان لەسەر دایە، نۆیەم بەو شكڵەیە, حكومـەكانی مـاددەی 69 لەو یاسایەدا دەخرێتە كار بۆ حیساب كردنی مووچەی خانەنشینی ئاسایی, لەجیاتی ئـەوەی كـە ئێسـتا كاری پێدەكرێت, بەپێی بڕیـاری ژمـارەی 222 سـاڵی2010ی ئەنجومـەنی فیـدڕالی وەزیـران, كـە مووچـەی خانەنشینە كرێكارەكانی بە پارەیـەك بڕاندۆتـەوە لـە 130 هـەزار دینـارەوە تـا 200 هـەزار دینـار, بـەپێی سـاڵەكانی خزمـەتی دەسـتەبەركراو,حكومـەكانی مـاددەی 69ی یاسـای خانەنشـینی, وە دەسـتەبەركردنی كۆمەڵایەتی كرێكاران هەموار دەكرێت, وە ئەوەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە بە گشتی ئەو پەڕی سـنووری بەرزی مووچەی تەواوی خانەنشین بۆ هەموو جۆرە لقەكانی دەستەبەركردن, لـەو یاسـایەدا كـە لـە هـەموو بارێكـدا ناشـێت زیادبكرێـت, بریتییـە لـە مووچـەی خانەنشـینی هاوشـەكانی لـە فەرمانبـەری میلاكـی وەزارەتـەكان, وە ئـەو لایانانـەش كـە بـە وەزارەتـەوە نەبەسـتراون بـەپێی حكومـەكانی یاسـای بـەركاری خانەنشینی یان هەر یاسایەكی تر جێگای دەگرێتەوە, هەروەها ئەوپەڕی سـنووری نزمـی مووچـەی تـەواوی خانەنشینی بۆ هەموو جۆرە لقـەكانی دەسـتەبەركردن لـەو یاسـایەدا, كـە لـە هـەموو بارێـك دا ناشـێت كـەم بكرێتەوە بریتییە لە 180 هەزار دینار مانگانە, هەر حیساب كردنێكی یاساییش بۆ ئـەو مووچـەیە ئەگـەر لەو ڕادەیە كەمتر بوو, دەكرێت بـە 180 هـەزار دینـار مانگانـە, هـەروەها سـنووری نزمـی گشـتی مووچـەی خانەنشینی جوزئی مانگانە 120 هەزار دینارە, ئێمـە وەكـو لیژنـەی یاسـایی ڕامـان لەسـەر ئـەوەداوە, كـەوا ناكرێت بـە قـەرارەكی لەلایـەن ئەنجومـەنی وەزیـران قانونێـك ڕابگیرێـت، یـان هـەمواربكرێت، ئـیلا دەبێـت لەڕێگەی پەرلەمان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها لەڕووی داراییـەوە، لەڕاسـتیدا ئـەصڵی پرۆژەكـە لـە (68)تەحدیـدی میقـداری خانەنشـینەكە دەكات، دواتر ماددەی (69)تەحدیدی ئەكات، كە خانەنشینەكە ئەو مەبلەغە دەردەچێت لەوەنـدە زیـاتر نـەبێت و لەوەندەش كەمتر نەبێت، لەبـەر ئـەوە هەمواركردنەكە لـە پـرۆژەی حكومەتـدا كـەهاتووە گونجـاوە، لەگـەڵ بارودۆخی ئێستاكەدا كەوا لەنێوان (180)هەزار تـا (120) هـەزار بێـت، بۆیـە ئێمـە لەگـەڵ هـەمواركردنی پرۆژە یاساكەین، دواتر لەڕێگەی جەنابتەوە ئەگەر بكرێت جەنابی وەزیر هەندێ ڕوونكردنـەوەمان بـداتێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن،( کوێستان خان، سۆزان خان، کاك شڤان، شەونم خان)، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من نە تەئیدی ئەوەی حکومەت دەکەم، نە ئەوەی لیژنە بەڕێزەکان، لەبەر ئەوەی کرێکارێك دوای ئەو هەموو ساڵە لەماندووبوون، دوای ئەوەی کە تەمەنی وای لێدێت کە ئیتر کار نەکات، مووچەیەکی خانەنشینی وایان بۆ بڕیوەتەوە کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ لایەنی کەمی هیچ خێزانێك دابین بکات، (200) هەزار یان (150)هەزار دینار ئایا خێزانێکی پێ دەژێ؟، دوای ئەوەی ئەم کەسە ماندوو ئەبێت، دوای ئەوەی ئەم کەسە ئیتر ناتوانێت هیچ کارێك بکات، لەباتی ئەوەی کە پاداشت بکرێت، لەباتی ئەوەی مووچەیەکی بۆ ببڕێتەوە کە ئیتر لەدوا تەمەنی ژیانیدا بە خۆشی بژی، لەدونیای پێشکەوتوو وایە خەڵکی پیرو منداڵ زیاترین خزمەت دەکرێن، بەڵام لای ئێمە کەمترین مووچەیان بۆ بڕیونەتەوە، کە بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام ئەم مووچەیە زۆر لەوە زیاتر بکرێت، کە ژیانێکی شایستە بۆ ئەو کەسانە دابین بکات، کە ساڵانێکی دوورودرێژە خزمەتی ئەم نیشتمانەیان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆ انشاء الله ئەمجارەش نالێین حکومەت ڕەفزی کردۆتەوە، لیژنەش بڵێین ئێمەش ڕەفزمان کردۆتەوە، چونکە من ڕاپۆرتم لەبەردەستدایە لەسەر ئەساسی ڕاپۆرت قسە دەکەم، بۆیە لەڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵایەتیدا بەشێوازێکی تر هاتووە، کە ئەوە دەرمان دەکات لەو ئیشکالەی کە ئێمە پارە تەحدید بکەین، ئێمە خۆمان زۆر زۆر باش دەزانین ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نرخ زیاد دەبێت، ڕۆژ بەڕۆژ نرخەکان فەرقیان دەبێت، بۆیە ئەگەر هاتو ئێمە تەحدیدی ڕاتبمان نەکرد، بەڵکو بەوەی کە هاتووە لەناو ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵایەتی کە هیوادارم ئەوانیش ئێستا نەڵێین ڕەفزمان کردۆتەوە، بەم شێوەی لێ دێت، أ- (يعتبر الحد الاعلى للراتب التقاعدي الكامل بالنسبة لمختلف فروع الضمان في هذا القانون، الذي لايجوز تجاوزه في جميع الحالات عن(80٪) من متوسط الاجر الشهري للسنة الاخيرة المضمونة من خدمة العامل)، چونکە کرێکار لەناو کەرتی تایبەتدا ساڵانە زۆرجار هەیە، مووچەکەی زیاد دەکات، بۆیە تۆ ئەخیر مووچەی چەند بووە لەناو ئەو شوێنەدا لەسەر ئەساسی ئەوە مووچەی بدەیتێ، بێجگە لەو هەموو پارەی کەچەندین ساڵە لەناو سندوقی زەماندایە، ب- (يعتبر الحد الادنى للراتب التقاعدي الكامل بالنسبة لمختلف فروع الضمان في هذا القانون الذي لايجوز النزول عنه في جميع الحالات عن 60٪ من متوسط الاجر الشهري للسنة الاخيرة من خدمة العامل المضمونة شريطة ان لايقل عن مستوى الفقر) ئەمەش بۆ حەدی ئەدنایەتی کە ژیانێکی

گونجاو بۆ کرێکاران دابین بکەین، یەعنی ئەگەر هاتو ئەم کرێکارە حەدی ئەدنای مووچەکەشی زۆر کەم بوو، مانگی بە (180)هەزار ئیشی دەکرد هەر نابێت مووچەکەی ئەوەندە کەم بێتەوە کە لە 120 هەزار کەمتر بێت، کەواتە من ئەو پێشنیارەی کە لیژنەی کۆمەڵایەتی کردوویەتی تەئیدی دەکەم، کە تەحدیدی پارە نەکرێت، بەڵکو تەحدیدی نسبەکە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من هاوڕام لەگەڵ سۆزان خان، کە تەحدیدی نسبەکە بکرێت باشترە، چونکە یاسا کە عمومیەو سیفەی دەیموومەی هەیە، دەکرێت پاش ساڵێکی تر قوەی شیرائی پارەکە بەو شێوەیە نەبێت، ئەو وەختە دەبێت دیسان بێینەوە سەر تەعدیل کردنی، بۆ ئەوەی تەعدیلاتی زیاتر نەکەین، بەو سیغەی کە سۆزان خان خوێندیەوە وای لێ بکرێت، هەروەها بڕگەیەکیش زیاد بکرێت، هەر گۆڕانێك لەقوەی شیرائی دروست ببێت ئەمانەش بگرێتەوە، بۆ ئەوەی ببێت بەزەمانێك بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شەونم خان، فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا منیش هەمان ڕەئی هاوڕێنمان هەیە، بەڕاستی ئەو کرێکارانەی کە ئیش دەکەن، لەژیاندا ئەوەندە ماندوو دەبن و دەگەنە ئەو تەمەنەی کە تەقاعود دەبن، توانایەکیان نامێنێت بۆ هیچ کارێکی تر کەبیکەن، بۆیە ڕەنگە لەخەڵکی تر زیاتر پێویستیان بەچاودێری تەندروستی هەبێت و بەدکتۆر و دەرمان و پێداویستیەکانی تری ژیان هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێژەیەی کە دیاریکراوە من بەکەمی دەزانم، بۆیە منیش هەمان پێشنیاری هاوڕێکانم هەیە، کە بەنیسبەت دابندرێت، لەگەڵ بڕگەیەکی تر کەزیاد بکرێت، لەگەڵ موراعات کردنی نرخی پارە لەو ڕۆژەدا، بۆ ئەوەی لە 80٪کە شمولی کرێکارێکی کرد بەپێی ئەو ڕۆژە بڕیاری بۆ بدرێت، چەندە ئەو 80٪ی مووچەیە، نەك وەك ئێستا کە زۆر مووچەی تەقاعودی فەرمانبەر هەیە کە لە جیلەکانی پێش ئێمە ماونەتەوە بەڕاستی مووچەکەیان ئەوەندە کەمە بەشی دوو عیادەی دکتۆر ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی بەتەمەن لەهەموو کەسێك زیاتر پێویستی بەوە هەیە کە دەوڵەت موراعاتی بکات و ژیانی بۆ دابین بکات، تا ئەو کاتەی کە ژیانی کۆتایی پێ دێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب(وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە دوو برگە باس دەكەین، ماددەی (68)جیایە لە ئەصڵی ماددەكە، كە ئێستا كاری پێ ناكرێت و داوامان كردووە كە كاری پێ بكرێت، ئەصڵی ماددەكە لە بەرژەوەندی كرێكارانداییە، كە ساڵانە لە 2,5 ی مووچەكانی بۆ ئەژمار دەكرێت، واتە ساڵانی خزمەتی چەند بێت ئەو كاتە خانەنشینیەكەی زیاتر دەبێت لەوانەی كەخزمەتیان كەمترە، سەبارەت بە ماددەی(69) ئێمە كاتێك كە ئەمەمان ناردووە پێش 2 ساڵ بووە، دیارە ئەوكاتە مووچەی چاودێری كۆمەڵایەتی خۆی 30 هەزار بووە، ئێستا بووە بە 150 هەزار دینار، گۆڕانكاری لەمووچەكان بووە، داوای ئەوە دەكەین و ئێستاش نووسراومان كردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، دوو سبەی بڕیاری لەسەر دەدرێت كە كەمترین حەدی ئەعلاو ئەدنای مووچەی كرێكاران دیاری بكرێت لەسندوقی زەمان ئەوەی كە دەدرێت، وتوومانە كەمترین مووچەی خانەنیشینی نابێت لە (120)كەمتر بێت، بەس ئێستا هەیە 130 هەزارە، داوای ئەوەمان كردووە، ئەو 130 هەزارە ببێت بە 200 هەزار، لە 200 تێدەپەڕێت، بەڵام ئێمە دەڵێین لە 200 كەمتر نەبێت، ئێستا ئەوەی هەیە بە مەقتوعی دەدرێت، داوای ئەوەشمان كردووە خانەنشینی كرێكاران ئەوەی كە تەقاعودی جزئی وەردەگرێت نابێت لە مووچەی چاودێری كۆمەڵایەتی كەمتر بێت، نابێت لە 150 هەزار كەمتر بێت، واتە ئێمە حەدی ئەعلاو ئەدنامان دیاری كردووە، بەڵام ماددەی 68كە لەبەرژەوەندی كرێكارانە داوای ئەوە دەكەین ئەو دوو ماددەیە بەو شێوەی كە هەیە پەسەند بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەكان ئەگەر تێبینیتان نیە فەرموو بۆ ماددەیەكی تر، باشە كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

شتێك هەی دەمەوێت شەرحی بكەم، تەنها لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی باسی ماددەی 68 و 69 ئەكات، 68 كەباس كراوە وەكو جەنابی وەزیر باسی كرد ئەویش وا هاتووە، كە پێشەكیە بۆ ئەوەی بزانین ئێمە چی بكەین لەگەڵ ماددەی 69 بۆیە ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە، وەكو 9 وجودی بۆ نیە، لە ئەوەی كە ئەوان پێی دەڵێن ماددەی 10 باسی ماددەی 9 ئەكات، تكایە تا ئەخیر عەدەدەكەی كەم بكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەو شێوەی كە كاك عبدالسلام دەیڵێت دیارە جەنابی وەزیریش دەڵێت دوو ماددەی جیاوازە ماددەی 68 و69، نەك تەنها باسی یەك ماددە، ئێمەش ڕەئیمان لەسەر هەردوو ماددەكە داوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدم بۆ قسەی خۆم.

المادە العاشرە: يوقف العمل بالفقرة(ب) من المادة(71) من قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال، رقم(39) لسنة 1971في اقليم كوردستان – العراق، ويحل محلها مايلي:

ب- يجوز انتقال مدة ضمان التقاعد في الخدمة المضمونة واحتسابها لجميع الاغراض لدى اي تنظيم تقاعدي اداري او خاص ينظمها القانون كما يجوز العكس. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لەگەڵ ئەو هەموارکردنە نین، چونکە ئەصڵەکە دەڵێت سەنەواتی زەمان نقلٚ دەبێت بۆ هەر تەنزیمێکی تری ئیداری، کە ئەمە مەنتق و ماقی دەستەبەرکراوەکەیە، بەڵام ئەم وشەی (لجميع الاغراض)ە مەعقول نیە من بەپلەیەك بڵێم کرێکار بوو، چونکە ئەمە یاسای کرێکارە، من کرێکار بووم پاشان دەرفەتێك بۆ من ڕەخسا، چومە جێگایەك وەك موهەندیس کارم کرد، چونکە دەرچووی هەندەسەم، بەڵام کرێکاریم دەکرد، ئەو ساڵانەی کە من وەك کرێکار ئیشم کردووە، بۆ من حساب بێت بۆ تەرفیع وەك موهەندیس، ئەمە زەرەرێکی گەورە بەخۆی و بە مەسڵەحەی عامیش دەگەیەنین، چونکە سەنەواتی خزمەت بۆ تەرفیع حساب بێت، لەسەر ئەو ئەساسەی کە مومارەسەی میهنەکەی کردووە ئەو هەموو ساڵە، بۆیە ئێمە نەسە ئەصڵیەکەی وەکو خۆی دەهێڵینەوە، ئەو (لجميع الاغراض)ە ئەو تێبینیەمان لەسەری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەڕای لیژنەی تایبەتمەند دەکەین، ماددەکە وەك خۆی بمێنێتەوە، ڕەفزی ئەوە دەکەین لە کە پرۆژەکەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە نەمانتوانی بگەینە ڕەئی کۆتایی بۆیە هێشتمانەوە بۆ گفتوگۆ کردن لەناو لیژنەکەدا، چونکە لەڕاستیدا لە ئەصڵی یاساکەدا ئەم ماددەیە نەهاتووە، لەهەمان کاتیشدا ئەو کۆپیەی کە لەبەردەستماندایە لقی (ب) لە ماددەی 71 ی تێدا نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە ناوی دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بكەن( پەیام خان، سۆزان خان، ئەڤین خان، سیوەیل خان) فەرمووو پەیام خان.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە منیش هاوڕام لەگەڵ لیژنەی كۆمەلآیەتی، كەلەگەڵ ئەصڵی یاسـەكەین نـەك هەمواركردنەكـە، بـەلآم ئەو (لجمیع الاغراض) ە نەمێنێت لەبەر ئەوە ئەو كەسە دەبێت لەبوارەكەی خـۆی خزمـەتی كردبێـت، بـۆ ئیشی عەلاوەو تـەرفیع و ئـەو شـتانە، هـەر لەگـەڵ لیژنـەی كۆمەلآیـەتیم، بۆیـە لەگـەڵ ئەصـڵی پـرۆژەكـەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وای دەبینم ئەم ماددەیە بۆ ئەوەیـە، كـە دەرفـەت بـدرێت بەخـەڵكانێك كـە لـە كـەرتی گشتیەوە بچـنە كەرتی تایبەت بەپێچەوانەشەوە، ماڧ خۆیانە ئـەم كەسـانە ئینتقـالی مـودەی زەمـانی تەقاعودەكـە بكرێـت، ئەوە ماڧێكی سەریحی خۆیانە، ئیحتیساب بكرێت، بەلآم (لجمیع الاغراض) ەكە ئێستا قسەی لەسەر دروسـت بووە، بۆچی بەكار بێت، بۆیـە مـن ڕەئـی خـۆم وایـە، ئەمـە وەك خـۆی بێـت هـەتا (لجمیـع الاغـراض) ەكـە لاببرێـت، (لـدی ای تنظـیم تقاعـدي اداري او خـاص ینظمهـا القـانون) ئێمـە ئـەو كێشـەیەمان هەیـە، ئێمـە خەڵكێكی زۆر لە زەمەنێكدا لەگەڵ ڕێكخراوی (U.N) وەكو فەرمانبـەر ئیشـیان كـردووە، وەكـو كرێكـاریش ئیشیان كردووە، دوایی نقڵی حكومەت بوونەتەوە، ئێستاش بەهەمان شێوە هەیـە، بـەلآم بـە بڕیارێـك نقڵـی خەدەماتەكەیان بۆ كراوەتەوە بۆ كەرتی گشتی، ئەی باشە كرێكارەكە كە بیەوێت لەكەرتی تایبەتەوە بچێتە گەرتی گشتی یان بەپێچەوانەوە، بۆ ئەو ماڧەی نەبێـت؟، بەلآم (لجمیع الاغراض) ەكە مەتاتیەتێكی تێدایـە، بۆیە ئەگەر ئەوە لابرێـت ئـەوانی تـر ئەبێتـە تەشـجیعێك بـۆ ئـەو خەڵكـە كـە ڕوو بكاتـە كـەرتی تایبـەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو دەقەدام كە لەپرۆژەكەدا هـاتووە، ئـەو هـەموارەی كـە حكومـەت ناردوویـەتی، لەبـەر ئـەوەی ئێمە دەزانین، خەڵكانێكمان هەیە لە بەر زروفێك تەعین نەبوون و خاوەن بڕوانامەن، بەلآم سەیر دەكـەین

كە لە كەرتی تایبەت ئیشیان كـردووە، كـە دەرفـەتێكی بـۆ دێـت و دەچـێتە كـەرتی گشـتی، لێـرەدا لەكـەرتی گشتی لە ئیدارەدا، سەیردەكەین سولەمی مووچە هەیە، یەعنی سولەمی ئیداری هەیە، كە دەبیـنین ئـەوە 5 ساڵ لەكەرتی تایبەتی كاری كردووە، كە دێت تۆ لە سولەمەی ئیداری دای دەنێیت، بۆ مووچـەكەی 5 سـاڵی دەدەیتێ، بەڵام بۆ تەرفیع كردنەكەی بەرپرسیارێتی وەرگرتن یان ئەو شـتانەی كـە لـە ئیـدارە هەیـە، ئـەوە بـابێكی تـرە، سـەیر دەكـەین لـە دائیرەكـەدا خۆیـان بەرپرسـیارێتیەكی دەدەنـێ، بـۆ نموونـە مـن 15 سـاڵ خزمەتم هەیە، بەڵام مـەرج نیـە سـەرۆكی بـەش یـان مودیرێـك بم، خزمەتەكـەم هەیـە، لێـرەدا كـە تـۆ بـۆ تەرفیع خزمەتەكەی بۆ حساب دەكەیت یان بۆ هەر غەرەزێكی تر بۆی حساب دەكەیت، ئـەوە گـرێ نادرێـت بەو مەسئولیەتیەی كە دەیدرێتی لە دائیرەكەدا، بەڵام ئەمە بەمن كارێكی باشە، چـونكە خـەڵكێكی زۆرمـان هەیە كە دەرفەتی بۆ نەڕەخساوە كەوا خاوەن بڕوانامەشە لەكەرتی گشتی كـار بكـات، لەكـەرتی تایبـەت كـار دەكـات، لێـرەدا هەسـت بـە مـەغبوونی نـاكـات، لەكـەرتی تایبـەت كـاری كـردووە، بـەڵام كـە دەچـێتە كـەرتی گشتیش هەمان زەمانەتی بۆ دەچێتە ئەوێ، بۆیە من ئەمە بە زەمانێك دادەنێم بۆ خاوەن بڕوانامەكان كـە لەكەرتی تایبەت كار دەكەن، بۆیە پشتگیری ڕەئیەكەی حكومەت دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ هاوكارانم پەیام خان و سۆزان خان، كە( لجمیع الأغراض نـەمێنێت، چـونكە ئـەوە فەرقی تێدایە، ئەوەی بۆ خانەنشینی یان بـۆ زەمانـە، كێشـەمان نیـە، لـە كـەرتی گشـتی بـۆ تایبـەت، بـەڵام لەتایبەت بۆ گشتی، بەڵام لە تایبەت جاری وا هەیە، ئەگەر بۆ كەرتی گشتی بگوازێتەوە ئەو كاتـە لەوانەیـە كرێكارێك بێـت، ئەبێت ئێمە بڵێین بۆ كرێكارانە، ئەگەر مهندس بێت یان مامۆسـتا بێـت هەرچـیەك بێـت هەر حسابە لە كەرتی تایبەت، یـەعنی ئـەو هـەر بـە كرێكار حسابە، چونكە یاساكە بۆ كرێكارانـە، بـەڵام لەوانەیە بۆ نموونە یەكێك لەكەرتی تایبەت دەچێتە كەرتی گشتی، واسیتەیەكی دەبێت ناعەدالـەتی تێـدا دەبێت، وەزیفەكەی بەرز دەكرێتەوە، پلەكەی بەرز دەكرێتەوە، ئەو (لجمیع الاغراض) وەك ئـەوەی سـۆزان خان وتی، مەتاتیە ئەوەی تێدا نەمێنێت باشترە، ئەوانی تریش زۆر ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب(وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێستا هەیە، ئەوەی لەكەرتی تایبەت بێتە كەرتی گشتی، یاخود بۆ فەرمانگەیەك كەدادەمەزرێت، ئەو خزمەتەی كەهەیەتی دەستەبەركراوەكەی بۆ دەژمێردرێـت، بەڵام بەس بۆ تەقاعودی، نەك بۆ تەرفیع

و عەلاوە، ئێستا ئێمە ویستمان بەو ماددەیە، گۆڕانکارییەك بکەین لە پرۆژەکە تا خزمەتی ئەو کەسانە بکەین کە لەکەرتی تایبەت کار دەکەن، یاخود لە فەرمانگەن و دەچنە کەرتی تایبەت، بەڵام ئەوەی کە بینیومانە بەڕاستی جێبەجێ ناکرێت، نە کەس دەتوانێ لەکەرتی تایبەت ئەو عەلاوەو تەرفیعە بکات، نە لەکەرتی گشتیش ئێمە بەو شێوەیە ئیش بکەین، کە ماددەیەك هەموار بکەین و نەتوانین جێبەجێی بکەین، بۆیە منیش ڕام لەگەڵ لیژنەی کۆمەڵایەتی و لیژنەی یاساییدایە، ناتوانین جێبەجێی بکەین لەڕاستیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تاکو شتەکە زۆر وازحتر بێت، بڕگەی (ب)ی ئەصڵی پرۆژەکە، دەڵێت (يجوز انتقال مدة الضمان التقاعدي في الخدمة المضمونة واحتسابها خدمة تقاعدية لدى اي تنظيم تقاعدي اداري او خاص ينظمها القانون كما يجوز العكس) ئەو قەلەقەی کە هەتانبوو دەستەبەر کراوە، جەنابی وەزیر شەرحی کرد ئەو نیەتەی کە لەهەموو ئەغرازێك بێت، کەئێمە ڕەدمان کرد، یەك حاڵەتی تریش هەیە، خۆتان دەزانن لەکەرتی گشتی، قانونی خزمەتی مەدەنی هەیە، یاسای خزمەتی مەدەنی مەرجەکان و پلەبەندی و هەمووی جیاوازە لە 100٪ لەئەوانەی کە لە کەرتی تایبەت هەیە، خۆیان لەبەینی خۆیان چەند نەوع کار هەیە، چەند نەوعە کرێکار هەیە، بەپێی سەندیکاکان، بۆیە جەنابی وەزیر ڕاست دەکات، عەمەلیەن کەمن دەرفەتم بۆ ڕەخسا لەکەرتی گشتی ئیش بکەم، پلەکەم و دەرەجەکەم بۆ دیاری کراوە، من تەعین دەکرێم بەو پلەیە، بەو ڕاتبە، بۆیە تەسەور دەکەین تەتبیقیش نابێت، لەهەموو دونیاش تەسەور دەکەم، ئەو جیاوازیە لەنێوان خدمەی مەدەنی و خدمە لەکەرتی تایبەت کەلەوێ فراوانە و هەیە، بۆیە ئێمە ڕەدمان کردەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەکان ئەگەر تێبینیتان نیە بچنە سەر ماددەیەکی تر، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادي عشر:

اعطاء الصلاحية الى وزير العمل والشؤون الاجتماعية لغرض تطبيق الفقرة (39) من المادة (85) من القانون والخاصة بمنح العمال الفقراء من ذوي الاجور القليلة مساعدات مالية رمزية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

يوقف العمل بالفقرة (3) من المادة (58) من قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال رقم (39) لسنة 1971 ويحل محلها يلي

3- من صلاحية الوزير او من يخوله منح العمال المضمونين مساعدات مالية في حالات الافراح كالاعياد والزواج والولادة او في حالات المآسي كوفاة او مرض احد عيال العامل مرضاً عضالاً او ما سوى ذلك وفي حالة وفاة العامل المضمون تمنح المساعدة المالية عندة الوفاة الى عياله) بەڕێزان ماددە (85) لە برگەی (أ) داوا دەکات کە مەکاتبی نەقابی خاص بۆ زەمانی ئیجتماعی دروست بکرێت، ببنە حەڵقەیەك لە پەیوەندی نێوان دەزگای زەمان و کرێکارەکان، لەماددەی سێیەم لەڕێگای ئەم مەکتەبانە ئەم یارمەتیە بدرێت، ئەو تەعدیلەی کەکراوە ئەڵێت ئەمە لە سەلاحیاتی وەزیرە، یان ئەوەی کە ئەو تەخویلی ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت زیاتر ڕوونکردنەوەیەك بدەم لەسەر ئەم برگەیە، ئەصڵی یاساکە بەو شێوەیەیە، 3- منح العمال المضمونين مساعدات مالية في حالات الافراح كالاعياد والزواج والولادة او في حالات الماسي كوفاة او مرض احد عيال العامل مرضاً عضالاً او ما سوى ذلك وفي حالة وفاة العامل المضمون تمنح المساعدة المالية عن الوفاة الى عياله، ولمجلس الادارة اصدار تعليمات بتحديد مبالغ المساعدات والضوابط التي يتم المنح بموجبها لە پرۆژەکەی حکومەتدا بەم شێوەیە هاتووە، دەسەلات دەدرێت بەوەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی کە برگەی (3)ی ماددەی (85) لەم یاسایە جێبەجێ بکات، کە تایبەتە بەوەی یاریدەی ڕەمزی یاسایی بدات بە کرێکارانی هەژارو ئەوانەشی کە کرێیان کەمە، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەو پێشنیارە نین کە لەلایەن حکومەت تەقدیم کراوە، چونکە یاساکە ئەو مافەی داوە بەوەزارەت لە ئەحکامی ماددەکانی تردا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د .ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی تێگەیشتنی لیژنەی دارایی بەڕاستی لەماددەی (85) لە ئەصڵی ماددەکە مەراکزی هێناوەتە پێشەوە، مەراکزی عەمەل ئەو مەراکیزانە کۆمەڵێك سەلاحیاتیان هەیە، یەکێك لەو سەلاحیاتانە، ژمارە (3)ی

ماددەی(85)ە، ئەو ژمارە سێیە، لێرەدا لەهەمواركردنەكەدا، سەلاحیەت دەدەن بەوەزیری كاروكاروباری كۆمەلایەتی بۆ جێبەجێكردنی ئەو خاڵە كەجاران لە دەسەلاتی مەراكزی كاردا بووە، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ دەقی ئەو هەمواركردنەداین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات، ئەم بەڕێزانە قسەیان هەیە، كاك حمە سعید، مامۆستا عمر، ئاشتی عزیز، پەیمان خان، سۆزان خان، كاك جلال، پەیمان خان، شلێر خان، كاك حمە سعید، فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام كە ئەو سەلاحیەتە بدرێتە وەزیر، لەبەر ئەوەی لەبەرژەوەندی كرێكاری هەژارو ئەوانەی كرێیان كەمە، ڕاستە لە یاساو لە پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەت، سەلاحیەتی وەزیر هەیە كە هاوكاری بدات، بەلام ئەمە تەقیدی ئەكات بۆ كرێكارە هەژارەكان، لەبەر ئەوە لەناو عامێكدا تەقیدی خاصێك گرنگە، لەگەڵ ئەوەشدا كە ڕمزیەكەی لێ لابرێت، چونكە ئەوە تۆزێك كەمی دەكاتەوە، بەلام مساعدات مالیە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو ماددەیە من دوو تێبینیم هەیە، یەكەمیان پەیوەندی بە تەحدیدی حاڵەتەكانەوە هەیە، خۆی ئەو دەسەلاتە بۆ وەزیر شتێكی باشە، تەبعەن پێویستە و شتێكی موتەبەعە، كە دەسەلات بدرێت بەوەزیر، بەلام ئایا ئەم حاڵەتانەی لێرە (علی سبیل المثال)وتراون، كە دەڵێت(كالاعیاد والزواج والولادة والمأسي) هەر بە نموونە وتراون، ئایا باشتر نیە كە تەحدیدی حاڵەتاكان بكەین، یان دەسەلاتەكە كراوە بێت، دووەمیان بەنیسبەت بڕی هاوكارییەكەشەوە، ئەوەش هەر موتەبەعە لە یاسادا، كە سەقفی ئەعلای دیاری بكرێت، ئەوەیش هەركراوەیە، یان سەقفێك دیاری دەكرێت بۆ ئەو دەسەلاتەی كە دەدرێت بەوەزیر، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشتی خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من تێبینیم لەسەر ئەم ماددەیە جیاوازە، پێشتر لەیاساكەدا جەخت لەسەر ئەوە كراوەتەوە، كە ئەو دەسەلاتە بدرێت بەجەنابی وەزیر، پێشتریش ئەمە موتەبەعە كە بڕێك پارە لەژێر دەسەلاتی وەزارەتەكەی جەنابتدا هەیە، كە بتوانی جۆرێك لەو هاوكارییە داراییانە پێشكەش بكەیت، بەلام لێرەدا

ئەصڵی پرۆژەکە بەبڕوای من شێوازێك لە سستماتیك تر موعالەجەی هاوکارییەکانی کردووە، ئەم دەسەڵاتە کە بەموتڵەقی دەدرێت بەجەنابی وەزیر، مەسەلە خوانەخواستە گومان کردن نیە، چونکە ئەمان بەشێکی گەورەن لەهەموو ئەو شتانەی کەئێمە لێرە تەرحی دەکەین، ئەوانیش جێبەجێی دەکەن، یەعنی دەسەڵاتی ئەوان و توانای ئەوان ناخەینەوە ژێر پرسیار، ئەوەندەی من لەسەر سستمی بەڕێوەبردن قسە دەکەم، ئێمە ساڵانە لە بودجەدا موشکیلەیەکمان هەیە، بەتایبەت لەبڕگەکانی منحەو ئیعاناتدا، کەنازانین چۆن ڕەصدی بکەین، هاوکارییەکان بۆ کێیە؟، وە چۆن کۆنترۆڵ بکرێن، ئەگەر بەم موتڵەقیەتە بەتایبەتی کەناو نراوە، هاوکاری ڕەمزی، هەم بڕەکە تەحدیدی نیە، هەم هاوکارییەکە بۆ ئەشخاصەکانیش بەحاڵەت تەحدید کراوە، یەعنی ئەمە ئەگەر بە تەعلیمات کۆنترۆڵ نەکرێت، بەبڕوای من ئەبێتەوە بەدەرگایەکی تر تەعلیمات بۆ ئەم بڕگەیە ڕووبەڕووی جەنابی وەزیری دەکەمەوە، دەبێت زۆر زۆر ورد بێت، بۆئەوەی جارێکی تر تووشی ئەو گرفتانە نەبین، پرسیارێکی تر، چەند لەو کرێکارانە کە حاڵەتەکانی بە ئیستیسنا باس کراوە، چەندێك لەمانە هۆشیاریان هەیە، یان ئەتوانن بگەنە وەزارەت، بۆ داوا کردنی کۆمەك، بۆیە ئەمە بە سستم بکرێت، وەکو ئەو بڕگانەی کە پێشتر دانراوە، کە کەسێك بێت پێشتر ناچار کرابێت هەویەی زەمانی هەبێت، کۆمەڵێك زانیاری خۆی تۆمار کردبێت، ئەوە بەو شێوازە هاوکاری بکرێت باشترە، لەوەی کە لێرە بەم شێوە موتڵەقە بدرێت بەوەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنم لەهاوکارم ئاشتی خان، بەڵام تێبینیەکەی من ئەوەیە، سەرباری ئەوەی کە دەبێت لیژنەیەك یان مجلسی ئیدارە هەبێت، ئەو کێشەیە چارەسەر بکارت، یانیش ئەو کەسانە دیاری بکات کە بەڕاستی ئەوانە موستەحەقی ئەو ئیعاناتانەن، ئەو باربووەن، کە لەحاڵەتی پێویستیدا دەیاندرێتێ، دوای تۆمارکردنی ئەو زانیارییە ڕاستانە لەڕێگای چی، ئێستا تەبعەن خۆمان دەزانین عەسری تەکنەلۆژیایە، هەموو زانیارییەکی هەر کرێکارێك کە خۆی زەمان دەکات، زانیارییەکانی خۆشی هەمووی دەهێنێتە خوارەوە، حاڵەتی کۆمەڵایەتی چۆنە، ئەو لیژنە تایبەتمەندە، ئەو زانیارییانەی لەبەر چاوە، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر ئایا ئێمە کە سندوقی زەمان دادەنێین ئەو سندوقە سندوقێکی داخراوە، تەنها پارەکەی بۆ تەقاعود بەکار دەهێندرێت، ئەو باربووە لەکوێ دەکرێت، یەعنی پێویستە ئەمە بزانین، ئایا ئەوە دەرامەتی وەزیرە هی تایبەت کە بۆی دانراوەو حەقی سەرفی هەیە؟ یانیش دەگەڕێتەوە بۆ سندوقەکە؟ ئەگەر بۆ سندوقەکە دەگەڕێتەوە ئەوە شتێکە، ئەگەر وەزارەتیش دەیدات ئەوە شتێکی ترە، بەس باشترە کە دیار بکرێت، هەندێ کرێکار گلەیی ئەوەیان هەبوو کە وەزارەت تەکریمی هەندێکی کردووە، ئەوان بەشیان نەبوو لەوەدا کە زۆر پێویستیان پێی هەبوو، ڕێزم بۆ جەنابی وەزیر هەیە لەوانەیە ئەو لەو

پۆستە نامێنێت یەکێکی تر دێتە شوێنی، بەڵام پێویستە ئێمە ئەو کارە تەحدید بکەین، زۆر بەوردی تەحدیدی بکەین، چونکە بۆ داهاتوو ئەو ئیشە دەبێتە کەرتی تایبەت و باڵ دەکێشێت بەسەر هەمووکایەکی ژیاندا، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو شتە مەزموون بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خودی ئەم ماددەیەی کە داوا کراوە تەعدیل بکرێت، لەژێر چ ناوێکدا هاتووە لەناو یاسا ئەصڵیەکەدا، لەژێر ناوی (المراكز النقابية للضمان الاجتماعي) لێرەدا باسی ڕێکخستن دەکات، چۆن ئەم کرێکارانە زەمانەکەیان ڕێك دەخرێت؟، لەڕێگەی مەکاتبەوە ئەبێت، مەکتەبێك دروست دەکرێت پێی دەوترێت،(تؤسس في مكتب الاتحاد، وفي مكاتب الاتحادات الفرعية، وفي مكاتب النقابات في المحافظات) یەعنی کارەکە خۆی لێرەدا کراوە بەکارێکی موئەسەساتی ئێمە ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەستەبەری کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتیمان هەیە، لەلایەکی ترەوە سەندیکای کرێکارانمان هەیە، کەواتە دەکرێت لەڕێگای سەندیکای کرێکاران و لەگەڵ دائیرەی دەستەبەری کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەو ڕەبتە دروست بکرێت کەوەختی خۆی لەناو یاساکەدا باس کراوە، هەرسەندیکای کرێکارانە کە ئیعلامی بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەکەن، دەڵێن ئەوە فلان کرێکار مەزموون نیە، با زەمان بکرێت، ئەوە فلان کرێکار حادیسەی لێ قەوماوە، دەستی پەڕیوە، لەکاتی کارکردندا قاچی پەڕیوە، داوای هاوکاری دەکات، دەبێ زەمانە صەحیەکەی بۆ سەرف بکرێت، کەواتە ئەوان دەبن بەو حەڵقەیە، بەڵام کێشەی ئێمە کێشەی داراییە، کە دەبێت هەموو ئەو سەڵاحیاتانەی کەدەدرێت دەبێت ئێمە ناوی بنێین، دەبێت بڵێین ( اعطاء الصلاحية الى وزير العمل والشؤون الاجتماعية لغرض تطبيق الفقرة(3)) یەعنی ئەبێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو ودەستەبەری کۆمەڵایەتی بگەڕێتەوە بۆ بەڕێز وەزیر بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەیە سەرف بکرێت، ئەوەیە مەبەستەکە لێرەدا، بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدا نیم ئێمە کارەکان زیاتر بەموئەسەساتی بکرێت، دەسەڵاتەکان زیاتر شۆڕ بکرێنەوە، بەڕێوەبەرایەتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەهاوکاری لەگەڵ سەندیکای کرێکاراندا ئەم حاڵەتانە ڕەصد بکەن، وەداوا بکەن لە سندوقەکە یارمەتی بدرێن، ئیعاناتیان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەهەموارەکەدا کە ئیقتراح کراوە، سەلاحیەت بدرێت بەجەنابی وەزیری کاروکاروباری کۆمەلایەتی، کە یارمەتی دارایی بدات بەکرێکاری هەژار و ئەوانەی کە کرێکەیان کەمە، دیارە کرێکار زۆربەیان هەژارن، ئەگەر نەلێم لە 100٪ ی لەبەر ئەوە، ئەوەی لە یاسا ئەصلیەکەدا هاتووە دەلێت لەکاتی شاییدا، لەکاتی خۆشیدا، لەکاتی شیندا، لەکاتی کارەسات ولێقەوماندا یارمەتی بدرێت، لەرێگەی ئەو دائیرەو فەرمانگانەی کە سۆزان خان باسی کرد، رێنمایی و دەسەلات بدرێت بەوان کە بۆی دیاری بکەن، ئایا ئەمە لە شیندایە یان لە شاییدایە، لە لێقەومان و کارەساتدایە، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو یارمەتیەی بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من پێش ئەوەی ڕەئی خۆم بلێم پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیر، هەر بۆخۆی حیکمەت لەو گۆڕینە چیە؟، کە ئەو سەلاحیەتە ئەیانەوێت بیدەن بە جەنابی وەزیر، چونکە من پێم وایە، مەهامی وەزیر، زۆر زیاترە لەوەی کە ئاوا شۆڕ بێتەوە بۆ ئەو باربووانەی کرێکاران، ئەوەی کە تەحدید کراوە لێرەدا لە حالەتی شایی و شیندا کەزۆر حالەتی جیاجیا دەگرێتەوە، پێم وابێ ئەمە هەم لەڕووی ئالیەتی ئیشکردنەوە، ئالیەتێکی خراپە، هەم ئەو سەلاحیەتەش جۆرێك لە زەمانەت دەدات کەئەو بڕگەیە بەتەواوەتی جێبەجێ نەکرێت، چونکە ئاوا کۆکردنەوەی ئەو هەموو دەسەلاتانە لەلای وەزیر، من پێم وایە جۆرێك لە مۆماتەلە یان لەدوورکەوتەنەوەی ئیشەکان ڕوو ئەدات، بەهۆی ڕۆتینیاتەوە، بۆیە من پێم وایە هەروەکو ئەوەی کەهەیە بۆ ئەو مەجالیسانە بمێنێتەوە، یان ئەو هەیئاتانەی کەهەیەو خۆیان ڕێکیان خستووە، چونکە هەم ئەوان باشتر ئەزانن کە کرێکارەکانیان چالاکیان چەندە؟، وە ئەو خۆشیە یان ناخۆشیەی کەهەیانە بەچەند تەقدیری دەکەن، تا ئەو مینحەیان بدەنێ، کەنەچێتە لای وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شلێر خان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەللاهی ئەو دانی سەلاحیەتە وەکو سۆزان خان وتی، ئێمە خۆمان لە موعاناتێکدا دەژین کەبەراستی دەمانەوێت وەزیر ئەو سەلاحیەتەی هەبێت، ئەگینا هەمووومان بە بەردەوامی موتابەعەی ئەو بەرنامانەش دەکەین، وەزیر چەندین جار دەستی خەڵکی گرتووە کە کەمدەرامەت بوون، نەك هەر کرێکار بلێین کە سەر بەوەزارەتەکەیەتی، لەبەر ئەوە بەعەکسەوە با ئەو سەلاحیەتەی بۆ بمێنێتەوە، من خۆم لەگەڵ ئەوەدام کە ئێمە خۆمان یاساییەکمان دەرکرد لەم پەرلەمانە، بۆ دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ

خەڵکی کەمدەرامەت، ئەصڵەن ئەم دەسەلاتە بدرێت بە وەزیر، کە بەشداری لەوەشدا بکات، هەر ئەو نەوعە کەسانە ئەو خاڵی نیشتەجێبوونەشیان بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب(وەزیری كاروكاروباری كۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، خۆی ئەم برگەیە هەیە لە ئەصڵی ماددەکە، بۆ بەرچاو ڕوونی بەڕێزان نەمن دەسەلاتم هەیە، نە مەجلسی ئیدارەی کاریش ئەو دەسەلاتەی هەیە یەك دینار لەو سندوقی زەمانە سەرف بکات، تاکو ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە یارمەتی کرێکارێك بدەین بەپێی یاساکەی ئێمە دەبێت ئەو کرێکارانەی کە تووشی پێکان دەبن بیانێرین بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان تا چەرەسەریان بۆ بکرێت، ڕۆژانە ئێمە حاڵەتی وامان دێتە بەردەم و ناتوانین یارمەتیان بدەین، لەبەرچی؟، چونکە سندوقەکە داخراوە، بەس تەنها دەسەلات دەسەلاتی دارایی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەگەر دینارێکی لێ سەرف بکرێت، ئەمەش کە لێرە هاتووە نازانم بۆچی هاتووەتە ئەم تەعدیلەوە، خۆی دەبوایە لەو برگەیە بوایە کە لە ئەنجومەنی وەزیران داوای کاراکردنیمان کردووە، ئەم دەسەلاتە ئەگەر من ئەم دەسەلاتەم هەبێت وەری ناگرم، وە جێبەجێشی ناکەم، چونکە مەجلسی ئیدارەی عەمەلمان هەیە، نوێنەری سەندیکای کرێکارانمان لەگەڵدایە، خاوەنی ژووری بازرگانیمان لەگەڵدایە، خاوەن کارمان لەگەڵدایە، نوێنەری داراییمان لەگەڵدایە، هەر پڕۆژەیەك بۆ بەرژەوەندی کرێکارانە ئێمە بەنوێنەرایەتی و بەئامادەبوونی سەندیکای کرێکاران ئەم ئیشانە دەکەین و بڕیاری لەسەر دەدەین، بەلام ئەوەی کە بۆمان نەکراوە، بودجەی تەرخانکراومان نیە بۆ یارمەتی ئەوکرێکارانەی کە ڕۆژانە داوای هاوکاری ماددی دەکەن، داوای چارەسەر دەکەن، ئێمە لەموعاناتداین یارمەتیمان بدەن تا بودجەی تەرخانکراو هەبێت بۆ ئەو حاڵەتانە، تا بتوانین یارمەتی ئەو کرێکارانە بدەین، ڕۆژانە کرێکاران دێنە وەزارەت ناتوانین هاوکارییان بکەین، بۆ زانیاری هەمووتان کرێکار هەبووە، داوای هاوکاری کردووە، من وەکو وەزیر وەکو خوشکێك سواڵم بۆ کردووە لەکۆمپانیاکان، لەشوێنەکانی تر، لە ئەنجومەنی وەزیران داوای هاوکاریم کردووە، لە کەرتی تایبەت داوای هاوکاریم کردووە، ئەگەر ئەم بودجەیە هەبێت، پێویست بەوە ناکات من بەتەکلیفی شەخصی یارمەتی کرێکاران بدەم، ئەوکاتە ئەو بودجەیە هەیەو لەلایەن حکومەتەوە دەبێت وهەموو کەسێك دەتوانێ داوای هاوکاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

3-خستنه ڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسایی هەموار كردنی دووەمی یاسای ئەكادیمیای كوردی له هەرێمی كوردستان ژماره (12)ی ساڵی 1997.

4-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی كوردستانی عیراق بۆ ساڵی 2012.

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی و وەفدە یاوەرەكەی دەكەین، ئێستاش جەنابی جێگری سەرۆكی پەرلەمان ناوی ئەوانە دەخوێنێتەوە كه ئیجازەن یا غائیبن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ناوی ئەو ئەندامانەی له دانیشتنی ژماره (13)ی ئاسایی له ڕێكەوتی 2012/5/8 مۆڵەت دراون یا ئامادە نەبوون ئەمانەن:

1-اسماعیل سعید محمد- مۆڵەت

2-برهان رشید حسن- مۆڵەت

3-تارا تحسین یاسین- مۆڵەت

4-حازم تحسین سعید- مۆڵەت

5-سمیرە عبدالله اسماعیل- ئیفاد

6-شێرزاد عبدالحافظ شریف- مۆڵەت

6-د.صباح محمد نجیب- ئیفاد

7-عماد محمد حسین- مۆڵەت

8-عظیمة نجم الدین محمود- مۆڵەت

9-گوڵێزار قادر اسماعیل- ئیفاد

10-یشار نجم الدین نورالدین- ئیفاد

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر بڕگەی یەك له بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان، بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هەموار كردنی یاسای دەستەبەری كۆمەڵایەتی كرێكاران، ژماره (39)ی ساڵی 1971، فەرموو لیژنەكان.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی بودجە گەیشتە پەرلەمانی كوردستان، و ئەمڕۆ له بەرنامەی كاردایە بۆ خوێندنەوەی یەكەمی، پێشنیار دەكەم كه خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێ، و ئەم بابەتە بدرێتە دەنگ دانەوە هەتا ئەوە ببێتە فەقەرەی یەكەم، ئینجا ئاراستەی لیژنەی دارایی بكرێتەوە بۆ ئامادە كردنی ڕاپۆرت له لایەن لیژنەكانی پەرلەمانەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆكی پەرلەمان:**

خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار بەشی هەرە زۆری ڕۆیشتووە، شتێکی کەمی ماوە، کەی ئەو تەواو بوو هەر ئەمڕۆ خاڵی چوارەم دەینینە پێشەوە، ئەمڕۆ تەحویلی دەکەین بۆ لیژنەی دارایی و بۆ هەموو لیژنەکان و کاری لەسەر دەکەین، لەبەر ئەوە با ئێمە خاڵی یەکەم تەواو بکەین لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، دوای دەچینە سەر خاڵی چوارەم، فەرموو لیژنەکان بۆ شوێنی خۆتان. ماددەی(12):

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (12) لە ئەصڵی قانون لە پرۆژەکە:

تضاف فقرة بتسلسل (ب) الى المادة (86) من قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال رقم (39) لسنة 1971 في اقليم كوردستان وكالاتي:

ب- في القضايا التي تقدم الى قضاء العمل والتي ترفع من المؤسسة تعفى من الرسومات.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل- سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار رشيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە وەکو لیژنە ئەو ماددەیەمان ڕەفز کردووە.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پێشنیاری ڕەت کردنەوەی ئەم یاسایەمان کردووە.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دامانناوە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل- سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب- وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لە ماددەی (21)دا هەیە، بەڵام ئێمە لێرە ویستوومانە ئیزافە بکرێ وەك جەخت کردنەوەیەك کە ئەوەی قەزائی دەعوای عەمەل ئیعفا بکرێ لە ڕسوومات، ڕای کۆتایی لای ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل- سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

المادة الثالثة عشر:

(تعدل كلمة (دينار) اينما وردت في القانون الى خمسون دينار و نصف دينار الى خمسة و سبعون دينار)

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە لە لیژنە ڕەتمان کردووە، چونکە نەبەس تەنها لەم یاسایە، لە زۆر یاسا ئێمە ئیشکالیاتمان هەیە، مەبالیغی دینار حیساب کراوە، وابزانم لای حکومەتی ئێمە هەندێ تەعلیمات هەیە خاصە، چۆن ئەو حیسابە ئەکرێت بە پێی ئەو دینارەی وەختی خۆی لە عیراق هەبوو، چونکە لە هەندەك جێ مەعقول نیە ڕەئسەن لەهەر جێگاییێك بکەینە (مائة و خمسون و نصف دينار الى خمسة و سبعون دينار)، لە هەندێ جێگا باسی سەد هەزار کراوە، باسی دوو سەد هەزار کراوە، بۆیە تەصەور دەکەین ئەمەش زیادە، سوپاس

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پێشنیاری ڕەت کردنەوەی ئەو بڕگەیەمان کردووە و سوپاس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دیدی لیژنەی داراییەوە ئەو بابەتە پشتی بەستووە بەو گۆڕانکاریەی لە قیمەتی دینار کراوە لە کاتی خۆی دا لە دوای 2003 وە، کە دینارێکی سویسری بە سەد و پەنجای ئەو چاپەی کە تازە دائەنرێ، لەبەر ئەوە ئێمە لە ڕووی ئەو مەبدەئە کە پەیڕەوی ئەکرێت تاکو ئێستا ئێمە پەسەندمان کردووە و دواتر ڕاش بۆ ئەو ئەندامە بەرێزانەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئاسۆس نەجیب- وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە زۆر فەرمانگەدا پرسیاری ئەوەمان لێ ئەکەن و تەوزیح ئەدەن، دیارە دوا بڕیاریش لای ئەندامانی پەرلەمانی بەرێزە کە کار بکرێ بەو تەعلیماتەی کە لە لایەن وەزارەتی داراییەوە هاتووە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددە سەرەکیەکانی پرۆژە یاسا تەواو بوون، دێینە ماددە ڕۆتینیەکان، بەڵام پێش ئەوە داوای ڕەزامەندی بەرێزتان ئەکەین کە ئێمە ئەو پێشنیارانەی کە لە ڕاپۆرتی ئێمەدا هاتوون، لەگەڵ مەوزوعی ئەوانەی

خاوەن پیشەی خۆیانن، و کرێکاری وەرزی، لێرە گفتوگۆ دەست پێ بکەین تاکو چەند ماددە ئیزافە بکەین بۆ ئەوەی ئەو شتانە ئەنجام بدرێن ئەگەر موافق بن، سوپاس.

**بەرێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەصڵی پرۆژە یاساکە کە لە لایەن حکومەتەوە بۆ پەرلەمان نێردراوە، لە هاوپێچی ژمارە (3)دا موقتەرەحێکیان هێناوە کە پێی دەڵێن (مقترح تعديل نظام تسديد اشتراكات الضمان الاجتماعي) رقم (31) لسنة 1987، بەم شێوەیە داوا ئەکەن (تعدل الفقرة الثانية من المادة (11) من نظام تسديد اشتراكات الضمان الاجتماعي رقم (31) لسنة 1987)، و تقرآ كالاتي:

لە هاوپێچی سێیەمی ئەصڵی پرۆژە یاساکە کە بۆمان هاتووە داوای ئەو تەعدیلە ئەکەن.

2-تعتبر من متممات الاجور و الرواتب المخصصات الدائمة المستمرة التي لا تنقطع عن العامل المضمون عند تمتعه باجازة اعتيادية آو مرضية آو خلال آيام العطل الاسبوعية و العطل الرسمية و الاعياد والايفاد آو آية حالة اخرى  مماثلة بشرط آن لا تزيد هذه المخصصات عن نسبة 50٪ من الاجرة الشهرية للعامل.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو هاوپێچە تەنها بۆ مەعلومات بوو، حکومەت نیزامێکی دەرکردووە بێ یاسا، نیزامە، خۆی حەقی خۆی هەیە بۆ خۆی نیزامەکەی خۆی بگۆڕێت، من تەصەور ئەکەم ئەمە عیلاقەیەکی ڕاستەوخۆی بە یاساوە نیە.

**بەریز ئاسۆس نجيب- وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێش ئاماژەم بەوە کرد هەنێ سیستەم و پەیڕەو هەیە داوای کارا کردنیمان کردووە، کە بەهەڵە هاتووە بۆ پەرلەمان، دەبوایە هەر لە ئەنجومەنی وەزیران بوایە، سوپاس

**بەرێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش وەك لیژنەی یاسایی مافی خۆمان دەپارێزین بە داوا کردنی زیاد کردنی چەند ماددەکی (پرۆتۆکۆلی) کە لە پرۆژەکەدا نەهاتووە، و مەعلومە لای ئەندامانی پەرلەمانیش کە شێوازەکانی چۆنە، دوایی دەیخوێنینەوە پاش ئەوەی کە بەرێز کاك (عبدالسلام بەرواری) پێشنیارەکانی خۆی تەقدیم دەکات وەك لیژنەی تایبەتمەند، سوپاس

**بەرێز سەردار رشيد محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە ئێمە کە یاسا دەرئەکەین بۆ کرێکار کە کەرتی تایبەت و دوێنێش من تەوزیحم دا، بەڵام بەڕاستی جگە لەو هەزاران هەزار کرێکارەی کە چاوەڕێی ئەوە ئەکەن کە ئێمە لێرە

مەدخەلێك یاخود جێگایەکیان بۆ بدۆزینەوە، ئەگەر مەکاتبی عەمەلە هەر ئەمڕۆ پەرلەمان و وەزارەت لێرەیە بەڕاستی با بڕیار لەمە بدەین، چونکە هەر ئەمانەن بەڕاستی دێنە پەرلەمان، هەر ئەمانە بوون بەڕاستی لە یەکی ئایار هاتنە مەکاتب و نووسینگەکانی پەرلەمان لە سلێمانی و لە دهۆك، ئەمە تەڵەبی ئەوانە، یەعنی مەنتیق نیە ئێمە بڵێین لەبەر ئەوەی خاوەن کاریان نیە وەلاّ هیچیان بۆ ناکەین، لەهیچ وڵاتێکی دونیا ئەگەر یاسا سەروەر بێ حەتمەن ئەبێ یاسا موعالەجەی ئەم وەزعە بکات، ئەبێ یاسا حەلێکیان بۆ بدۆزێتەوە، جگە لەوەی کە بەڕاستی من پێم وایە کۆمەڵێك شەریحەی تریش هەیە لەو کۆمەڵگایەی ئێمە کە زۆرن، ناکرێ ئێمە بەڕاستی نادیدەیان بگرین، مەسەلەن یەکێ لەوانە نانەواکانن، کاکە نانەوایەکی زۆر و زەبەند هەیە، بڵێین شۆفێری تەکسی هەیە، شۆفێری پاس هەیە، ئەمانە لە وڵاتان ڕێك خراون بە ڕێنمایی کاری نێودەوڵەتی، کاك (ئەمیر) لێرەیە لە وانەیە باشتر شارەزابێ لەبەر ئەوەی چەندین دەوراتی لەو بارەوە بینیوە، لەڕاستیدا من باس لە شتێك ئەکەم مەسەلەی یاسا،توخوا (سۆزان) خان بەیارمەتی، مەسەلەی یاسا چەند گرنگە بەڕاستی دەرچێ جێ بەجێ کردنەکەی گرنگترە بەڕاستی، ئێمە پێشتر سێ یاسامان هەیە کاکە لەم وڵاتە، یاسای زەمانمان هەیە، یاسای (57)مان هەیە نازانم سێیە یا چوارە، یاسای ژمارە (57)ی ساڵی (56)مان هەیە، یاسای ساڵی (60)مان هەیە، کۆمەڵێك یاسامان هەیە، بەلاّم نوقتەیەك نەبووە ئیلزامی خاوەن کار بکات بەڕاستی، ئەوەش لە سەر شانی وەزارەتی کار کە جەنابی وەزیر لێرەیە، تائێستا ئەو یاسایانە نەچوونەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، یەعنی یەك یاسا کە من لە تاریخی (57)ەوە شارەزام لەوانەیە ئیحتیمالە لە پێشتریش دا هەبووبێ، سێ یاسا بە یاسای (39)ەوە تاکو ئێستا بەڕاستی نوقتەیەکی قوەتی تێدا نەبووە کە خاوەن کار ئیلزام بکات، ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ بەڕاستی پێ لەسەر ئەو یاسایەدا نەگرین سری قوەتی ئەم یاسایە لەوەدا بێ کە خاوەن کار ئیجبار بکەین بەوەی کە بەڕاستی یاساکە جێ بەجێ بکات، سوپاس

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلرلەمان.**

من پشتیوانی پێشنیارەکەی کاك (سەردار) دەکەم، لەبەر ئەوەی ئێمە ئامانجمان لە دەرکردنی ئەو یاسایە هەموارکردنی، زەمانەت کردنی یا دەستە بەرکردنی مافی کۆمەلاّیەتی کرێکارانە، کرێکاران بە گشتی وەبەتایبەت کرێکارانی بیناسازی کە پەیوەندی بە شوفێرەوە هەیە، بە ژنانی کار کەر هەیە، یەعنی توێژێکی بەرفراوان و گەورەن، پێم وایە ئەوە ئەرکی حکومەتە، یەعنی حکومەت خۆی بەشێك تەئمین دەکات لە دەستەبەری کۆمەلاّیەتی، لە دڵنیایی کۆمەلاّیەتی، دەتوانین ئێمە لێرە چارەسەرێك بدۆزینەوە کە حکومەت ئەو ئەرکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت کە پەیوەندی بە یەعنی زیاتر ئەو کرێکارانەیە، زیاتر ئەو توێژە بەرفراوانەیە کە چارەنووسی نادیارە، هەتا بۆ ئیش کردنیش، یەعنی ئیشەکەشی ڕێك خراو نیە و زامن نیە، لەبەر ئەوە ئێمە لێرە ئەتوانین بە دەقێکی یاسایی حکومەت مولزەم بکەین زەمانەتی دەستە بەرکردنی ئەو کرێکارانە بگرێتە ئەستۆ، با خاوەن کاریشی دیار نەبێتن، مەکتەبی تەشغیل کە نووسینگەی

کارکردن دەکاتەوە و ناسنامەیان بۆ دروست ئەکا، و بە پێی ئیشەکەی ئەتوانێ بەشداریش بکاتن، بەلأم گرنگ ئەوەیە لە ئەنجامدا ئەو کرێکارە دەستە بەری کۆمەلأیەتی یا دلنیایی کۆمەلأیەتی بۆ جێ بەجێ کرایە، و مسۆگەر کرایە، و سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەد لە سەد پشتگیری لە قسەکانی هاوڕێ و هاوکارم کاك (سەردار) دەکەم، چونکە ئێمە کێشەکەمان هەیە، بەم تەعدیلاتە ئەم کێشەیە چارەسەر ناکرێ، دوێنێش باسم کرد، ئێمە کرێکارمان هەیە کە بەپێی یاساکانی عیراق ئەبێ هەموو کرێکارێك خاوەن کاری هەبێ، بەس ئەمە عاملە، بەکرێ، بە قتعە، کە کرێکاری بینا سازیە، ئەمانە خاوەن کاریان نیە، بەلکو ڕۆژانە ئەچن کاری خۆیان ئەکەن و ئەو ڕۆژەی کاریان هەبێ ئەوە ئەژین و ئەو ڕۆژەی کاریان نەبوو ناژین، ئەی ئەمە ئێمە چۆن چارەسەری بکەین ئەگەر لەناو چوار چێوەی یاسایدا نەبێ؟ زۆر ئاسانە کە ئێمە بتوانین ئەم بابەتە چارەسەر بکەین لە ڕێگەی مەکاتبی عەمەلەوە، مەکاتبی عەمەل دابمەزرێ، ئەمە حالەتی یەکەم، کەئەبێ هەموو خاوەن کارێك ئەبێ ئیلزام بکرێ بە زەمان کردن، هەموویان زەمان نەکراون، کەس ناتوانێ بەمن بلێ ئێستا هەرچی کرێکار هەیە لە کوردستاندا ئەوەی لە کەرتی تایبەتدایە زەمان کراوە، شتی وا نیە، جەولاتی تەفتیشی هەیە، ئەچن، بەلێ سەردان ئەکەن، بەلێ کرێکاریان لە لایە، یەکێ زەمان ئەکات و دە نایکەن، چونکە کابرای خاوەن کار ئەبێ پارەی بۆ بدات، ئەمە یەك، مەسەلەی مەکاتبی عەمەل ئەو هەموو کەسێکی کە خاوەنی کارێکە، بە ئوجرەیە، بە قتعەیە، کرێکار دەستیە، بیناسازیە، هەرشتێکە، لەم مەکاتبی عەمەلەدا دەچێت خۆی ناو نووس دەکات، ئەم مەکتەبی عەمەلە لەبەرامبەر بڕێك پارە کە مانگانە لێی وەردەگرێ هەر چ ڕۆژێك ئیشی هەبوو ئەچێ ئەلێ تەسجیل ئەکات، یا هەفتەی جارێك، ئەچێت ئەلێ من ئەمەنە ڕۆژ ئیشم کردووە، ئەمەنە ڕۆژ ئیشم نەکردووە، ئەی ئەو کابرایە کە مرد خۆ ئەبێ شوێنێك هەبێ پارە بدات بە ماڵ و منالی؟ ئەی چۆن ئێمە باسی ئەوە ئەکەین کە هەرچی هاوولأتی ئەم ولأتەیە ئەبێ ژیانی مەزموون بێ؟ نابێ لە چوارچێوەی یاسادا ئێمە ئەم ژیانە مەزموون بکەین؟ هەر لەبەر ئەوە بەجێیان بێلین، بلێین ئەوانە کرێکاری بیناسازین، خاوەن کاریان نیە، ئەوانە فلأنن؟ هەر لەم بەینەدا کرێکاری بیناسازی دووانیان هی دەرەوەی هەرێم بوون، یەکێکیان خەلکی ئەم هەرێمە بوو، لە (تاوەر جافدا) بەربوونەوە خوارەوە یەعنی من نازانم ژیانی ئەم ماڵ و منالەیان چی بەسەردێ کە ئەمانە مەزموون بوون یا مەزموون نەبوون؟ ئەمانە چۆن ئەم حالەتە چارەسەر ئەکرێ؟ کابرا مرد، تەواو، نە شوێنی کارەکەی سەلامەتی عەمەلی تیایە، نەخۆی ژیانی مەزموونە، ئەی ئەمە چۆن بژی دوای ئەوەی کە تووشی کەم ئەندامی بێ یا بمرێ؟ منالەکانی چۆن بژین؟

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـه نیسـبەت ئـەو پـرۆژە یاسـایە ئەگـەر دەرچـێتن وەك هاوكـارانم باسـیان كـرد، ئەگـەر ئـەو كرێكارانـە نەگرێتەوە كە خاوەن كاریان نیە، هەر دەرنەچێ باشترە، هەرچەندە ئەو یاسایە هەمواركردنی یاسای ژمـارە (39) یـە، بـەلاّم لـە مـاددەی (2)دا هـاتبوو پێشـتریش باسـم كـرد كـە حكومـەت پێشـنیاری ئـەوەی كـردووە بابلێین ئەو پرۆژە یاسایەی كەهاتووە، لە 4٪ لە جیاتی خاوەن كار بدات، با حكومەت لە جیـاتی ئـەوەی لـە 4٪ ی لەجیاتی خاوەن كاری بدات، ئەوە دوو، سێ جارە باسی دەكەم، بـا لـەجیاتی ئـەو كرێكارانـە بـدات كـە خاوەن كاریان نیە، ئەگەر حكومەت پارەی هەیە با لەجیاتی ئەو كرێكارانە بدات باشترە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان دوێنێش دووجار قسەت كرد، ئەمڕۆ هەمان قسەت كردەوە، فەرموو كاك دانا.

**بەرێز د.دانا سعید صوّفی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پـێم وایـە ئەگـەر تەماشـای چـەند مـۆدێلێكی بـابلێین جیهـانی بكـەین دەتـوانین ئـەو مەسـەلەیە چارەسـەر بكەین، ئەگەر بابلێین یەكێك كار دەكات، بەلاّم بۆ خۆی خاوەن كاری نیە، بەلاّم ئـەوەی ببیـنین لـە مـۆدێلی ولاّتانی تر بە (سێڵف ئیمپلۆیمێنت) نـاو نـووس دەكرێـت، واتـە بۆخۆیـان خـاوەن كـاری خۆیـانن، پـێم وایـە ئەگەر ئێمە بتوانین تەعریفی ئەوە بكەین كە ئەوانەی كە بۆخۆیان كار دەكەن بەلاّم بابلێین كە خاوەن كار نین بـۆ خۆیـان، بـەلاّم ئێمـە ئـەبێ سیسـتەمێك بدۆزینـەوە كـە تۆمـار بكـرێن، وەك چـۆن شـەریكات تۆمـار دەكرێ، كۆمپانیا تۆمار دەكرێ، ئەوانیش دەبێ خۆیان تۆمار بكەن، بەلاّم دەبێ لەهەمان كاتدا خۆیان كرێـی زەمانەكەی خۆیان بدەن، یەعنی لەجیاتی خاوەن كار بیانداتێ، پـێم وایـە ئـەوە موعالەجـەی ئـەوە دەكـەین ئـەوكاتی ئێمـە دەتـوانین لـەو یاسـایە هەرچـی كرێكـار هەیـە ئەوانـەی بـابلێین خۆشـیان خـاوەن كـار نـین، ئەوانیش سوود مەند بن لەم یاسایە، بەلاّم بە مەرجێك بۆخۆیان دەبێ خەرجی زەمانەكـەی خۆیـان بـدەن، سوپاس

**بەرێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش پشتگیری لە ڕایەكەی كاك (سەردار) دەكەم، چونكە زۆر زۆر گرنگە كـە ئێمـە ئـەو كێشـەیە لێرە چارەسەر بكەین، چـونكە بەڕاسـتی ئـەوەی كـە موتەبەعیـە لـە هـەموو دونیـا ئەوەیـە كـە هـەموو ئـەو كرێكارانـە لـە ڕێگـەی سـەندیكای كرێكـاران مافـەكانی خۆیـان بەدەسـت دێـنن، بـەلاّم بەداخـەوە لەهـەرێمی كوردستاندا دەبینین كە سەندیكاكانی كوردستان بۆ كرێكاران بـە حیزبـی كـراوە، زۆر لـەو كرێكارانـە لەبـەر ئەوەی حیزبی نین و سەر بە هیچ لایەنێك نـین ناچـن خۆیـان تۆمـار بكـەن لـە سـەندیكای كرێكـاران هـەتا مافەكانیان پارێزراو بێ، بۆیە دەبێ ئەو كێشەیە لێرە چارەسەر بكرێ بەتایبەتی ئەوەی كـە كـاك (سـەردار) باسی كرد كرێكارانی بیناسازی، ئەوانەی تر، شوفێری تاكسی، بەڕاستی كە كاتێك تووشـی كارەسـاتێك دەبـێ، ئەوكات كەس نیە كە زەمانی بكات، بۆیە پێویستە كە ئەو كێشەیە چارەسەر بكرێت، و سوپاس

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم مەوزوعە لە وڵاتێکی ئەوروپی زۆر ئاسان عیلاج دەکرێ، کە هەموو کرێکارێك تۆمار دەکرێتن، بەس لە کوردستان و تەبیعەتی ئیش و کاری کرێکاران لە کوردستان، ئێستا ئەگەر کرێکار ئیختیاری بدەینێ بڵێین دەبێ خۆت تۆمار بکەیت، دەفعی زەمانی خۆت بکەی، خۆت صاحێب کاری، بەلأم نابێتن ئەتۆ ئیشی ڕەش بکەی بە صلاح ئەوروپی بەتەئکید ڕەفز دەکاتن، جا پێم وایە ئەمە لە کوردستان عەمەلی دەرناچێتن، دەکرێ ئێمە عیلاج ببینینەوە بە تەشجیع کردنی ئەمانە کە کارەساتێکی بەسەر هات حکومەت بتوانێ هاوکاری بکات، چ بە ئیمکانیەتێکی موعەیەن، چ ڕاتبێکی موعەیەنی بداتێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

من دەمەوێ هەندێ تێبینی بدەم، ئێمە ئەوەی کردوومانە هەموارکردنی قانونە، ئێمە لەگەڵ قسەکانی ئێوەداین، بەلأم ئەوە بە سەر پێیی نابێت، ئەوە پێویستی بە دیراسەیە، پێویستە حکومەت لێی ئاگادار بکرێتەوە بۆ ئەوەی دیراسەی بکات، لەبەر ئەوە ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین، ئەو داوا کاریانەی کە ئێستا کردتان، ئەو پێشنیارانەی کە ئێوە کردتان، بیکەن بە پرۆژە یاسایەکی تر، ئەو پرۆژە یاسایە (10) کەس تەوقیعی بکات، بیدەن بە ئێمە، ئێمە تەنسیق دەکەین لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵأیەتی، لەگەڵ وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئێمە ئەوە ئیقرار بکەین، بەلأم ئەوە ئەو هەموو پێششنیارەی کە ئێوە دەیکەین ئێمەش ئێستا ئیزافەی بکەینە سەر ئەو ماددەیە بە نەزەری من وەلا قانونی نیە، هەمووومان دەمانەوێ وەزعی کرێکار باش بکرێ، ناویان تۆمار بکرێ، زەمانی حەیاتیان بکرێ، بەلأم ناکرێ بەسەر پێیی ئەو ئیشە بکرێ، فەرموو کاك (عبدالله).

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دوێنێوە لە گفتوگۆکان دەرکەوت کە هەموومان ئەو نیەتەمان هەیە کە پێویستە کرێکارانی بیناسازی و یا هەر کرێکارێکی تر لەم یاسایە سوود مەند بێ، واتە نیەتەکە هەیە، ئیرادەکەش هەیە، بەلأم ئەوەی کە هەستی پێ ئەکرێ کە نیە بیرۆکەیێکە، یاخود بابڵێین پرۆژەیەکە، جەنابیشت پێشنیاری ئەوە ئەکەی کە بە پرۆژەیەکی تایبەت ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت، بەلأم مادام ئێمە دەرفەتمان لەبەر دەستایە و ئیرادەکە هەیە، نیەتەکە هەیە، ئەوەی کە ماوەتەوە دەرفەت بڕەخسێنین بۆ ئەو لیژنەیەی کە ئەم پێشنیارانە ڕێك ئەخاتەوە، دەرفەتیان پێ بدەین کە بۆخۆیان میکانیزمێکی باش بگەڕێن ئاساییە، یەعنی بە بڕوای من با چارەنووسی پێشنیارەکان نەدەینە دەست قەدەری پرۆژەیەکی تر، بەڵکو دەرفەت بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی کۆمەڵأیەتی بڕەخسێنین لەگەڵ وەزارەتدا بەهاماهەنگی لەگەڵ یەك، میکانیزمێکی ڕێك و پێك ڕەنگە بە چەند ماددەیەك چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تاياسايەك دەردەچێ ئێمە هەمواركردنی ئەم ياسايەمان لەبەر دەست دايە، دەتوانين ئێمە ئەگەر لە ڕووی ياساييەوە ياسايی بێت ئێمە ئيزافات بكەين، ئەو پێشنيارەی دكتۆر (دانا) پێشنياريكی واقيعيە، بەڵام ڕەنگە ئيشكالياتێك دروست بێ، داهاتی كرێكاری سەربەخۆ، داهاتی كرێكاری سەربەخۆش ئەكرێ بە ڕێنماييێك تەخمينی داهاتی بكرێ، بۆ ئەوەی 17٪ كرێكارەكە خۆی هەمووی بدات، خۆی تەئمين بكات، ئەوكاتە ئەبێتە ئيختياری، هەر كرێكارێك، هەر شۆفێرێك، هەر خاوەن دوكانێك، هەر نانەوايەك، نەيتوانی تەئمينی 17٪ ی خۆی بكات سوود مەند نابێ لەم تەئمينە، بۆيە ئەكرێتە ئيختياری، و داهاتەكەشی ئەكرێ تەخمين بكرێ بە ڕێگای تەخمين، يا بەڕێگای حيسابات پێشكەشی وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵايەتی بكات، من حەزئەكەم ئەگەر ڕێگە هەبێ ئيزافە بكرێ لەم ياسايە تا ياسايەك دەردەچێت، سوپاس**

**بەڕێز شوان عبداكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من هيچ قسەم نيە، سوپاس**

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**جگە لەو پێشنيارەی كە چەند پەرلەمانتارێك خستيانە ڕوو، وەكو بيرۆكە باسی لێكرا، ئەگەر سەيری ڕاپۆرتی ليژنەی كار و باری كۆمەڵايەتی بكەين چەند بابەتێكی تريان پێشنيار كردووە، ئێمە لەپێشدا با ئەوانە يەك لابكەينەوە، پاشان دەكرێ هەر بيرۆكەيەكی تر بكرێت، لە چوار چێوەی ماددەيەك لەگەڵ ماددەكانی ترا ڕێك بخرێت، و سوپاس**

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو بۆچوونەكان، و پشتيوانيم بۆ ماڧ هەموو كرێكارێك، بەڵام ئێمە ئێستا باسی سەدان هەزار كرێكار دەكەين، ئەگەر باسی سايەق تەكسی و ئەوانەی كە لە كەرتی بيناسازی كار دەكەن ئەوە ژمارەيەكی يەكجار زۆرە، ئيلتيزامەكی مالی زۆر دەكەوێتە سەر ئيحتيمالە حكومەتيش، ئێمە باسی تشتەكی زۆر گەورە دەكەين، بەو سەرپێيە، بەو پەلە پەلە ناكرێت ئێمە قەرار بدەين، دەبێ ئێمە بوار بدەينە وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵايەتی، و لەگەڵ ليژنەی تايبەت مەند لە پەرلەمان پێكەوە كار بكەن، بۆ دۆزينەوەی تشتەكی مەعقول و مەنتيقی كە بەيانی پەشيمان نەبين، و پەلەی لێ نەكەين، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من ئێمە ئێستا بەو هەموو موناقەشاتە ناگەينە هيچ ئەنجامەك، ئەنجامەكی مەعقول و مەنتيقی، يەعنی شايستەی ئەوەبێت كە جێ بە جێ بكرێت، لەبەر ئەوە پێشنيار دەكەم جارێ واز لەو بابەتە بينين لەسەر ئەصڵی ياسايەكە كار بكەين، ئەو بابەتە دوا بخەين بۆ مەجالەكی تر كە بتوانين تشتەكی ڕێك و پێك ئامادە بكەين، سوپاس.**

**بەرێز کاوە محمد امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەوەی کە هاوکارانم زیاتر زۆر قسەی لێ دەکەن ئێمە هەست دەکەین کە لە کوردستاندا کرێکارێکی یەکجار زۆر هەیە خاوەن کاری نیە، بەتایبەتی کرێکاری بیناسازی و ئەوانەی کە ڕۆژانە دەچن ئیش دەکەن هەندێ ڕۆژ دەستیان دەکەوێ، هەندێ ڕۆژ دەستیان ناکەوێ، دەبینین لێرە لەو هەموار کردنە جێگیایان نابێتەوە، ئەویش بەڕاستی بە دوو ڕێگا دەبێ، ئەگەر لە ڕووی قانونیەوە دەکرێتن ئێمە قسەی لێ بکەین، ئیقتیراحات بکەین، ئەوەی کە لەگەڵ واقیعی کوردستان دەگونجێ بەڕاستی مەکاتبی عەمەلە، بۆ ئەوەی کرێکاران بتوانن لەو ڕێگایەوە، لەو دەزگایەوە بتوانێ زەمانی خۆی بکاتن، ئەگەر نەشکرێتن دیسان دەبێ ئەوە تەئجیل بکرێتن هەر وەکو کاك (خورشید) باسی کرد، پەلەی لێ نەکرێتن، بۆ ئەوەی لە پاشە ڕۆژدا ئێمە بتوانین زەمانی مافەکانی ئەو کرێکارانە بکەین کە فیعلەن خاوەن کاریان نیە، کە کرێکارێکی یەکجار زۆرن لە کوردستاندا، بەڕاستی ئێمە دەبێ لە واقیعی خۆمان سەیر بکەین کە زەمانی کرێکاران تەنها و تەنها بە مەکاتبی عەمەل دەکرێتن، سوپاس**

**بەرێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پشتگیری ئەو ڕایەی کاك (عبدالله) ئەکەم کە ئێمە ئەمە تەئجیل نەکەین بۆ پرۆژەیەکی تر ،چونکە بە دڵنیایەوە دوو ساڵی تر نایەتەوە پەرلەمان، ئێمە ساڵێکمان ماوە، ئەمە یەك، دووەم، من پێم وایە ئەمە بە دوو شێوە چارەسەر ئەکرێ، بۆ مەسەلەی کرێکاری بیناسازی و شۆفێری تەکسی و ژنانی کار کەر و هەموو ئەمانە، ئەویش بە دوو شێوە، یان ئەوەی کە لیژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پێشنیاریان کردووە لەماددەی (3)دا ئەتوانین بڕگەیەکی بۆ زیاد بکەین لێرە جێگای ئەبێتەوە، یا لە ئەحکامی خیتامیەکان کە کاك (عونی) باسی ئەکات، لەو دوو ڕێگایە زۆر بە باشی ئەتوانین جێگای بکەینەوە، و هەڵی نەگرین بۆ ئایندەیەکی نادیار، و سوپاس**

**بەرێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەوانەی ئەڵێن ئەوە جێگەی نیە، ئەمە هەر خۆی یاساکە یاسای هەموار کردنی مەشروعی قانونی تەقاعود و زەمانی ئیجتیماعی بۆ عوماله، یەعنی قەت لەم یاسایە زیاتر نیە جێگەی ئەم بابەتەی تیا بکرێتەوە، من پێشنیار دەکەم بە زیاد کردنی بڕگەیەك بەوەی:**

1-دابین کردنی دەستەبەری ئەم کرێکارانەی تەبعەن ناوەکانیانمان هێنان، کرێکاری بیناسازی، موستەخدەم، دابین کردنی دەستەبەری ئەم جۆرە کرێکارانە کە قەوسێك ئەکەیتەوە (کرێکاری بیناسازی، موستەخدەم، ئەوەی کە خاوەن کاری نیە، کشتوکاڵیە) هەمووی لەناو قەوسێکە، ئەوانەی کرێکارانی بێ خاوەن کار، لە ڕێگەی نووسینگەی بەکارخستن و کۆمپانیای کار و کرێکارەکان، یەعنی ئەمە وای لێ دێت ئەمە ئەڵقەیەك دروست دەبێ نووسینگەی بەکارخستنی ئەبێت لەگەڵ کۆمپانیای کار، ئەوانەی کە کار دابین ئەکەن، لەگەڵ کرێکاران، ئەوەی کە خۆی کاری بۆ دابین ئەکات، مەسەلەن مەجموعەیەك کرێکاری بیناسازیە لە کۆمپانیایەك کە دەچێت کاری تیا دەکات هەتا بیناکە تەواو دەبێتن دەبێ عەقدیان بۆ بنووسێت بۆ ئەو کرێکارانە.

2-بڕگەیەکیش بڵێین بۆ ئەوەی ئەم بابەتەی ئێمە ئێستا بەو سەر پێی و هینە نەکرێ، بە ڕێنمایەك ئەوە ڕێك ئەخرێ لە نێوان وەزارەتی کار و ئەنجومەنی وەزیرانە، ئێمە بۆیە باس لەوە ئەکەین، کە ئەڵێین وەك هاوکارم کاك (دڵشاد) باسی کرد کە تۆ ئەو کەسەی کە خاوەن کاری نیە خۆی کرێکارە، خۆی خاوەنی خۆیەتی، خۆی بە ڕۆژانە ئیش ئەکاتن، کە لە 17٪ی خۆی دانا، تەواو، بۆ ئێمە لەو هەموار کردنەدا حکومەت ئەڵێ مـن موستەعیدم 4٪ بدەم بۆ خاوەن کارەکە، بەڵام ئێستا لێرەدا با 4٪ کە بدات بە کرێکارەکە، کرێکارەکەش با 13٪ کە خۆی بیدات.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕۆوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئێمە هەتا ئێستا باسی کرێکار و کرێکاری بیناسازی دەکەین، زۆر چاکە، پارەیان و زەمانیان و هەموو ئەو شتەی دەیانەوێت، هەتا ئێستا ئێمە شتێکمان درك پێ نەکردیە، (سۆزان) خان باسی شتەکی کرد کە لە تاوەر (جاف) کرێکار بەردەبتەوە، لەکەلار لەپێش چاوی خۆم کرێکار بەربوویتەوە، ئەوانە دەبێ هەموو شتەکی زیاد بکەین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەکی زۆر زۆر گەورەیە، شەریحەکی زۆر کەسیش دەگرێتەوە، هەندەك خەتەر هەیە کرێکار خۆی درکی پێ ناکات، بەڕێز دوێنێ جەنابی وەزیر کە باسی کرد گوتی ئێمە تیممان هەیە موراقەبە دەکات، کەچەند کرێکار لە مەوقیع هەیە، و چەند کرێکاریش کار دەکەن لە بیناسازی، ئایا ئەو تیمە هەتا هەنکە قەت بووە موراقەبەی عەمەلەیەکی بکات کە کۆسەرەی ئیستیعمال دەکات خۆی نازانێ ئیستیعمالی بکات، بەردی کۆسەرەکە دەردەپەڕی پێی دەبڕیتەوە، ئایا قەت گوتیتمان عەمەلەکی کە مەڕمەڕی دەبڕی ئەو تۆزەی کە سینگی پارچە پارچە دەکات، دەبی ئیلا قیناعی لەبەر بکەی، ئایا قەت گوتیتمان ئەو کرێکارەی کە لەگەڵ قالب و نەجاری ئیش دەکات، دەبێ پۆتینەکی لەبەر بکات، یان شەبقەکی لەسەر بکات هەر وەکو وڵاتەکانی تر کە یەك بزمار نەکەوتە بەر پێت یان، ئەمە خۆی لە خۆی ئەساسەن کە کرێکار تشتەکی دەوێ ئینجا هاوار دەکەین، دایکەك کە منداڵ دەگریێ ئەوجا شیری دەداتێ، باشە دەڵێ مەگەڕێ ئەو کرێکارە بگرییێت، کاکە ئێمە زۆر شت هەیە پێویستە کرێکارەکان ئیجبار بکەین لە مەوقیعی

عەمـەل بڵـێین ئـەوە لەبـەر صـەحەتت باشـە دەبـێ ئـەوەی بکـەی، بەڕاسـتی وەزارەتـی کـار و کاروبـاری کۆمەلآیەتی ئـەو قانونـە قانونـەکی زۆر زۆر فراوانـە، دەبێ ئەمـە کـە پەرلـەمانی کوردسـتان بـۆ مـەوقیعی خۆمان بۆ ئەو خولە شانازیە کە ئەمە هەندەك شت بچەسپێنین کە کرێکار خـۆی درکـی پـێ نـەکردبێ، نـا بەس ئەوەی کە هاوار دەکات شازدە دینار و حەڤدە دینار، و هەژدە دینار، کە ئەوە سبەینێ هـەر بـازاڕ بڵێـند بێت لۆ ئەو چ ناکات، سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە- جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەمووومان کـۆکین لەسـەر ئـەوەی کـە پێویسـتە شـتێك بـۆ کرێکـاران بکـەین، هەڵبەتە نە لەسەر ئەساسی ئـەوەی کـە ئێمـە ئـەو شـتەی دەیکـەین یـان داوای دەکـەین لـە گیرفـانی خۆمـان دەینینە دەرێ، بەڵکو لە دەسـتوری عیراقـی دا هـاتووە کـە حکومـەت موکەلەفـە بـە زەمـانی ئیجتیمـاعی بـۆ کۆمەڵێك چین و توێژ لـە عـیراق، و کوردسـتانیش پێـی پابەنـدە، بـەلآم فەرقەکـە لێـرە ئەوەیـە ئێمـە قسـە لەسەر قانونێك دەکەین کە کاتی خۆی لەسەر ئەساسی دەستورێکی کۆن هاتووە، موعالەجەکەی بە جۆرێك کردووە، لەسەر ئەساسی سـندوقیك هـاتووە، ئـەو سـندوقە پێـك هـاتووە لـە ئیشـتیراکاتی کرێکـاران خـۆی و دەعمی حکومەت، واتە ئەوانەی کە ئـەو ئیشـتیراکاتەیان داوە ئـەوان مـەشمولن بـەو سـندوقەیە، ئـەوەی کـە ئێوە باسی دەکەن پێویستی بە پرۆژەیەکە کە حکومەت بیکات، هـیچ کرێکارێـك لەوانـەی کـە ئێسـتا خۆیـان ئیشـتیراك دەدەن ئامـادەنین لـە ئیشـتیراکی خۆیـان زەمـانی کرێکـاری تـری پـێ بـدرێت، باسـی کرێکـاری بیناسازیتان کرد، کرێکاری بیناسـازی ئـەمرۆ ئیشـی هەیـە دە ڕۆژ نیـەتی، لەبـەر ئـەوە لـە وانەیـە نـەتوانێ ئێشتیراك بدات، کەواتە دەبێ بە پێی قانونێك حەل بکرێ، بەپێی پرۆژەیەك حەل بکرێ کـە لـە دەسـتوری عیراقیەکە هاتووە، یەعنی ئەمە کرێکارێکی بیناسازی زەمانەکەی 100٪ دەکەوێتـە سـەر حکومـەت، بـەلآم ئەو کرێکارەی کەوا صاحێب عەمـەلی هەیـە ئـەوا کەوتۆتـە سـەر ئـەم سـندوقە، بۆیـە بـەڕای مـن دوو، سێ پرسیار هەیە، ئایا بەهەموار کردنی ئەم یاسایە دەتوانین ئێمە حەق بدەینە ئەم کرێکارانە؟ ئایا کـێ پـارەی ئەوەی ئێوە باسی ئەکەن ئەیدات؟ ئەگەر ئێمە بیخەینە سەر ئەم سندوقە غەدر لەو کرێکارانە دەکـەین کـە ئیشتیراکیان کردووە، چەندین ساڵە ئەم پارەیان کۆ کردۆتەوە بـۆ زەمـانی خۆیـان، بـۆ ئـەو خەدەماتـەی کـە باسمان کـرد، تەئیـدی قسـەکەی کـاك (دڵشـاد) دەکـەم، ئـەبێ یـان ئـەوەتا ئێمـە کـە لێـرە بڕیـار بـدەین ئـەو کرێکارانەی بیناسازی داخیلی ئـەم پـرۆژە بـن، ئـەبێ هـەموویان مـولزەم بکـەین ئـەوانیش ئیشـتیراك بـدەن 17٪، ئەگـەر ئـەوە بکـەن بڕیـار بـدەن غـەدریان لـێ ئەکـەن، چـونکە لـەقانونی زەمـانی ئیجتیمـاعی ئـەوان مەفروزە حەقیان بداتێ، و پێویستە پرۆژەیەکی تایبەت بۆ ئەوان ئامادە بکرێ، و من پێشم وایـە وەزارەتـی کار و کاروباری کۆمەلآیەتی بیری لەوە کردۆتەوە، پرۆژەشی حازرە، سوپاس

**بەرێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نامەوێ ئەو تەفصیلەی کە باسی لەسەر کرا تیکراری بکەمەوە، بەلاَم دەمەوێ بە یەك کەلیمە، من خۆشم و هەموو ئەو برا پەرلەمانتارانەی کە لە پەرلەمان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە هەموو کرێکار ماڧ هەبێ، هەموو کرێکار زەمانی حەیاتی هەبێ، پارێزراوبێ لەو مەخاتەرانەی کە لە ئیشا ڕوو بەڕوویان ئەبێتەوە، ئەمە ئالیەتی تایبەتی خۆی ئەوێ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەمە بە پرۆژەی تایبەتی ئەکرێ، چونکە دوو بابەتە، بابەتێکی پەیوەندی بە خاوەن کارەوە هەیە، بابەتێکی پەیوەندی بە کرێکارەوە هەیە، بە دەرامەتی کرێکارەکەوە هەیە، ئەو کرێکارەی کە ئیش ئەکات چەند ئیستیعدادی هەیە لەو ئابوونە و بەشەی کە ئەکرێ بە زەمان بیدات، هەروەها ئایا ئەم کرێکارانە موستەعیدن ئەم زەمانە بدەن یانا؟ چونکە من پێم وایە هەندێك لەو کرێکارانە مەصادری تری ژیانی هەیە لەوانەیە پێویستی بەمە نەبێ، بۆیە من ئەگەڕێمەوە سەر پرۆژەکە کە جەنابت پێش تۆزێك مولاحەزاتێکت دا، ئەمە ڕاستە کە هاوڕاین لەسەر ئەوەی کە ئەم زەمانە هەبێ، کە ئەم یاسایە زۆر مۆدرێن بێ، زۆر گرنگ بێ کە پارێزگاری لە ماڧ هەموو کرێکارێك بکات لە ژیانیش و پاش مردنیشیان بۆ کەس و کارەکانیان، بەلاَم ئێمە با شتێکمان لەبیر نەچێ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، و جەنابی وەزیریش خۆی لێرە ئاگادارە، ئەم پرۆژەیە کە هاتووە حەصرە بە تەعدیل کردنی چەند ماددەیەك لە یاسای دەستە بەری کاروباری کرێکاران، کە لە ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (13) کۆبوونەوەی لەسەر کراو جەنابی وەزیر خۆی ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بووە، بەواتە ئەم پرۆژەیەی کە ئێستا لەبەر دەست دایە ئەکرێ تەنیا قسە لەسەر ئەو چەند ماددەیە بکرێ کە هاتووە بۆ تەعدیل کردنی، ئەو موقتەرەحە چاکانەی کە ئێستا پەرلەمانتارە بەرێزەکان باسیان کرد، و هەمووشمان کۆکین لەسەری، و جەنابیشت تەوزیحت دا لەسەری، و لەبەر ئەوەی ئیلتیزاماتی مالیشی تیایە، و پێویستی بەچەند لایەنێك هەیە کە ئامادە بێ (سەندیکای کرێکاران، نەقابەی سەناعین و پیشە وەران و پیشەسازیەکان، نەقابەکانی تر) لەگەڵ جەنابی وەزیرا کۆك بن کە کۆبونەوەیەکی لەسەر بکەن بۆ ئیزافە کردنی ئەو ماددانەی کە ئێستا ئەم برادەرانە باسیان کرد، لەبەر ئەوە ئەم پرۆژەیەی کە ئێمە کاری لەسەر ئەکەین و موناقەشەی لەسەر ئەکەین، حەصرە بە تەعدیل کردنی چەند ماددەیەك و هیچی تر، غەیری ئەمە ئەبێ بە پرۆژەی تر پێشکەش بکرێت، و سوپاس

**بەرێز فرست احمد عبدالله- سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەهەمیەت و گرنگی ئەو مەوزوعە بەڕاستی وای لەمن کرد کو من ئەو موداخەلەیە بکەم، من دگەل هەموو ئەو ڕەئیانەمە کو مەوزوعەکی زۆر گرنگە، شەریحەیەکی زۆر گەورەیە، مەفروزە زەمانی حقوقیان بکەین، بەس ئەهەمیەتی ئەو مەوزوعە، و گرنگی ئەو مەوزوعە، و فراوانی ئەو شەریحەتە وای لە ئێمە کرد کو لە حەلەك نەگەرێین سەرپێ بێتن، لەباتی موشکیلەکە حەل بکەین موشکیلەکە زیاتر تێك بدەین، بە ڕەئی من ئەو مەوزوعە زۆر گەورەترە لەوەی کو بە ماددەیەك و دوو ماددە بێتە چارەسەر کرن، ئەوە لە ناحیەك، ناحیەی دووەم، صەلاحیەتی ئێمەیە هێ دەستوری تەعدیلی تەتبیقی تەنفیزی قانونەکی

ئیتیحادی بکەین، یەعنی نەصەك مەوجود بێت جوزئیەن ڕابگرین ماددەیەکی بەدیلی بۆ دابنێین، بەس هەگەر گەهێشتە حەدەکی وا فەصڵەکەو، بەشەك بۆ ئیزافە بکەین بە ڕەئی من ئەو بەش و ئەو فەصڵە مەفروزە بە قانونەکی تایبەتی خۆمان بێت و بەناوی ئێمە بێت، نە بەناوی قانونەکی ئیتیحادی بێت، بۆیە من دگەل ئەو ڕەئیەمە کو ئەو مەوزوعە زیاتر ئیحتیاجی دیراسەتە، و ئیحتیاجی پرۆژەیەکی قانونیە، مابەینی مەو حکومەت چارەسەر بکرێتن، چونکی ئیلتیزاماتی مالی زۆری تێدایە، سوپاس

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە هەر باس لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکار دەکەین، بەڵام من پێم وایە پێش ئەوەی هەر باسمان لەوە کردبایە هەمواری یاسای کار بکرابایە، بەڕاستی هەمواری یاسای کار لە هەمووان گرنگترە، چونکە یاسای کار کۆمەڵێك کەلێنی تێدایە، ئەگەر ئەو کەلێنانە لە یاسای کاردا نەبوایە ئێمە لە ئەشکالیەتی یاسای کار بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران تووشی ئەو ئەشکالیەتە نەدەبووین، بۆیە من پێم باشە بەڕاستی دووبارە، لەبەر ئەوەی دوو ساڵە ئەو پرۆژە یاسایە لە پەرلەمانە، دەبوایە هەمواری یاسای کرێکار بکرابایەوە، ئەوە خاڵی یەکەم، دووەمیشیان، بەڕاستی ئەو یاسایە ئەگەر بەو شێوەیە تێپەڕێنرێت بەڕاستی هیچ دادپەروەریەکی لە نێوان کرێکاراندا پێ دابین ناکرێ، و سوپاس.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی پێشنیارەکەی بەڕێزتان دەکەم کە زیاتر ئەو مەوزوعە دیراسە بکرێت، بەڕاستی زۆر گرنگە ئەو نەزەریاتەی کە لێرە تەرح دەکرێ، بەڕاستی زۆر گرنگە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە، و لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگای ئێمە گونجاو نیە، ئێمە چەندین جۆر کرێکارمان هەیە، ئەو کرێکارەی بۆ دەوڵەت ئیش دەکات بۆ (حکومەت)، ئەو کرێکارەی بۆ کەرتی تایبەت کار دەکات، ئەو قوتابیەی لە فەترەی پشوودانی هاوینان ئیش دەکات، ئەو کرێکارەی دوو ڕۆژ ئەچێ بۆ کابرایەك ئیش دەکات، لە خیلالی ئەو دوو ڕۆژە فەرەزن کەوتە خوارەوە و پشتی شکا، کابرا خاوەن کار نیە، بۆ دوو ڕۆژ هێناویەتی، کابراش بۆخۆی چووە، بۆیە ئەوە پێویستە زیاتر دیراسە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو ئیلتیزاماتەی کە حکومەت جێ بە جێی دەکات بزانی یەعنی ئیلتیزاماتەکان چیە، نەك ئیتر هەموو کەسێك کە نە سەندیکا ئاگای لێ بێت، نە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئاگای لێ بێت، نە ئۆفیسێك ئاگای لێ بێت، ئەبێ هەموو ئەمانە دیراسە بکرێت، پرۆژە یاسایەك بۆ ئەم بابەتە دەربکرێت، چونکە گرنگە بەڕاستی، سوپاس

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من ئەو پێشنیارانەی کە کران بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی یاسادا جێی ئەو کرێکارانە بکرێتەوە کە لەگەڵ خاوەن کاردا نین، خۆ بەخۆ ڕۆژێك کاریان هەیە، جاری واهەیە لەهەفتەی جارێك کاریان هەیە،

بەڕاستی ئەوەی کە کێشەی گەورەی چینێکی کۆمەڵگای ئێمەیە، ئێمە ئەگەر قسە لەسەر واقیعی کۆمەڵگا بکەین، بەڕاستی ئەوەی کە گرفتە لە واقیعی کۆمەڵگای ئێمەدا کە هیچ یاسایەك نیە، هیچ کەسێك ئاوڕی لێ نەداونەتەوە، هیچ زەمانەتێکی ژیانیان نیە، ئەو کرێکارانەن کە خاوەن کاریان نیە، ئەو کرێکارانەن کە رۆژانە هەر یەکەو لە جێگایەك کار دەکەن، بەڕاستی ئەگەر لە چوارچێوەی ئەم یاسایە، لەو ماددانە جیانەکرێتەوە، بەڕاستی جارێکی تر ناتوانرێ لە هیچ یاسایەك زامنی گوزەران و ژیانی ئەو کرێکارانە بکرێ کە لە کرێکاری رۆژانەدا کۆمەڵێك ماڵ و منداڵیان هەیە، لە یەکی ئایاردا لە چەمچەماڵ کرێکارێك قاچێکی بڕایەوە کۆمەڵێك ماڵ و منالی هەیە، کێ زەمانەتی ژیانی ئەکات؟ ئەبێ بە خێر و صەدەقەی خەڵك بژیێت، بەڕاستی ئەمە ئەرکی حکومەتە، بەڕاستی لە چوارچێوەی ئەم یاسایە بتوانێ ئەگەر لە ڕێی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیەوە یارمەتیەك و هاوکاریەکی کەمیش بێت تا بەیاسایەك چارەسەری ئەم کێشەیان ئەکرێت، بە ڕەئی من ناکرێ پشت گوێ بخرێن، سوپاس.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەواو پشتگیری قسەکانی کاك (سەردار) ئەکەم کە لە ئەوەلا کردی، بەڕاستی کە ئەم یاسایە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە دوو ساڵ لەمەو پێش، کرێکاران چاوەڕوانی ئەوە بوون ئەو زەمانە بۆ کرێکاری عام بێ نەك تەنها ئەو کرێکارانەی کە خاوەنکاریان هەیە، ئینجا ئەگەر ئەڵێین ئێمە ناتوانین تەعدیلی قانونی ئیتیحادی بکەین، ئێمە تەعدیلی قانون ئەحواڵ شەخسیمان کردووە، بڕگە و ماددەمان بۆ زیاد کردووە، ئەمە یەك، دوو، ئەگەر ئەڵێین ناکرێ لەسەر ئەصڵی پرۆژەکەی کە تەقدیم کراوە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە شت زیاد بکەین، ئەمەشمان کردووە، چونکە پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی یەعنی ئەوەی کە هاتە، ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشکەش کرابوو زۆر جیاواز بوو لەوەی کە ئەصڵی پرۆژەکە تەقدیم کرابوو، لەبەر ئەوە ناکرێت بۆ ئەو مەوزوعە شتێك بکەین کە لە پرۆژەی تردا کراوە، یەعنی ئێستا وەك کاك (عبدالله) وتی زۆر جێگەی خۆیەتی، چونکە تا پرۆژە ئامادە ئەکرێت، تا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەکرێت، تا موناقەشە ئەکرێت، زۆری پێ ئەچێ، ئەو لیژنە هاوبەشە دیراسەی ئەمە بکەن بۆ ئەوەی کرێکارانیش شموول بکات، ئەوکات تەفاصیلی ئەوەی کە چ کرێکارێك شموول بکات ئەکرێ بە تەعلیمات پێشکەش بکرێ، و سوپاس

**بەڕێز ئاسۆس نجیب- وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بوارم پێ بدەی دیارە زۆر پرسیار کراو وەڵامیان ئەوێ، و مەوقیفی وەزارەتیش سەبارەت بەم هەموار کردنەوە، بەم خاڵانەی کە هێناومانەتە پەرلەمانی بەڕێز، ئێمە لە 5/10 کە نوێنەری سەندیکای کرێکاران دوو ئەندامیان حازر بوونە، لێرەش لە کۆنووسەکە ئیمزاشیان کردووە، دوای پێنج مانگ ئەمە لە 10/10 لە پەرلەمان بووە، ئەو هەموار کردنە، و ئەو پێشنیارانە هەمووی سەندیکای کرێکارن لەگەڵمان بووە،

شەریکی ڕاستەقینەمان لە بواری کار و دەستەبەردا کاری دەکرد، ئێمە کرێکارانمان لەگەڵدایە، لەهەموو هەموار کردنێك داواکاری کرێکارانمان بۆ دێن و کاری لەسەر ئەکەین، سەبارەت بەوەی کە بۆ کرێکاری بیناسازی کە بۆ لێرە جێگای ناکرێتەوە؟ ئێمە تاکو ئێستا پلانی وەزارەتمان هەیە، ئەوەتا (ورکشۆپپیشمان) ئەنجام داوە و ڕەش نووسەکەشمان ئامادەیە کە یاسای کارە، تاکو یاسای کار هەموار نەکرێتەوە نابینە خاوەن یاسای کاری تایبەت بە هەرێمی کوردستان، ناتوانین ئەو کرێکارانەی کە ئێستا گیرو گرفتیان هەیە مەشمولیان بکەین، گومان لەوەدا نیە کە حکومەت و پەرلەمانیش ئەیەوێ ژیانی چینی کرێکاران چاك بکات، هەموو کرێکاران، کرێکاری بیناسازی بێ یاخود کرێکارەکانی تریش بن، هەنێ کرێکار هەیە دەستەبەر نەکراوە، لە کاتی ئەوەی کە لیژنەی تەفتیش ئەڕوات خۆیان لە لیژنەی تەفتیش ئەشارنەوە بە هەر هۆیەك بێت، و لیژنەی تەفتیشیش کە ئەڕوا بۆ پرۆژەکان با ئەندامان هەموو بزانن، هەر پرۆژەك بە پێی یاسا لە سێ کرێکار و زیاتری هەبێ مەشمولن بە زەمان، دەستە بەرکردنیان ئیجباریە، ئەو کرێکارانە زۆربەیان لە 5٪ی خۆیان نادەن، بەڵکو خاوەن کار بۆیان ئەدات، جگە لەوە ئێمە لە پرۆژەکاندا لیژنەی تەفتیشمان هەیە، سەلامەتی تەندروستیمان هەیە، لیژنەی تایبەتمان هەیە، کە ئەچێ سەردانی پرۆژەکان ئەکات، هەنێ کەل و پەلی تایبەتی هەیە کە ئەبێت لە کاتی کارکردندا ژیانی پارێزراو بێت، سەبارەت بەوەی بۆ کرێکارانی بیناسازی چیمان کردووە؟ ئێمە لەگەڵ مەکتەبی ئەقلیمی مانگی شەش لەگەڵ مونەزەمەی دەولی عەمەلی کۆبونەوەیەکمان هەیە، و ڕەش نووسەکەشمان ئامادەیە بۆ زەمانی ئیجتیماعی، بەلاّم ئێمە هەوڵی ئەوە ئەدەین کە کوردستان ببێتە خاوەن یاسایەکی تایبەت، لە هەرێمی کوردستان زەمانی ئیجتیماعی بێ یاخود یاسای کار بێت، تاکو یاسای کاریش لێرە لە پەرلەمان هەموار نەکرێ ئێمە ناتوانین یاسای زەمانی ئیجتیماعی بێنینە پەرلەمانی کوردستان، چونکە لە یاسای کارا باسی ئەوە ئەکا و تەحدیدی ئەکات کرێکار بەکێ ئەوترێ، لەوێ ئێمە ئەو پێشنیارانەی کە ئێستا هەیە، هەموو پێشنیاری ڕێك و پێکن، هەموو پێشنیاری تەندروستن، ئێمە لەوێ ئەتوانین جێگای ئەمانە بکەینەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەین، سەبارەت بە مەکاتبی عەمەل، مەکاتبی عەمەلمان هەیە، مەکاتبی نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی بەکارخستنمان هەیە، ئامارێشمان لە لایە کە ڕۆژانە خەڵکی داوای ئەوە ئەکەن بە دوای کارا بۆیان بگەرێین، بە ئامار لەبەر دەستمایە، لە 2004 تا 2011، چەند هەزار کەس بێ کار بووە و ناوی خۆی تۆمار کردووە، بە ئامار لەبەر دەستمایە کە بۆ چەندیان هەلی کارمان دۆزیوەتەوە، و ژمارەیەکیش لە وانەی کە هەلی کاریان دۆزیوەتەوە خۆیان بەو هەلی کارە ڕازی نین، جا لەبەر شوێنی هەلی کارەکە بێت، یاخود لەبەر کرێیەکە بێت، یاخود لەبەر پرۆژەکە بێت، چونکە زۆر لەو هەلی کارانەش بە بەراورد لەگەڵ شەهادەکانیان نەگونجاوە، سەبارەت بەوەی کە لە یەکێ لە پرۆژەکان دوو کرێکار گیانیان لەدەست داوە، ئێمە لیژنەی تەفتیش هەمان ڕۆژ چۆتە ئەو شوێنەیە، و دەعوای یاسایشی بەرامبەر خاوەن پرۆژەکە بەرز کردۆتەوە، چونکە یەکێ لەو کرێکارانە دەستەبەر نەکراوە، بەلاّم بە هەموو شێوەیەك خاوەن پرۆژەکە مەسئولە و مافی کەس و کاری ئەو کرێکارەش ناخورێت، چونکە ئێمە لە دائیرەی زەمانی ئیجتیماعی ئێستا

به دوای ئەو دەعوایەوەین، سەبارەت بەوەی کە دەعوای ئەوەمان کردووە ئێمە، دوێنێ دەعوای ئەوەم کرد کە ئەو ماددەیەی کە دەستەلآت ئەداتە وەزیری کار و کاروباری کۆمەلآیەتی ڕەت کرێتەوە، مەبەستم لەوە بوو ماددەمان هەیە لە زەمانە، ماددەی (85)ە، ماددەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی دەور بدرێ بە سەندیکای کرێکاران، داوای ئەوە ئەکەین، ئێستا ئێمە سالآنێکە داوامان کردووە، ئەمسالیش داوای ئەوە ئەکەین، هیچ نەبێ بە لایەنی کەم سالآنە دوو سەد و پەنجا ملیۆن لە سندوقی خانەنشین بۆ سەندیکای مەکاتبی عەمەل، کە ئێستا مەکاتبی دەستەبەری کۆمەلآیەتی، ئێستا لە سەندیکای کرێکاران بۆیان دابین بکرێتن بۆ ئەوەی ئەوان ئیشی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی سەندیکای کرێکارانیش لەمەودوا دەوری خۆیان هەبێ، بەدوای پرۆژەکاندا بڕۆن، بتوانن ئێستا حالی حازر نوێنەری سەندیکای کرێکارانمان لەگەلە کە ئەچن بۆ پرۆژەکان، بەلآم ئێمە داوای ئەوە ئەکەین لەبەر ئەوەی شەریکی ڕاستەقینەی کارن لەبواری دەستەبەردا، سەندیکای کرێکارانیش دەوری خۆیان ببینن، تاکو ئەو ماددەیەش تەفعیل نەکرێ ناتوانین بەو شێوەیە ئێمە بتوانین وا بکەین ئەو کرێکارانەی کە خۆیان لە لیژنەی تەفتیش ئەشارنەوە ئێمە بتوانین خزمەتیان دەستەبەر بکەین، بۆیە ئەم پێشنیارانە ئەتوانین ئێمە لە یاسای زەماندا جێگایان بۆ بکەینەوە، و هەر پێشنیارێکیش دیارە ئێمە بەهەندی وەرئەگرین ئەوکاتەی کە کۆنفراسەکە ئەکەین، یاساکە دائەرێژین ئەم پێشنارانە هەمووی لە یاساکەدا جێی ئەکەینەوە، سوپاس

**بەرێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرەمان.**

کار و ژیان یا دەستەبەری کۆمەلآیەتی مافێکی دەستوریە، ئێمە قسە لەسەر زەمانەتی کرێکار دەکەین، هەموو ئەو پاساوانە بۆ ئەوەبێ کە حکومەت دەربازبێ لە ئەرکەکی دەستوری، یاسایی کە دەستەبەری کۆمەلآیەتیە بۆ کرێکاران، ئێمە دوێنێ قسەمان لەسەر ئەوە کرد وتمان بەلێ سەردەمەکە پێویستی بە یاسایەکی پرۆژە هەیە بۆ ئەم مەبەستە، بۆ دلنیایی کۆمەلآیەتی، یاسای کار چاك نەکراوە، بەلآم ئێمە ئەی بۆ تەعدیلەکەمان کرد؟ مادام وایە کە تا یاسای کار و کاروباری کۆمەلآیەتی دەری ئەکاتن ئێمە ئەو تەعدیلەمان نەکردبایە، ئەگەر مەبەستەکە ئەوەیە، ئێستا زۆرینەی پەرلەمانتاران لەگەلْ ئەوەنە کە ئێمە ئەو ئیرادەیە یان ئەو پێشنیارە، چارەسەر کردنی دەستەبەری کۆمەلآیەتی بۆ ئەو توێژە بەر فراوانە بدەینە لیژنەکە بۆ ئەوەی دەقێکی وا ڕێك بخات کە حکومەت بەرپرسیار بکا و بیخەینە دەنگ دان نەك بە پاساوی تر تێیپەرێنین....

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

صیغەیەکی موشتەرەك هەیە بۆ ئەمە؟ صیغەیەکی موشتەرەك نیە؟ هەرکەسەو ڕەئی خۆی دەردەبڕێت، ئەبێت صیغەیەکی موشتەرەك هەبێ بۆ ئەم مەسەلەیە، فەرموو مامۆستا عمر.

**بەریز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا قسە لەسەر هەموار كردنی یاسای دەستەبەری كۆمەڵایەتی كرێكاران ئەكەین، بەڕای مـن قسـەی زۆر كرا، ئەو مەوزوعە ئیشباع بووە، ئەوەی كە موختەصەری ئەو پێشنیارانە بێ ئێمە دوو ڕێگامـان لەبـەر دەست دایە، یا ئەوەیە ئیزافە بكرێ بەم یاسایە، مۆڵەت بەین بـە لیژنەكە تـا ئـەو ڕۆژەی كـە قـەڕارە ئێمـە ڕۆژی دەنگ دان دێت بۆ ئەو مەوزوعـە، كـۆی ئـەو پێشـنیارانەی كـە بـەڕێزانم كردیـان شـتی خـۆی وابـزانم ئێرەیە، ئێستا دەیان هەزار كرێكار چاوەڕێی بەڕاستی ئەم یاسایەن بەڕاسـتی، بەتایبـەتی كـە كرێكـارانی بـێ خاوەن كار كە زۆر قسەی لەسەر كرا، من وا ئەزانم یا ئـەبێ مۆڵـەتێك بـەین بـە لیژنـەكان ئـەو پێشـنیارانە بخەنە سەری كە ڕێگەی سروشتی و یاسایی خۆی وایە، یا ئەگەر مەجال نەبوو لیژنەكە زانیان ئەمـە نـاكرێ واباشـە كـە پرۆژەكـە ئامـادە كـرێ بـەڵام سـەقفێكی زەمـەنی دانـرێ كـە تێنەپـەڕێ، چونكە ئـەم مەوزوعـە هەردووكیان یەعنی ئەو باسی كرێكارانی بێ خاوەن كارە بەڕاستی پەیوەندی بەم پرۆژە یاسایەوە هەیـە كـە ئێستا ئێمە ئەیكەین، وەك بەڕێزان وتیان ئێمە زۆر یاسای تریشمان تەعدیل كـردووە لـە یاسـای ئیتیحـادی هیچ ئیشكالیەتێكمان نەبووە، هیچ گرفتێكمان نەبووە، ئێستا بۆچی عەجەب مۆڵەت نـادەن بـە لیژنەكـە لـە كـاتی هێنانـەوەی پرۆژەكـە دوای تەعـدیلات ئـەو پێشـنیارانەش جێگـا بكەنـەوە، ببـورە بـەڕێز سـەرۆكی پەرلەمان، من خاڵێكم بیر چوو لەبـەر ئـەوەی جـەنابتان قسـەتان ئـەكرد، ئـەم مەوزوعـە ئیشـباع بـووە بـە دەنـگ دان یـەك لای كـەرەوە جـەنابت، لەبـەینی ئـەوە كـە لیژنەكـە مۆڵـەتی بـەینێ ئـەو پێشـنیارانەی كـە پەیوەندی بـەو توێـژە لـەناو كرێكارانـدا هەیـە جێـی بكاتـەوە لـەناو ئـەم یاسـایە، یـان بـە سـورعەت پـرۆژە یاسایەك ئامادە بكرێت، وابزانم ئیشباع بووە، بە دەنگادان یەك لای كەیەوە جەنابت باشترە، و سوپاس

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هـەروەكو پێشـووتریش وتم، چ لیژنــەی بــەڕێزی قــانونی، چ لیژنــەی كــار و بــاری كۆمەڵایــەتی چــەند پێشنیارێكیان هەیە وكو موتەبەعیش بووە، لە موناقەشە كردنی پرۆژە یاساكانی تـر یـان پـرۆژەی هـەموار كردنەكانی تر، لە پێشا ئەو پێشنیارانە لەناو هۆڵی پەرلەماندا موناقەشە ئەكرێ كە لە لایـەن لیژنەكانـەوە ئەخرێنە ڕوو، پاشتر ئەگەر هەر پەرلەمانتارێكی بەڕێز پێشنیارێكی هەبوو دواتر لە ڕێگای تەئید كردنەوە ئەخرێتە بەر باس و دەخرێتە دەنگدان، بۆیە ئێستا بۆ ئەوەی كاتەكەمان نەڕوات هـەر ئـەوها، لەپێشا ئـەو پێشنیارانەی كە هەیە لە لایەن هـەردوو لیژنـەی بـەڕێز ئەوانـە موناقەشـە بكـرێن، پاشـتر ئـەتوانن ئەنـدام پەرلەمانتارانی بەڕێز هاوكاری لیژنەكان بن بۆ ئەوەی صیغەیەك بدۆزرێتەوە بۆ حەل كردنـی ئـەم پرسـە، سوپاس

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پـێم وایـە ئەگـەر ئـەم پـرۆژە یاسـایە بـەو شـێوەیە تێپەڕێنـدرێ، ئـەوەی كـە لیژنـەی موختـەص باسـی كردووە، ئەوەی كە بڕایان و خوشكان باسیان كرد ئەوا ئەم پرۆژە یاسایە بە نەقوسـانی ئـەڕوا، و فـەراغێكی

گەورەی تیایە، مافێکی زۆری کرێکارانی بێ خاوەن کار دەستەبەر نابێ تیایە، بۆیە منیش تەئکید لەو پێشنیارە ئەکەم کەوا هەرسێ لیژنەی بەرێز، چەند ماددەیەك، یان ماددەیەك بە چەند بڕگەیەك ئیزافەکەن، و ئێستا بە دەنگدان ئەوا حەسم بکەین، دوایی ئەو ماددانە کە ئەمێنێتەوە لەکاتی تەعدیل و هاوبەشدا، ئەو ماددانە ئیزافە بکەن بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پێشنیارانەی کە ئێوەش کردتان، دەیخەینە بەردەمی لیژنەکان، لە کاتی تەصویتدا با صیاغەی بکەن لەکاتی دەنگمان دا بۆ ماددەکانی تر بۆ ئەوەش دەنگدانی لەسەر دەکەین، جا لیژنەکان ئێوەش خۆتان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی لەکاتی داڕشتنەوەی یان تەعدیل کردنی یاساکە ئەوەش ئامادە سازی بۆ بکەن، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاسی ئەو خوشك و براِ پەرلەمانتارانە ئەکەم بۆ دەربڕینی ئەو هەستە جوانە، من دەچمە ڕێزی ئەوان کە هەر شتێك بوترێ بۆ ئەو شەریحە فراوانەی بۆ کۆمەڵگای ئێمە بکرێ هێشتان کەمە بەڕاستی، بەڵام بە خودای قەڵەمم هەڵگرتبوو چاوەڕوانی پێشنیار بووم، من سوپاسی کاك (دانا) و کاك (دڵشاد) ئەکەم، و ئەو خوشك و براِیانەی کە فکرەی تریان هەبووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تاکو بزانین ئەرکەکەمان چیە تکات لێدەکەم مەجالم بدێ ئەرکەکەی خۆمان شەرح بکەم، تاکو کە دێینە سەر دەنگدان موناقەشەکە دیسان دەست پێ نەکات، ئەگەر ڕێگەم بدەنێ.....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

1-بێجگە لە عاتیفە و بێجگە لە هاوسۆزی، خاوەن کار یاسایەك و بوارەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەسحابی میهنە حوڕەنە، ئەوان چونکە خاوەن کاریان نیە، یاسای تایبەت بۆ ئەوان هەیە، یاسا بۆ کرێکار شتێکە، بۆ ئەوەی خاوەن کاری خۆیتی شتێکی ترە، لە سەرەتاوە ئەو داخوازیەی، ئەو شەریحەیەی کە ساحێب تەکسیە، ئارێشگایە، نانەوایە، یەکێکە خۆی و خێزانەکەی لە محەلەکە ئیش ئەکەن (بنەماڵەکە)، ئەوانە هەموویان لە عیراقیش یاسا کۆنەکە ئەگەر لێ بگەڕێین تەرتیباتی تایبەت بۆیان ئەکرێ، تکاتان لێ دەکەم بزانین، بۆیە ئیشەکە زۆر زەحمەت بوو، کەم کەس توانی ئەفکاری تازە بینی کە فیعلەن گونجاوبێ لەگەڵ ئەو یاسایە، بەڵام من پێشنیارەکم هەیە بۆ ئەوەی بە دەستی بەتاڵ دەرنەچین، ئەمە یەك.

2-بە نیسبەت ئەوانەی کە کاری وەرزی ئەکەن، هەیە تەبیعەتی ئیشی، ئیشی وەرزیە، لە کشتوکاڵیش هەیە، لە بیناسازیش هەیە، لە جێگای تریش، بێجگە لەوەی وەرزیە ئەوانە هەندێکیان خاوەن کارە، هەندێکیان

خاوەن كار نیە، یەعنی ئەگەر هاتو هی بیناسازی ئەو پێشنیارە ئەوها بەسەر ناچێت، ئێمە شەریكاتمان گرت، ناچارمان كردن بچێت لای ئەو شەریكاتانە بڵێ من كاشی چیمە، و چاوەڕوان بێت ئیشی بۆ بدۆزنەوە كە دڵنیامە نایكەن، دژی مافی مرۆڤیشە، ئینسان حورە بۆخۆی لە پرەنسیپەكانی مافی مرۆڤ، نابێ ئیجباری یەكەك بكەی كە فەرزێكی ژیان بۆخۆی ئیختیار بكات، ئەمە كێشەی دووەمە، حیساب كردنی ئەو پارەی كە وەری ئەگرێت و ئەو پارەی كە دەیدات، پێشنیارەكی جوان هات وابزام كاك (دڵشاد) بوو، مەسەلەی تەخمینی داهات كە من موتەئەكیدم قبوڵی ناكەن، وابزانم شۆفێرەكانی تەكسی لە دەرەوە زۆر ئاسانە، تەخمینی حیسابێك ئەكەن، وەزارەتی كار، دارایی، سەندیكا، ژورەكانی بازرگانی و پیشەسازی، تەخمینێك ئەكەن دەڵێن وەصل و شتم بۆ نەهێنا، تۆ پازدە هەزار گلدەن دەهێنی، یان شەش هەزار، تۆ دەبێت 12٪كەی بدەیت تەواو، بۆیە بەپێی هەموو ئەو قسانە ئێمە رووبەڕووی دوو شت دەبینەوە، یان وەكو زۆربەی زۆریان بە مەنتیقی و بە قانونیش دانرا، داوا دەكەن ئێمە بە هێمنی و بە راوێژكاری یاسای خۆمان، یەعنی تەعدیل نیزامی خۆمان هەبێت، ئەوانی تر كە داوا دەكەن ئێمە دەربچین بە شتێك بۆ كرێكاران، منیش لەگەڵیانم و هاوسۆزم لەگەڵ ئەو قسانە، پێشنیارێك هەیە كە ئێمە ئیزافەی حاڵەتێك لەماددەی (27) كە باسی دانی 5٪ لەلای كرێكار لە 12٪ لەلای خاوەن كار، پێمان دەكرێت ئێمە بچین دابنیشین صیاغەیەك بدۆزینەوە سەبارەت بە كرێكاری خاوەن كاری خۆی، بەلاَم جارێ حەلمان نەدۆزیتەوە، فیعلەن ئەگەر ئەو بیەوێت ئارەزوومەندانە لە هەر بەشێك لە بەشەكانی تەئمین پارەكە بدات، بە مەرجێك هەردووكی بدات، ئەگەر حكومەت ئامادە بوو لە 4٪ لە جیاتیان بدات، یان زیاتر، هەروەها هەوڵ بدەین و رێگایان پێ بدەین لە یەك بوار بێت، مەسەلەن تەنها هی تەقاعودی هەبێت، تەنها هی رووداوەكانی كاری هەبێت، پێشنیارەكانی ئێمە ئەوەیە، ئەمە فیكرەكەیە لە ماددەی (27) بڵێین سەبارەت بەو كرێكارانەی خاوەن كاری خۆیانن بۆیان هەیە خۆیان دەستەبەر بكەن بە مەرجێك بەشی كرێكارو بەشی خاوەن كار لە ئەستۆی خۆیان دابێت.

دوو/ خۆ دەستەبەر كردن ئارەزوومەندانەیە بۆ هەر بەشێك لە بەشەكانی دەستەبەری كۆمەلاَیەتی بەپێی ئەحكامی ئەم یاسایە.

سێ/ بۆ هاندانی كرێكارانی بێ خاوەن كار حكومەت رێژە لە بەشی خاوەن كار سەرف دەكات، لەلایەن وەزارەتی داراییەوە رێنمایی پێویست بۆی دەردەكرێت، یەعنی فیكرەكە ئەوەیە دەرچوون............

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام، ئێمە داوا دەكەین، ئێوە وەكو لیژنەكان كە لێرە دانیشتوون بە هاوكاری لەگەڵ وەزیری كارو كاروباری كۆمەلاَیەتی، رەئی زۆربەی برادەرەكانیش وەرگرن، ئەوەی پێشنیاریان هەیە بە نووسین بدەن بە لیژنەكان، صیاغەیەك بكەن، بۆ ئەوەی لێرە بتوانین بیخەینە دەنگدان و بەشێك لەو تەعدیلە ئیزافە بكەن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاپۆرتی خۆمان دوو بەش بوو، ئەگەر لە بیرتان بێت، یەك/ موناقەشە کردنی ماددەکانی پرۆژە یاسای کە هاتووە.

دوو/ پێشنیارەکانی لیژنەی ئێمە پاش ڕاوێژکاری لەگەڵ سەندیکاو ئەویتر، وامان کرد کە ئەمە تەعدیل و ئیزافەیە بۆ چەند ماددەیەك، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی ئێوەش پێشنیارتان کردووە دەبێت بە ئاگاداری وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی یاسایی و دارایی بێت، دەبێت ڕاوێژ بکەن لەگەڵ ئەوان، دوایی هەمووتان دەگەنە صیغەیەکی نیهائی بۆ کاتی دەنگدانەکە، فەرموو ئاسۆس خان.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو کاتەی کە هەموار کردنەکە لە حکومەتەوە بۆ پەرلەمان هاتووە، ماددەیەکی زۆر گرنگیان لەکاتی چاپدا لەبیر چووە، ئەویش ئەوەیە داوای ئەوە دەکەین، ئێستا ئەوەی کە هەیە لە واقیع حاڵەتێك هەیە، هەر پرۆژەیەك سێ کرێکار بەرەو ژووری هەبێت مەشمول دەبن بە زەمان، ئێمە داوای ئەوە دەکەین هەر پرۆژەیەك لە یەك کرێکار دەست پێ بکات، ئێستا چۆن لە سێ کرێکارەوە بەرەو ژوور ئیجبارییە، لە یەك کرێکارەوە ئیجباری بێت، بۆ ئەوەی مەشمول بێت بە زەمان و، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین خزمەتیان بکەین، هەر ماددەی سێیە (يوقف العمل بالمادة الثالثة ويحل محلها مايلي: يتم شمول كافة المشاريع المشمولة باحكام قانون العمل والتي تستخدم عاملاً واحداً فأكثر بأحكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە بیدەنە لیژنەکان، با لیژنەکان دیراسەی بکەن لەکاتی دەنگداندا ئەو کاتە بیخەنە صیاغەکەوە، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا دیارە گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل کرا لەسەر یاسای ژمارە (39)ی ساڵی 1971 هەموار کراو، کە بەرکارە لە هەرێمی کوردستان، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و کۆمەڵایەتی و دارایی داوای مۆڵەت دەکەین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، کەوا بتوانین ئەو پێشنیارانەی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە

**دیراسەتی بکەین، بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی داهاتوودا بخرێتە دەنگدانەوەو یاساکە پەسند بکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ئێستا بەم جۆرە خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کارمان بەتێر تەسەلی موناقەشە کرد، دەستتان خۆش بێت، سوپاسی جەنابی وەزیریش دەکەین کە ئامادە بوو، دەمێنێتەوە ئەوەی کە لیژنەکان ئاخیر صیاغەی بۆ بکەن، بۆ ئەوەی لە دانیشتنی داهاتووماندا، یان لە دوای تەواو کردنی داڕشتنەوەکەی بیخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی ببێتە قانونێك دوای هەموار کردنەکەی ئێمە کاری لەسەر بکەین، ئێمە سوپاستان دەکەین، سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین بۆ ئامادە بوونت و بەشداری کردنت لەو موناقەشانە، سوپاسی هەموو لایەکیشتان دەکەین، ئێستا لەسەر ئەو پێشنیارەی کە بڕگەی چوارەم بێنینە پێشەوە، بۆ ئەوەی تەحویلی لیژنەکانی بکەین و دیراسەی بکەن، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی چوارەم لە بەرنامەی کار بێتە پێشەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، فەرموون بڕگەی چوارەم لە بەرنامەی کار بیخوێننەوە.**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دوای ئەوەی کە ئیجازە لە بەڕێزتان وەردەگرم بە نووسراوی (4869) لە 2012/5/7 یاسای بودجەی خەملێنراوی هەرێمی کوردستان ساڵی 2012 ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، کە لە (33) ماددەی یاسایی پێك هاتووە، لەگەڵ موازەنەکە، داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی بکەیت، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری و سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ئەمە ئاراستەی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەین، هەروەها هەموو لیژنەکان، بەڵام داواکارین هەر یەکە لە لیژنەکان بەپێی ئیختیصاصی خۆی دیراسەی بکات، ئەوەی لە ئیختیصاصی خۆی بە راپۆرتێك دەیداتەوە بە لیژنەی دارایی و ئابووری، هیچ لیژنەیەك ناتوانێت جارێك لە ئیختیصاصی خۆی تێبینیەکان بدات، ئەگەر فراکسیۆنەکان تێبینیان هەیە لە رێگای نوێنەرەکانی خۆیان لە لیژنەکانەوە تێبینیەکانی خۆیان دەدەنە لیژنە، لیژنەکانیش بیدەن بە لیژنەی دارایی و ئابووری، دواتر لیژنەی دارایی و ئابووری هەمووی کۆ دەکاتەوەو یەك دەخەین، هەر پەرلەمانتارێکیش بۆی هەیە تێبینی خۆی هەبێت، بەڵام لە رێگای لیژنەکانەوە مولاحەزاتی خۆتان بدەن، بۆ ئەوەی دوایی بە تێرو تەسەلی موناقەشەی لەسەر بکەین و ئیقراری بکەین، فەرموو کاك سالم.**

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 78

سالَی/ 2012 – بەرگی حەفتا و هەشت

---

چاپی یەکەم/ سالَی 2013

# پێرست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/5/21 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/5/29 ل 33

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/5/30 ل 51

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/6/4 ل 55

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/6/5 ل 59

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2012/6/7 ل 107

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2012/6/11 ل 141

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/6/12 ل 251

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2012/6/13 ل 295

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2012/6/14 ل 387

ئێستا بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ناوی ئەو پەرلەمانتارانە دەخوێنێتەوە کەمۆڵەت پێدراون یان ئامادە نەبوون، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی کەلەدانیشتنی ژمارە(21)ی ئاسایی لە 2012//6/4 مۆڵەت بوون یان غیاب بوون، ئەمانەن:

1- پەیام احمد محمد مۆڵەتدراوە.

2- تارا تحسین یاسین مۆڵەتدراوە.

3- حازم تحسین مۆڵەتدراوە.

4- شەونم محمد غریب مۆڵەتدراوە.

5- عبدالسلام مصطفی مۆڵەتدراوە.

6- علی حسین محمد مۆڵەتدراوە.

7- کاوە محمد ا مین مۆڵەتدراوە

8- گۆران ئازاد محمد مۆڵەتدراوە

9- ئەڤین عمر احمد ئامادەنەبووە

10- ثائر عبدالاحد ئامادە نەبووە

11- جیهان اسماعیل مۆڵەتدراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش بەپێی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، دەست بەجێبەجێکردنی بڕگەی یەکەم دەکەین، ئەویش دەنگدانە لەسەر پرۆژە یاسای هەموارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران، ژمارە(39)ی ساڵی 1971 لیژنەکانی تایبەت با بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیرە ئاسۆس خان، وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و یاوەرەکەی دەکەین، بەخێر بێن، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گفتوگۆیەکی زۆرکرا لەسەر یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی، لەئەنجامدا ڕای لیژنەی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە خرایە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا سەبارەت بەماددەی یەکەم، دوو ڕەئی لەسەر هەیە، ڕەئیەکان دەخوێنمەوە داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، دوای خوێندنەوەی ڕەئیەکان بیخاتە دەنگدانەوە.

أولاً: بالنسبة للمادة (3) من القانون الأصلي ، هناك رأيان بشأنها:

الرأي الأول: رأي الحكومة والاغليبة من الاعضاء يقترح صياغتها كالآتي:

يوقف العمل بالمادة (3) من القانون رقم (39) لسنة 1971 المعدل في إقليم كوردستان-العراق ، ويحل محلها ما يلي:

تسري أحكام هذا القانون على كافة المشاريع المشمولة بأحكام قانون العمل التي تستخدم عاملاً واحداً فأكثر.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: سەبارەت بە ماددەی (3) لە یاسا ئەسڵییەکە، دوو ڕا لەبارەیەوە هەیە:

رای یەکەم: پێشنیار دەکات بەم جۆرەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

کار کردن بە ماددەی (3) لە یاسای ژمارە (39)ی ساڵی 1971ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان-عیراقدا رادەگیرێت، ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:

حوکمەکانی ئەم یاسایە بە سەر هەموو ئەو پرۆژانەدا پیادە دەبێت کە حوکمەکانی یاسای کار دەیان گرێتەوە و یەك کرێکار و زیاتر بەکار دەهێنن.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الرأي الثاني: نفس المفهوم و لكن يقترح صياغتها كالآتي:

أ- تسري أحكام هذا القانون على كافة العمال والمستخدمين في مؤسسات و شركات القطاع الخاص العاملة داخل الإقليم بغض النظر عن عدد المنتسبين.

ب- يستثنى من أحكام هذا القانون من كان:

1- موظفاً في احدى الدوائر أو المؤسسات الحكومية أو الخاضعة لقانون الخدمة المدنية.

2- يعمل لدى المنظمات الدولية والبعثات الدبلوماسية الاجنبية.

3- يعمل لدى جهات تشترط في العاملين لديها الخضوع لنظام اجتماعي خاص بها.

4- من منتسبي قوى الامن الداخلي و حرس الإقليم.

**بەڕێز سەردار رشيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رای دووەم: هەمان واتا، بەڵام پێشنیار دەكات بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

أ- حوكمەكانی ئەم یاسایە بە سەر تێكڕای كرێكاران و بەردەستاندا لە دەزگا و كۆمپانیاكانی كەرتی تایبەتی كاركەر لە نێو هەرێمدا پیادە دەبن، بە چاوپۆشین لە ژمارەی كارمەندان.

ب- حوكمەكانی ئەم یاسایە هەر یەك لەمانە ناگرێتەوە:

1- فەرمانبەر بێت لە یەكێك لە فەرمانگەكان یان دامەزراوەكانی حكومەت یان ئەوانەی یاسای راژەی مەدەنی دەیانگرێتەوە.

2- لە لای رێكخراوەكانی نێودەوڵەتی و نێردەی دیپلۆماسیی بیانیدا كار دەكات.

3- لە لای لایەنانێك كار دەكات كەمەرج دادەنێت بۆ ئەوانەی كاریان لەلا دەكەن، كە دەبێ ملكەچی رێسایەكی كۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆیان بن.

4- لە كارمەندانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ و پاسەوانی هەرێم بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش كام ڕەئیە دوورترە ئەوە بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێ. عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئی حكومەت برگەی یەكەمە، لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان، ڕەئی دووەم ئەو ڕەئیەیە كە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار ڕشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ڕەئی دووەم، ڕەئی لیژنەی ئێمەشە، لەگەڵ زۆرێك لەخوشك و برایانی بەڕێز، ئەو ڕۆژە لەڕاستیدا تەئیدی ڕای دووەمیان كرد، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەدانیشتنەكانی پێشوودا ئەندامانی پەرلەمان پێشنیارێكمان هەبوو، كە ئەو كرێكارانەی خاوەن كاریان نیە، ئیزافە بكرێت، بەڵام بەپێی ئەمەی كەدەخوێندرێتەوە نایای گرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە لیژنەی هاوبەش كام ڕەئیەیان دوورترە ئەوە بخوێننەوە تابیخەینە دەنگدانەوە، فەرمووون.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناتوانین بڵێین كام ڕەئی دووترە، بۆیە لەبیدایەتی قسەكانم وتم ڕەئی یەكەم هی حكومەت و زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یوقف العمل بالمادة (3) من القانون رقم (39) لسنة 1971 المعدل في إقليم كوردستان-العراق ، ويحل محلها ما يلي:

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان قسەی هەیە، باشە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابت وتت کام ڕەئیە دووترە، ڕای دووەم دووترە، چونکە ڕەئی یەکەم لەخودی هەموارکردنەکەشدا هاتووە، ڕای دووەم نەوعێکی ترە، بۆ ئەوە لەپێشدا نەخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ڕەئی دووەم بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با من تەوزیحێکی یاسایی بدەم، ئێمە موعالەجەی ماددەی سێیەم دەکەین لەیاسای ژمارە(39)، دەبێت ئیشارەتی پێ بدەم، ئینجا بڵێم ئەوە ڕادەگیرێت لەکوردستان و ئەوەش جێگای دەگرێتەوە، بەس سۆزان خان زۆر پەلە دەکات لەئیشەکان،

یوقف العمل بالمادة (3) من القانون رقم (39) لسنة 1971 المعدل في إقليم كوردستان-العراق ، ويحل محلها ما يلي:

أ- تسري أحكام هذا القانون على كافة العُمال والمستخدمين في مؤسسات و شركات القطاع الخاص العاملة داخل الإقليم بغض النظر عن عدد المنتسبين.

ب- يستثنى من أحكام هذا القانون من كان:

1- موظفاً في احدى الدوائر أو المؤسسات الحكومية أو الخاضعة لقانون الخدمة المدنية.

2-يعمل لدى المنظمات الدولية والبعثات الدبلوماسية الاجنبية.

3-يعمل لدى جهات تشترط في العاملين لديها الخضوع لنظام اجتماعي خاص بها.

4-من منتسبي قوى الامن الداخلي و حرس الإقليم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەکوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای دووەم: هەمان واتا، بەڵام پێشنیار دەکات بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

أ-حوكمەكانی ئەم یاسایە بە سەر تێكڕای كرێكاران و بەردەستاندا لە دەزگا و كۆمپانیاكانی كەرتی تایبەتی كاركەر لە نێو هەرێمدا پیادە دەبن، بە چاوپۆشین لە ژمارەی كارمەندان.

ب-حوكمەكانی ئەم یاسایە هەر یەك لەمانە ناگرێتەوە:

1-فەرمانبەر بێت لە یەكێك لە فەرمانگەكان یان دامەزراوەكانی حكومەت یان ئەوانەی یاسای راژەی مەدەنی دەیانگرێتەوە.

2-لە لای رێكخراوەكانی نێودەوڵەتی و نێردەی دیپلۆماسیی بیانیدا كار دەكات.

3-لە لای لایەنانێك كار دەكات كەمەرج دادەنێت بۆ ئەوانەی كاریان لەلا دەكەن، كە دەبێ ملكەچی رێسایەكی كۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆیان بن.

4-لە كارمەندانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ و پاسەوانی هەرێم بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕای دووەم ئەوە ڕاستە وەك یەكەمە، بەس حەقە (أ) بخوێنینەوە، (ب) خۆی لە ماددەی تری تێدایە و ئیستسنا كراوە، مەسەلەن فەرمانبەرە ئەوە حەتمەن خانەنشینی نایگرێتەوە دووبارە، یەعنی ئەوانە دووبارەن، بەس خاڵی (أ) تەواوە، بەس ئیستیسنایەكان ئەوە تەحصیل حاصلەو زیادە پێویست ناكات بنووسرێت، دەتوانن ڕەئی وەزیریش وەربگرن لەسەر ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك حەمە سەعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە لەیاسادا نابێت بڵێیت هەمان واتا، چونكە ئێمە كەدەنگ دەدەین دەنگ بەدەقی یاسایی دەدەین، واتا مەعنایەو ئەویش دەگۆڕدرێت، دەبێت بەدەقێك دایبرێژیت كە دوایی ئەو مانایە نەدات، بۆیە دەبێت دەقەكە دابرێژیت، كە دەڵێت ڕای دووەم دەبێت دەقێك هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی(ب) هیچ زیاد نیە، چونکە کۆمەڵێك کەسی لەخۆی گرتووە، یەکێ لەوانە باس دەکات کە ئیستیسنایە فەرمانبەر لەدەوائیری حکومی ئەو فەرمانبەر دەگرێتەوە، دووەم: ئەو کەسانەی کە لە بەعساتی دەولیەکان ئیش دەکەن، شەرت نیە ئەوان پەیڕەوی تایبەتی خۆیان هەیە، هەندێ کەس کرێکارە، هەندێکی تر فەرمانبەرە، سێیەم: باس لە کرێکار دەکات، کەدەڵێت مەرجی کرێکاری هەبێت و ملکەچ بێت بۆ نیزامێکی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوە فەقەرەی(ب) زیاد نیە، ڕەئی دووەم بەهەردوو خاڵەکەوە تەواوە، دوا ڕەئیش بۆ ئەندامە بەڕێزەکانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سەر لەنوێ بیخوێننەوە دەیخەینە دەنگەوە، فەرموون باشە جەنابی وەزیرە تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب(وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو کرێکارانە ئەوە ئێستا جێبەجێ دەکرێت، هەر پرۆژەیەك سێ کرێکار یان زیاتری هەبێت بۆیان دابین دەکرێت، بەڵام بەپێی ئەو ماددەیە ڕەئی یەکەم، داوای ئەوە دەکەین کە ئەو پرۆژانەی کە یەك کرێکاریشیان هەیە دابین بکرێت، دیارە ئەمە بۆ خزمەتی کرێکارانە، سەبارەت بە ڕەئی دووەم، موستەخدەم هەیە، ئێمە موستەخدەممان نیە، ئێمە کرێکارمان هەیە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ڕای یەکەمین ئەویش بۆ قازانجی کرێکارانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئێمە پێشتریش لەگەڵ جەنابی وەزیر باسی ئەوەمان کردووە، کە مەسەلەی تەسمیە یان ناونان نابێتە عەرقەلەیەك، چونکە ئەوانەی کە لەکەرتی تایبەت ئیش دەکەن، لای کەسێك ئیش دەکەن کەسەرمایەیەکی خستۆتە گەر، ئەو کەسە کە کاری لەلا دەکات یان کرێکاری عەزەڵیە(العضلة)، یان کرێکاری

زهنيه، ئيتر تۆ ناوی ئەنێيت موستەخدەم يان هەر ناوێكی تر، ئێستا لەدونيادا ئەوە نەماوە، ڕێكخراوی كاری نێودەوڵەتيش بۆ خۆی ئێستا ئەم پێناسەيەی هەيە، بۆيە ئەمە هيچ خەلەلێكی تێدا نيه، بۆيە داوا دەكەم دەنگ بەڕەئی دووەم بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر بەو حاڵە بێت دەبێت ديسان موناقەشەی مەوزوعەكە بكەينەوە، بەڕاستی ئەوەش ناكرێت، هەفتەيەك موناقەشە بكەين دوايش سەرلەنوێ دەست پێ بكەينەوە، كاك برهان ئەخير كەس، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئی يەكەم زۆر جوانە، بەڵام ڕەئی دووەم كەنووسراوە بۆ ئەوەی جوانتری بكات، هەڵەكە لەوەدايە كە كۆمەڵگا دابەشدەكات بەسەر پێنج فيئەدا، كە كۆمەڵگا پێنج فيئە نيه، ئەی كابرايەكی فەلاح لێرەدا لەكوێدايە؟، بۆيە بەڕەئی من ئەگەر ڕەئی دووەم وەردەگرن بەنەزەری ئيعتيبار خاڵی پێنجەمی پێويستە بۆ زياد بكرێت، چونكە ڕەنگە فەلاحێك بێت داوا بكات بڵێ من بەپێی ئەمە حەقم دەكەوێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

دوا صياغە بخوێننەوە دەيخەينە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە دوا صياغەيە بەو چاككردنەوەيە:

أولاً: بالنسبة للمادة (3) من القانون الأصلي ، هناك رأيان بشأنها:

الرأي الأول: يقترح صياغتها كالآتي:

يوقف العمل بالمادة (3) من القانون رقم (39) لسنة 1971 المعدل في إقليم كوردستان-العراق ، ويحل محلها ما يلي:

تسري أحكام هذا القانون على كافة المشاريع المشمولة بأحكام قانون العمل التي تستخدم عاملاً واحداً فأكثر.

الرأي الثاني: نفس المفهوم و لكن يقترح صياغتها كالآتي:

أ-تسري أحكام هذا القانون على كافة العُمال والمستخدمين في مؤسسات و شركات القطاع الخاص العاملة داخل الإقليم بغض النظر عن عدد المنتسبين.

فەقەری (ب) گۆڕانكارییەكمان تێدا كردووە لە صیاغەكەی وەكو ناحیەی زمانەوانیەكەی هەڵەیەكی تێدا بوو، كە بەم شێوەی لێ دێت:

ب- يستثنى من أحكام هذا القانون من كان:

1-الموظف في احدى الدوائر أو المؤسسات الحكومية أو الخاضعة لقانون الخدمة المدنية.

2-العامل لدى المنظمات الدولية والبعثات الدبلوماسية الاجنبية.

3-العامل لدى جهات تشترط في العاملين لديها الخضوع لنظام اجتماعي خاص بها.

4-من منتسبي قوى الامن الداخلي و حرس الإقليم.

جەنابی سەرۆك بیخەرە دەنگدانەوە تكایە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەكوردی نیتانە بیخوێننەوە؟ باشە، فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رای دووەم: پێشنیار دەكات بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

أ-حوكمەكانی ئەم یاسایە بە سەر تێكڕای كرێكاران و بەردەستاندا لە دەزگا و كۆمپانیاكانی كەرتی تایبەتی كاركەر لە نێو هەرێمدا پیادە دەبن، بە چاوپۆشین لە ژمارەی كارمەندان.

ب-حوكمەكانی ئەم یاسایە هەر یەك لەمانە ناگرێتەوە:

1-فەرمانبەر بێت لە یەكێك لە فەرمانگەكان یان دامەزراوەكانی حكومەت یان ئەوانەی یاسای راژەی مەدەنی دەیانگرێتەوە.

2- لای رێكخراوەكانی نێودەوڵەتی و نێردەی دیپلۆماسیی بیانیدا كار دەكات.

3-لە لای لایەنێك كار دەكات كەمەرج دادەنێت بۆ ئەوانەی كاریان لەلا دەكەن، كە دەبێ ملكەچی رێسایەكی كۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆیان بن.

4-لە كارمەندانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ و پاسەوانی هەرێم بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا هەردوو ڕەئیەکە خوێندرایەوە، داوا لەسەرۆکایەتی دەکەم کە ڕەئی دووەم یەکەمجار بخرێتە دەنگدانەوە پاشان ڕەئی یەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئەو مەسەلەیە دوو ڕەئی هەیە، هەردوو ڕەئیەکەش خوێندرایەوە، ئێستا ڕەئی دووەم دەخەینە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، 16 کەسی لەگەڵدا نیە؟، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ ڕەئی دووەم پەسەند کرا؟، فەرموون بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانياً: بالنسبة للمادة الأولى من المشروع و المتعلقة بالفقرة (ز) من المادة (20) من القانون الأصلي أجمعت الآراء على قبولها ، و تكون صياغتها كالآتي:

يعاد العمل بالفقرة (ز) من المادة (20) من القانون في الإقليم ، وكالآتي:

( ز- تساهم الحكومة في موارد صندوق ضمان و تقاعد العمال بنسبة (30٪) من الاشتراكات المدفوعة للصندوق خلال السنة المالية السابقة). لەڕاپۆرتی پێشوومان صیاغەکە بەو شێوەیە نەبوو، هەڵەی تێدا بوو ئێمەش چاکمان کردەوە، ئەو نووسراوە کە ئێستا لەبەردەم ئەندام پەرلەمانەکاندایە بەژمارەی دووەم لەوێ باسی لێ کراوە، صیاغەکەی بەو شێوەیەیە کە خوێندمەوە، ئەوە ڕاستەو دەنگی لەسەر بدرێت، ئەندامانی پەرلەمانیش کۆکن لەسەر ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەکوردیش بیخوێننەوە:

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم: سەبارەت بە ماددەی یەکەم لە پرۆژەکە، کە پەیوەندیی بە بڕگە (ز) لە ماددەی (20)ی یاسا ئەسڵییەکەوە هەیە، کۆدەنگی را لەگەڵ قبووڵ کردنیدا بوو،

سەبارەت بە ماددەی یەکەم لە پرۆژەکە کە پەیوەندی بە برگە (ز) هەیە لە ماددەی (20)ی یاساکە دەکرێت، ڕایەکان کۆك بوون لەسەر پەسەند کردنی و دارِشتنەوەی بەم جۆرە دەبێت، کار بە برِگەی (ز)ی ماددەی (20) لەیاسای هەرێم دەکرێت وبەم شێوەیە دەبێت: (ز- بەشداری کردنی حکومەت لە داهاتی سندووقی بیمە و خانەنشینیی کرێکاران بە رێژەی (30٪) لە پیتاکێك کە دراوە بەسندوقەکە لەساڵی دارایی پێشوودا).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

دووەم، بەو شێوەی کە بەکوردی و عەرەبیش خوێندرایەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟،

فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا بۆ خاڵی دواتر تکایە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەمی پرۆژەکە کە پەیوەستە بە برگەی (ب) لە ماددەی(27)ی یاساکە، بەم شێوەیە.

ثالثاً: بالنسبة للمادة الثانية من المشروع والمتعلقة بالفقرة (ب) من المادة (27) من القانون الأصلي أجمعت الآراء على إلغائها.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەکوردیش.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم: سەبارەت بە ماددەی دووەمی پرۆژەکە، کە پەیوەندیی بە برِگە (ب) لە ماددەی (27) لە یاسا ئەسڵییەکەوە هەیە، کۆدەنگی را لەگەڵ رەت کردنەوەیدایە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تكايە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ ئیلغا كرا تكايە بۆ برگەيەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رابعاً: بالنسبة للمادة الثالثة من المشروع والمتعلقة بالفقرة (أ) من المادة (30) من القانون الاصلي أجمعت الآراء على إلغائها.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكورديش تكايە.

**بەڕێز سەردار رشيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چوارەم: سەبارەت بە ماددەی سێيەم لە پرۆژەكە، كە پەيوەنديی بە برگەی (أ) لە ماددەی (30) لە ياسا ئەسڵييەكەوە هەيە، كۆدەنگی را لەگەڵ رەت كردنەوەيدايە.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

چوارەم بەو شێوەی كە بە كوردی و عەرەبی خوێندرايەوە، تكايە كێی لەگەڵدايە بادەستی بڵند بكات؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نيە؟، بەكۆی دەنگ ئيلغا كرا تكايە بۆ برگەيەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە برگەی پێنجەمی راپۆرتەكەمان، بەم شێوەيە:

خامساً: اما بالنسبة للمادة الرابعة من المشروع والمتعلقة بالفقرة (ب/2) من المادة (38) من القانون الأصلي ، فقد أجمعت الآراء على قبولها و تكون صياغتها كالآتي:

"يوقف العمل بالفقرة (ب/2) من المادة (38) من القانون في إقليم كوردستان-العراق".

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكورديش تكايە.

**بەڕێز سەردار رشيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێنجەم: سەبارەت بە ماددەی چوارەم لە پرۆژەکەدا، کە پەیوەندیی بە برگە (ب/2) لە ماددەی (38) لە یاسا ئەسڵییەکەوە هەیە، کۆدەنگی را لەگەڵ قبووڵ کردنیدایە، دارشتنیشی بەم شێوەیە دادێ دەبێت:

"کار کردن بە برگە (ب/2) لە ماددەی (38)ی یاساکە لە هەرێمی کوردستان- عیراقدا رادەگیرێت".

**بەرێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

پێنجەم بەو دارشتنەی کە بە عەرەبی و کوردی خوێندرایەوە، تکایە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا تکایە بۆ برگەیەکی تر.

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە برگەی شەشەمی راپۆرتی هاوبەش، پەیوەستە بە ماددەی پێنجەمی پرۆژەکە بەم شێوەیەیە:

سادساً: بالنسبة للمادة الخامسة من المشروع والمتعلقة بإضافة فقرة بتسلسل (ز) الى المادة (48) من القانون الاصلي هناك رأيان:

الرأي الأول: إضافة فقرة بتسلسل (ز) الى المادة (48) وكالآتي:

تضاف فقرة بتسلسل (ز) الى المادة (48) من القانون كالآتي:

يحق للمرأة العاملة المضمونة ، بعد انتهاء إجازة الوضع، طلب إجازة الأمومة لمدة لاتزيد على سنة واحدة بنصف الراتب على أن لايقل عن مبلغ إعانة الحماية الاجتماعية يدفع لها من قبل الخزينة العامة بشرط عدم انتهاء العقد).

الرأي الثاني: يقترح ان يكون براتب تام.

**بەرێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش تکایە.

**بەرێز سەردار رشید محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم: سەبارەت بە ماددەی پێنجەم لە پرۆژەکە، کە پەیوەندیی بە زیاد کردنی برگەیەکەوە هەیە بە ریزبەندی (ز) بۆ ماددەی (48) لە یاسا ئەسڵییەکە، دوو را هەن:

رای یەکەم: زیاد کردنی برگەیەك بە ریزبەندی (ز) بۆ ماددەی (48) بەم شێوەیەی دادێ:

(برگەیەك بە ریزبەندی (ز) بۆ ماددەی (48)ی یاساکە زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی دادێ:

ژنە کرێکاری بیمەدار، دوای کۆتایی هاتنی مۆڵەتی منداڵ بوونەکەی، مافی داوا کردنی مۆڵەتی دایکایەتیی هەیە بۆ ماوەیەك کە لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت بە نیوە مووچە، بە مەرجێك لە بڕە پارەی یارمەتیی پاراستنی کۆمەڵایەتی کەمتر نەبێت، لە گەنجینەی گشتییەوە بۆی خەرج دەکرێت، بە مەرجی کۆتایی نەهاتنی گرێبەستەکەی).

ڕای دووەم: پێشنیار دەکات بە مووچەی تەواو بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کام ڕەئیان دووترە با ئەوەیان بخوێننەوەو دەیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الرأي الثاني: يقترح ان يكون براتب تام. ئەوە دووترە واتە مووچەی تەواو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەمە سەرەتای کارە بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت لەکوردستاندا بکەوێتە گەڕ، بۆ ئەوەی ئەو قورساییەی کەلەسەر شانی حکومەتە کەم ببێتەوە، بۆ ئەوەی تەشجیعێکیش بێت بۆ ژنان، ئەگەر بکرێت بە مووچەی تام ئەوە بەڕاستی کەرتی تایبەت ژنان وەرناگرێت، وای لێ دێت کە تەنها پیاو بێت، لەبەر ئەوە بە نیو مووچە کەسەرەتایە ئەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە خوێندرایەوە تەنها ئەوەی ماوە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

شەشەم بەو دارِشتنەی کە بە عەرەبی و کوردی خوێندرایەوە، دوو رِەئی بوو رِەئی دووەم دەخەینە دەنگەوە تکایە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟،...کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (24) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ برِگەیەکی تر.

**بەرِێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**7.اما بالنسبة للمادة السادسة من المشروع والمتعلقة بالمادة الخمسون يوقف العمل بالفقرة (هـ) من المادة الخمسون من القانون في أقليم كوردستان العراق، ويحل محلها مايلي: يحول راتب التقاعد المرض الكامل، وراتب التقاعد الجزئي عن عجز يساوى خمسةوسبعون فأكثر من العجز الكامل عند وفاة المتقاعد الى خلفه، اما راتب المتقاعد المرض الجزئى، المرض الجزئى عن عجز أقل من خمسةوسبعون من عجز كامل فيقطع نهائيا عند وفاة صاحبه.**

**بەرِێزسەردار رشيد محمد:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

7. بەڵام سەبارەت بە ماددەی شەش لە پرِۆژەکە کە پەیوەندی بەماددەی پەنجاوە هەیە، کارکردن بە برِگە﴿ هـ﴾ی مادده پەنجای یاساکە لە هەرێمی کوردستان رِادەگیرێت وە ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

هـ. مووچەی خانەنشینی نەخۆشی تەواو و مووچەی خانەنشینی بەشەکی پەککەوتنی لە﴿ 75٪﴾بۆ سەرەوە لە پەککەوتنی تەواو لەکاتی کۆچی دوایی خانە نشینەکە بۆ نەوەی دەگوازرێتەوە، بەڵام مووچەی خانەنشینی نەخۆشی بەشەکی لە پەککەوتنی کەمتر لە﴿75٪﴾لە پەککەوتنی تەواو ئەوە یەکجاری دەبرِێت لە کاتی مردنی خاوەنەکەی.

**بەرِێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کام رِایان دوورترە، چونکە ئەمە دوو رِایە. فەرموو کاك عونی.

**بەرِێزعونی کمال سعید بەزاز:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو رِا نیە، وەلەو لە رِاپۆرتی پێشومان داهاتیە، بەڵام لە ئەنجامی کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەت و لیژنەکانی پەیوەندار مەبەستی یاساکە، هەموارکردنەکە، تەنها بۆ فەقەرەی﴿ هـ﴾ بوو لە ماددەی پەنجا بۆیێ لە ئەو نووسراوەی کە لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆمان روونکردیتەوە کە تەنها لە برِگەی﴿ هـ﴾ لە ماددەی پەنجا،

**بەرِێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەو شێوەیە کە خوێندرایەوە بە کوردی، و عەرەبی کێ لەگەڵ دایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لە گەڵدا نیە؟ شەش کەس لەگەڵدا نیە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.**

**بەڕێزد. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**8. بالنسبة للمادة السابعة من المشروع والمتعلقة بالمادة (60) من القانون الاصلى أجمع الاراء على قبولها وتكون صياغتها كما يلى،**

**يوقف العمل بأحكام الفقرتين ﴿ب،ج﴾من المادة (60) من القانون في أقليم كوردستان ويحل محلها ما يلى:**

**ب. اذا توفي المتقاعد الموصى بعجز يساوى ﴿75٪﴾ فأكثر يحول راتبة الى خلفه**

**ج. اذا توفي المتقاعد الموصى بالعجز الجزئي يقل عن ﴿75٪﴾يمنح خلفه تعويضاً يساوي راتب تقاعد الاصابة الجزئى عن اربع سنوات في حالة عدم استحقاق الخلف لتقاعد الوفاة.**

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**8. سەبارەت بە ماددەی حەوتەم لە پڕۆژەکە کە پەیوەندی بە ماددەی ﴿60﴾ی یاسای ئەصلیەکەوە هەیە کۆ دەنگی ڕا لەگەڵ قبوڵ کردنی بوو، داڕشتنەوەی ، بەم شێوەیەی دادێ دەبێت، کارکردن بە حوکمەکانی هەردوو بڕگە﴿ب،ج﴾ لە ماددەی ﴿60﴾ی یاساکە لە هەرێمی کوردستان ڕادەگیرێ و ئەمەی دادی جێدەگرێتەوە.**

**ب. ئەگەر خانەنشینی تووشبوو بە ناتواناییەك کە یەکسان بێ لە ﴿75٪﴾ زیاتر مرد مووچەکەی دەخرێتەوە سەر نەوەکانی.**

**ج. ئەگەر خانەنشینی تووشبوو بە ناتوانایێەکی بەشەکی کەمتر لە ﴿75٪﴾ نەوەکانی قەرەبوویەکیان پێ دەدرێت کە یەکسان دەبێ بە مووچەی خانەنشینی تووشبووی بەشەکی لەبڕی چوار ساڵ لە حاڵەتی موستەحەق نەبوونی بەخانەنشینی مردن**

**بەڕێزد. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**8. بەو شێوەیە بە کوردی و عەرەبی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لە گەڵدا نیە؟ سێ کەس لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.**

**بەڕێزعونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە بڕگەی نۆیەمی ڕاپۆرتی هاوبەشمان بەم شێوەیەیە:**

**9. بالنسبة للمادة الثامنة من المشروع والمتعلقة بإيقاف العمل بالفقرتين،﴿أوب﴾والمادة ﴿65﴾ من القانون والتي تخفض سن التقاعدمن﴿60﴾ سنة الى ﴿55﴾ سنة بالنسبة للرجال و من ﴿55 ﴾الى﴿ 50﴾سنة بالنسبة للنساء وبالنسبة للسنوات المضمونة من ﴿20﴾ سنة الى﴿ 15﴾ سنة كذلك تخفيض سنوات الخدمة**

المضمونة بالنسبة للذين لم يبلغ سن التقاعد من ﴿30﴾ سنة الى ﴿25﴾ سنة للرجال و ﴿25﴾ سنة الى ﴿20﴾ سنة للنساء اجمع الاراء على رفض مقترح المشروع والإبقاء على اصل المادة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەی.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

9. سەبارەت بە ماددەی هەشتەم لە پڕۆژەكە كە پەیوەندی بە ڕاگرتنی كاركردن بە هەردوو بڕگەی ﴿أوب﴾ لە ماددەی ﴿65﴾ی یاسا ئەسڵیەكەوە هەیە، كە تایبەتە بە كەمكردنەوەی تەمەنی خانەنشینی لە ﴿60﴾ ساڵیەوە بۆ ﴿55﴾ ساڵ بۆ پیاوان، لە ﴿55﴾ ساڵیەوە بۆ ﴿50﴾ ساڵ بۆ ژنان، سەبارەت بە ساڵانی بیمەكراو لە ﴿20﴾ ساڵەوە بۆ ﴿15﴾ ساڵ، كەمكردنەوەی ساڵانی ڕاژەی بیمەكراو سەبارەت بەوانەی نەگەیشتوونەتە تەمەنی خانەنشینی لە ﴿30﴾ ساڵەوە بۆ ﴿25﴾ ساڵ بۆ پیاوان لە ﴿25﴾ ساڵەوە بۆ ﴿20﴾ ساڵ بۆ ژنان كۆ دەنگی ڕا لەگەڵ ڕەتكردنەوەو پێشنیاری پڕۆژەكەو هێشتنەوەی ئەسڵی ماددەكەدایە .

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو شلێرخان.

**بەڕێزشلێرمحی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەر وەزیرێك هاتووە كە یاسایەك موناقەشە كراوە لە هەموو بڕگەیەكدا ڕەئی وەزیر وەردەگیرێ، نازانم لێرە وەزیر، یەعنی ئێمە حەز دەكەین بزانین ڕەئیەكانی چیە؟

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عونی جەواب دەوە، بزانین چییە؟

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم دانیشتنە تەنها بۆ دەنگدانە لەسەر یاساكە

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووكاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیارە خوێندراوەتەوە بۆ یاساکە، بەڵام لە کۆتاییدا نووسراوە کۆ دەنگی ڕا لەگەڵ ڕەتکردنەوەی پێشنیاری پرۆژەکەو هێشتنەوەی ئەسڵی ماددەکە دایە، یەعنی دوو ڕا هەیە، کۆ دەنگیەکەی لیژنەی هاوبەش، لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیارەیە، ماناکەی ئەوەیە بۆ ئەوەی ئێمە بیکەینە دوو ڕا، کێ لەگەڵ ئەوەیە ڕەتبکرێتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە؟سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ ئەوە دەخەینە دەنگەوە کە کۆ دەنگییەك هەیە، لەگەڵ ڕەتکردنەوەی پێشنیاری ئەسڵی ماددەکە،کێ لەگەڵ ئەوە دایە تکایە دەستی بەرزکاتەوە؟کێ لەگەڵدا نیە؟﴿9﴾ لەگەڵدا نیە کەواتە ماددەکە ڕەفز کرایەوە، فەرمووکاك د. احمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددانە کە دوو ڕە ئیان لەسەرە، چونکە ئێستا دەنگدانە باشتر وایە لیژنەی هاوبەش ڕەئی خۆی نەدا لەسەری یەکێ لە دوو ڕەئیەکان یان سێ ڕەئی کە لە ماددەکەیە، ئەوە یەکەم وەحیکمەتیش، لە حزووری وەزیر ئەگەر چییە؟ لە کۆبونەوەی دەنگدانە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ﴿20﴾ سەعات هاتۆتە پەرلەمان، قسەی خۆی کردووە، ڕەئی خۆی داوە، موناقەشەی خۆی کردووەو، ئەو هەندەك  لەگەڵ ماددەکانیش نیە بەڕاستی دەنگی لەسەر داوە، بەڵام بڵێم چ ئەوە دەنگی پەرلەمانتارەکانە، پەرلەمانتارەکان ئازادن لەوەی چ شتێك بەچاك دەزانن ئینجا، صیاغەکردنی ماددەکە ئەوان دەنگ دەدەن.

**بەڕێز ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ ڕوونکردنەوە ئەو عاشیرەنەی کە ئێستا ئەیخوێنینەوە ئەو عاشیرەنە نیە کە لە نووسراوەکەی لەبەردەم بەڕێزیان دایە

10. بالنسبة للمادة التاسعة من المشروع والمتعلقة بالمادة﴿69﴾ من القانون الاصلى، أجمعت الاكثرية على رأئى قبول ما وردت في تقاريرالجان المعنية وصياغتها كلاتى:

يوقف العمل بالمادة﴿69﴾ من القانون ويحل محلها ما يلي ؛

أ. يعتبر الحد الاعلى العام للراتب التقاعدى الكامل بالنسبة لمختلف فروع الضمان في هذا القانون الذي لا يجوز تجاوزه في جميع الحالات ﴿80٪﴾ من متوسط الاجر الشهري للسنة الاخيرمضمونة من الخدمة العامل.

ب. . يعتبر الحد الادنى العام للراتب التقاعدى الكامل بالنسبة لمختلف فروع الضمان في هذا القانون الذي لا يجوز النزول عنه في جميع الحالات الحد الادنى للراتب التقاعدى للموظف.

ج. لا يقل الراتب التقاعدى الجزئى في جميع الحالات عن مستوى إعانة الحماية الاجتماعية.

. يعتبر الحد الاعلى العام للراتب التقاعدى الكامل بالنسبة لمختلف فروع الضمان في هذا القانون الذي لا يجوز تجاوزه في جميع الحالات

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

10. سەبارەت بە ماددەی نۆیەم لە پڕۆژەکە کە پەیوەندی بە ماددەی﴿69﴾ لە یاسا ئەسڵیەکەدا هەیە زۆرینەی ڕا لەگەل پەسندکردنی ئەوە دابوون کە لە ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکانەوە هاتبوون، دارِشتنەوەی وەکو ئەمەی خوارەوەیە:

کارکردن بە ماددەی ﴿69﴾ ی یاساکە ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

أ. ئاستی سەرەوەی گشتی مووچەی خانەنشینی تەواو سەبارەت بە هەموو لقەکانی بیمە لەم یاسایەدا کە نابێ لێ تێپەڕێندری لە هەموو بارێکدا لە ﴿80٪﴾ لە ناوەندی کرێی مانگانەی دوا ساڵی بیمەکراوی لە خزمەتی کارکردندا.

ب. ئاستی خوارەوەی گشتی مووچەی خانەنشینی تەواو سەبارەت بە هەموو لقەکانی بیمە لە یاساکەدا کە نابێ لە هەموو بارێکدا بێتە خوارتریەوە کە لە کەمترین ئاستی مووچەی خانەنشینی فەرمانبەرێك.

ج. مووچەی خانەنشینی بەشەکی لە هەموو بارێکدا لە ئاستی کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێزسۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی کوردیەکەی ئێستا کە خوێندیەوە بەراستی من خۆم وەکو کەلیمات موتەفاتیعە بوو هیچ تێنەگەیشتم، بۆیە لێرە داوا ئەکەم لە جەنابت، کە بڵێی عەرەبیەکە ئەساس ترە بۆ ئەوەی سبەی ڕۆژێ هیچ خیلافێك دروست نەبێ لەسەر ئەم یاسایە. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیەم بەو صیاغە عەرەبیەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسندکرا فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێزعونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

11. بالنسبة للمادة عاشرا من المشروع والمتعلقة بالفقرة ﴿ب﴾ من المادة ﴿71﴾ من القانون أجمعت الاراء على رفضها والإبقاء على المادة الاصلية لأنها في مصلحة العمال وكذلك تعارضها مع قوانين الخدمة النافذة في الاقليم.

**بەڕێزسەردار رشيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەو تەرجومەی كە خوێندرایەوە، تەرجومەی حەرفی عەرەبیەكەیە، ئەگەر یەكێك عربی و كوردی باش بزانێ ئەتوانێ هەر ئێستا لێی تێبگا بۆ ئەوەی سەیری بكە، نەك كەلیماتی موتەقاتیعە، داوای لێبوردن دەكەم.

11. سەبارەت بە ماددەی دەیەمی پڕۆژەكە، كە پەیوەندی بە بڕگەی ﴿ب﴾ لە ماددە ﴿71﴾ ی پڕۆژە ئەسڵیەكەوە هەیە كۆ دەنگی ڕا لەگەڵ ڕەتكردنەوەو هێشتنەوەی ماددەی ئەسڵیەكە دا بوون، چونكە لە بەرژەوەندی كرێكاران دا نیە، هەروەها ناكۆكە لەگەڵ یاساكانی ڕاژەی كارپێكراو لە هەرێمدا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

یانزە، بەو شێوەیە كوردی و عەرەبیەكەی كێ لەگەڵدایە؟ كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسندكرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێزعونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگە ﴿12﴾ی ڕاپۆرتی هاوبەشمان بەشێوەیەك دارێژراوە لە ئەنجامی كۆبوونەوەی هاوبەش لە نیوان بەشێك لە ئەندامانی لیژنەكانی پەیوەندیدار بە بابەتەكە لەگەڵ جەنابی وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی گەیشتینە ئەنجامی داڕشتنەوەی صیاغەكە بەو شێوەیە كە ئێستا لەو نووسراوەی لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان دایە بە ژمارە﴿12﴾

إقتراح إضافة المادة الى المشروع بخصوص ضمان البطالة بالشكل الاتي: يحق للعامل المضمون التمتع بضمان البطالة وفقاً للاسس الاتية:

1. ان يكون دفع ضمان البطالة لفترة لاتقل عن سنتين
2. يحصل خلال فترة البطالة ولفترة لا تزيد على ستة اشهر على مبلغ يساوي إعانة الحماية الاجتماعية على ان لاتتجاوز ثلاث مرات

**بەڕێزسەردار رشيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

12. پێشنیاری زیادكردنی ماددەیەك بۆ پڕۆژەكە سەبارەت بە بیمەی بێكاری بەم شێوەیە ماددەی( ) كرێكاری بیمەكراو مافی بیمەی بێكاری هەیە، بەگویرەی ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

1. بیمەی بێكاری دەدرێ بۆ ماوەیەك، كە كەمتر نەبێ لە دوو ساڵ.

2. ئەو ماوەیەی کە بێکارە بیمەکەی وەردەگرێ بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێ، بە مەبلەغێك کە یەکسان بێ بە کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی وە نابێ سێ جار لەوەش زیاتر بێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوانزەم بەم شێوەیە عەرەبی و کوردیە خوێندرایەوە کێ لەگەڵدایە؟کێ لەگەڵدا نیە؟ بە ناڕازیبوونی یەك دەنگ، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسندکرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێزعونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی سیانزەمی ڕاپۆرتی هاوبەش بەم شێوەیە:

13. بالنسبة للمادة الحادية عشرة من المشروع والمتعلقة بالفقرة (أ) ثلاثة من المادة (85) من القانون، الأغلبية مع رفضها، والإبقاء على المادة الاصلية.

13. سەبارەت بە ماددەی یانزە پڕۆژەکە کە پەیوەندی بە بڕگە(أ)سێی ماددەی (85)ی یاسا ئەسڵیەکەوە هەیە، زۆرینە لەگەڵ ڕەتکردنەوەی و هێشتنەوەی ماددە ئەسلیەکەدایە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیانزە هەروەکو دەڵێن زۆرینە لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ماددەکەو هێشتنەوەی ماددە ئەسڵیەکەدایە کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ، ڕەفزکرایەوە، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێزعونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی چواردەم لە ڕاپۆرتی هاوبەش بەو شێوەیە:

14. بالنسبة للمادة الثانية عشرة من المشروع والمتعلقة باضافة فقرة بتسلسل (ب) الى المادة (86) من القانون، اجمعت الاراء على رفض المقترح لانه خرق للمساواة امام القانون وهدر لأموال الاقليم.

14. سەبارەت بە ماددە دوانزەمی پڕۆژەکە کە پەیوەندی بە زیادکردنی بڕگەیەکەوە هەیە بە ریزبەندی بۆ ماددە (86)ی یاسا ئەسڵیەکە، کۆ دەنگی ڕا لەگەل ڕەتکردنەوەی پێشنیارەکە دابوون،چونکە پێشێلکردنی یەکسانیە لەبەردەم یاساو بەفیڕۆدانی سامانی هەرێمە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چواردە لەگەڵ ڕەتکردنەوەی دایە، هەروەکو عەرەبی و کوردیە صیاغەکەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵدایە؟کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ ڕەتکرایەوە، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێزعونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە برگەی پانزە لە ڕاپۆرتمان بەشێوەیەك داڕێژرابوو دوایی لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هاوبەش لەگەڵ جەنابی وەزیری کاروباری کۆمەلآیەتی ، گەیشتینە صیاغەی ماددەکە بەو شێوەیە کە لەبەردەمتانە لەو نووسراوەی کە پێشکەشکراوە،

اقتراح اضافة مادة جديدة الى المشروع بخصوص العمال الذين ليس لهم صاحب عمل دائمى او مستمر، المادة ﴿رەقەمەکەی بەتاڵە﴾استثناءً من احكام المادة (27) من قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال القطاع الخاص الذين ليس لهم صاحب عمل دائمى او مستمر في حالة إشتراكهم في صندوق الضمان يكون له حق الضمان الجتماعي بشرط ان لا يكون لهم راتب  من مؤسسات الاقليم وينظم كيفية تسجيلهم واستيفاء الاشتراكات منهم بنظامٍ يصدره مجلس الوزارة.

15.پێشنیاری زیادکرنی ماددەیەکی تازە بۆ پڕۆژەکە هەیە تایبەت بە کرێکارانی کە خاوەنی کاری بەردەوام و هەمیشەییان نیە، هاوێر لە بەندەکانی ماددەی (27)ی لە یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەلآیەتی کرێکاران، کرێکارانی کەرتی تایبەت کە خاوەن کاری بەردەوام و هەمیشەییان نیە لەکاتێکدا ئەگەر بەشدار بن لەصندوقی بیمە، مافی بیمەی کۆمەلآیەتیان دەبێت بەمەرجێك کە مووچەیان لە دەزگاکانی هەرێمدا نەبێت، چۆنیەتی تۆمارکردنیان و وەرگرتنی پیتاك لێیان بە پەیڕەوێك دەبێ کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێزکوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کۆمەڵێك ئەندامی پەرلەمان کە قسەمان لەسەر کرێکاری بێ خاوەن کار کردووە، ئەوانەی کە وەك کرێکاری بیناسازی و شۆفێری تەکسی و ئەوانە، ئێمە وامان داواکرد کە ماددەی (27) بەسەری جێبەجێ ببێ، وامان داوانەکردووە کە جارێکی تر ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوێك دروست بکات، یەعنی چی لە هەموارەکە لێرە جێی نەکرێتەوە، دواتر بەتەنها بۆ ئەوانە ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوێك دەرکات، لیژنەی کاروباری کۆمەلآیەتی لێرە پێشنیارێکیان هەیە داوشیانە بە زۆربەی ئەندام پەرلەمانان، لە ماددەی یەك تەعریفی کرێکاریان کردووە ، من پشتگیری ئەمە ئەکەم کە ئەمە ئیزافە بکرێ بۆ یاساکە وە لە ماددەی یەك تەعریفی کرێکار بەو شێوەیەی کە لیژنەی کاروباری کۆمەلآیەتی کردوویانە، پێم وایە لەبەردەمی زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکان، یان بخرێتە دەنگەوە، یان ئیزافە بکرێت، چونکە ناکرێ ئەوان خۆیان نەگەڕێنەوە بۆ ڕای ئەندامانی پەرلەمان، ئەم صیاغەیە بکەن بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕای ئێمە.سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێزئاسۆس نەجیب/وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایاتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە، ماددەکە وا دەڵێ خاوەن کار لە (12٪) دەدا، کرێکار لە(5٪)کرێیەکەی ئەدا، ئەوەی کە جێ بەجێکراوە ئەوەی کە ئەیبینین لە واقعی حاڵەکە بەم شێوەیە کرێکار لە(5٪)ی خۆشی نادا، خاوەن کارەکە ئەیدا بۆ یارمەتی کرێکارەکە، بێگومان حکومەت و پەرلەمانیش، ئەمانەوی ژیانی کرێکاران بەرەو باشتر ببەین لە بیمەی بێکاریەوە، هەر لەکرێکاری بیناسازی بگرە یاخود ئەو کرێکارانەی کە خاوەن کاریان نیە،چونکە لە ماددەی(8) هاتووە لە یاسای کار، ئەو کریکارە دەبێت خاوەن کارێکی هەبێ، لەبەر ئەوەی ئەم کرێکارانە پێیان دەوترێ (عمالی مساطر) بە موستەلەحی مونەزەمەی عەمەلی دەولی خاوەن کاریان نیە، وتوومانە ئەمانە هەمووی مەشمول کرێن، بەڵام لە پەنجاکانەوە چوار، پێنج یاسا هاتووە کە تایبەتە بە خانەنشینی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران تاکو ئێستا بابەتی دەستەبەری کرێکارانیان چارەسەر نەکردووە، ئێمە ئەبێت بیر لەمە بکەینەوە بە هاوکاری مونەزەمەکە بتوانین نیزامێك لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچێ نیزامێکی تایبەتی ئەوێ، چونکە خاوەن کاریان نیە، ماددەی (27) کاتێك کە خاوەن کاری هەبێت ئەو کریکارە لە (12٪)ی بۆ بدات؟ ئەگەر هەر فەرمانێك هەیە و ئەگەر هەربڕیارێك هەیە، ئەگەر هەرپێشنیارێك هەیە و ئەوە ڕای ئەندامانی پەرلەمانە، ئەوە ئامادەین جێبەجێی بکەین.سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سردار رشید.

**بەڕێزسەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەمە وازحە ئەوانەی کە خاوەن کاری دائیمیان نیە یان هەمیشەییان نیە، ئەمە سەرجەم ئەم کرێکارانە ئەگرێتەوە بە بیناسازیشەوە، یەعنی ئێمە دیارە گفتوگۆی زۆرمان لەسەر کردووە وە ڕای سەندیکاشمان وەرگرتووە، دوێنێ من بە تەلەفۆن تەنانەت لەگەڵ سەرۆکی سەندیکای بیناسازی قسەم کردووە، ئەوانیش ئەگرێتەوە، بەڵام بە مەرجێك کە ئەنجومەنی وەزیران بەڕاستی چۆنیەتی یاخود ئالیەتی ئەوە پەیڕەو دابڕژێت.سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك کاردۆ.

**بەڕێزکاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

كه ئەو مەرجە دابنێ ئەنجومەنی وەزیران نیزامێك بۆ دەربكا دەتوانێ بەشێوەیك بێ، كە ئەو مانایەی ئێمە مەبەستمانە نەیگەیەنێ، لەبەر ئەوەی یاسا كە لە پەرلەمان دەردەچێ، ئەركی ئەنجومەنی وەزیرانە نیزامی بۆ دەركا، ئەركی وەزارەتیشە تەعلیماتی بۆ دەركا، هیچ پێویست ناكات لێرە موتەعەلیقی كەی بەوەی كە نیزامەكە دەركات، چونكە ئەمە دەتوانێ جێبەجێی نەكات. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دڵشاد.

**بەڕێزدڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستیەكەی ئەو كرێكارانەی خاوەن كاریان نیە، ڕەنگە كێشەی صندوقەكە ئەوەیە كێ پارەكەیان بۆ ئەدا، بەڕاستی ئەگەر لێرە ئەوان بتوانن بەشداری بكەن بەپێی ئەم یاسایەی كە لە یاساكەدا هاتووە هەم وەك كرێكارو هەم وەك خاوەن كار چ پێویستی بە نیزامێكی تازەیە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچێ وە بەتایبەتی یاساكەش كە پەیوەستە بە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی، بۆیە پێم باشە بەپێی ڕێنمایی كە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی یان بەپێی یاساكە كە تێیدایە خۆی خاوەن كارو كرێكاری خۆیەتی. زۆر سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك خورشید احمد.

**بەڕێزخورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێ ئەم خاڵە مولزەمە بەنیسبەت حكومەت، یەعنی ئەوە نیە ئەنجومەنی وەزیران موخەییەرە نیزامێك دەركات یان نا؟ مولزەمە دەبێ دەركات، بەڵام لەبەر ئەوە كارەكە وردەكاری زۆری تێدایە، پێویستی بەدیراسەت هەیە، پێویستی بە ڕاوێژكاری هەیە لەگەڵ ئیحتیماله لایەنی جیهانی مونەزەم بێت، قابل بێت بۆ جێبەجێ كردن، بەڕەئی من یەعنی نەصەكە زۆر وازحەو زۆر عەمەلیەو هیچی تێدا نیە. زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر.

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی ئەگەر ئەمە بێتە مەجلیسی وزەرا سبەی بە نیزامێك ئەمە دەربكا یان دەر نەكا ئەمە دەبێتە ماددەیەك لە زمنی ئەم یاسایەو ئیلزامێتی خۆی ئەبێنێ لەسەر مەجلیسی وزەرا وە ئەمە مەجلیسی وزەرا لەسەرێتی نیزامی تایبەتی بۆ دەربكا، ئەمە لەلایەك ، لەلایەكی دیكە ئەمە ئەگەر بیتو باس لە عمالی بەبێ ڕەب عەمەل بكات، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ وەسفەكەی عامل ئەوسا، عامل ئەو كەسە كە لیقائی ئەجری لەژێر ئیشراف ڕەب عەمەلێك ئیش دەكات، بۆ میسال لە كوردستانی ئێمە ئەگەر شوفێری تاكسی بگری، ئەكسەریەتی شوفێری تاكسیەكان ساحیبی سەیارەكانی خۆیانن، ئەمە خۆی ڕەب و لعەمەلەو خۆشی عاملە، بەواتە ئەمە ئەم ماددەیە تەرك بكرێت بۆ مەجلیسی وزەرا بەپێی ئەو ڕێنماییە تایبەتەی كە خۆیان هەیانە بەتەنسیق لەگەڵ وەزارەتی عەمەلە، كارو كاروباری كۆمەڵایەتی یان نیزامیكی تری بۆدەركەن. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووكاك عبدالرحمن

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش پشتگیری ئەوە دەكەم كە تەعریفێك هەبێ بۆ ئەم عاملە، كامەیە عامل؟ عامل كێیە؟ ئەی بەزازیش دوكانی خۆی تایبەت هەیە، ئەویش عاملە؟ شوفێرتاكسی، تاكسی خۆی هەیە، ئەویش عاملە؟ كەسانێك هەیە، یەعنی ئیشێكی خاصی هەیە فەلاحە یان مەشروعێكی هەیە یان موزارعێكی هەیە، ئەویش عاملە، ئایا كێ دەگرێتەوە ئەم یاسایە كام عاملە؟ ئەبێ تەعریفێكی بۆ ئەم عاملە بكەین حەتتا بزانین كامە ئەم پڕۆژەیە دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە تەعریفێكی خاص بۆ عامل هەبێ، ئەگەر ئەوەیش بچێتەوە بۆ یاسای عەمەل دەبێ ئەمەش هەموار بكرێت، ئینجا  یان دەبێ تەعریفێك بۆ عامل هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی ڕایەكەی (كاك خورشید، كاك عمر) ئەكەم، لە ڕاستیدا ئەمە بابەتێكی ئاڵۆزە، وە شەرتیش نیە هەر كرێكار، یەعنی ڕەنگە ڕێككەوێ هاووڵاتی دانیشێ لە ماڵەوە ئیشتراك لەم صندوقە بكا، یەعنی ئەمە پێویستی بە فراوان كردن هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین ئێستا ماددەیەكی وا بەرفراوان داڕێژین كە بتوانێ هەموو ئەو بەشانەی كۆمەڵگا ئینصاف كات، هاووڵاتی زۆر ئیعتیادی هەیە من لەشوێنان بینیومە هاووڵاتی لەماڵەوە دانیشتووە ئیشتیراك دەكات، لەبەر ئەوە فعلەن لەگەڵ ئەوەدام كە ئەمە بەجێ بهێڵرێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك عمرهەورامی.

**بەڕێزعمرصدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەهەموارکردنی چەند ماددەی ڕابوردوو، یەعنی خۆش بەختی یە ئێمە وە بۆ کرێکارانی کوردستان بەوانەی کە خاوەن کاریان هەیە، بەڵام ئەم ماددەیە لەئێستایە ئەگەر بەرچاو روونی نەبێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، وە بیززات وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی ئێمە دڵنیا بکاتەوە لەوەی ئەو ماددەیە دەربچوێنین، بەباوەڕی من ئەگەر ئێمە بەرچاو ڕوونیمان نەبێ لە داهاتوو حکومەت دەتوانێ لەماوەیەکی کورت و دیاریکراودا ڕێنمایی پێویست بۆجێ بەجێکردنی ئەم یاسایە، ئەم ماددەیە دەربکات  ئێمە ئەو کاتە بە خۆ دەربازبوون لەم حاڵەتەی هەیە لە کوردستاندا بەباوەڕی من دەکەوینە ئەم حاڵەتەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر بەرچاو ڕوونی هەیە، با ئێستا بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ئێمەی ساغ بکاتەوە، ئەم بابەتە ئەگەر نا وەکو بەڕێزان وتیان پێویستی بە کاری هەمە لایانەو توێژینەوەو بەدواچوونی زیاتر هەیە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستان دەکرێ ئەو کاتە لەڕێگای ئەم ماددەیە ئیستفادە وەربگرن لەو صندوقە.سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموود. دانا

**بەڕێزد.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من دەمەوێ تەنیا یەك روونکردنەوەی بدەم لە ماددەی (15) باس لەوە ناکات کە ئەنجومەنی وەزیران ڕێنمایی دەربکات، بەڵکو باس لەوە دەکات کە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وە لە ئاخیرەکەی نووسراوە کە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەریدەکات ڕێنماییەکە، وەبەهەمان شێوەش بۆ خودی یاساکە یەعنی تەواوی یاساکە لە ماددەی(16) دیسانەوە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەگەر تەماشا بکەن لە دووەم وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، ڕێنمایی دەردەکات یەعنی لە بۆ هەموو یاساکە ڕێنمایی دەر ئەکرێ، دواتر پێموایە ئەوە کێشەیەك نابێ. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموود.عمر.

**بەڕێزد.عمرحمدامین خدر(نوەرەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەبەردەم حاڵەتێکی یاسایی تازە داین، ئەویش جۆرێك لە کرێکارە کە خاوەن کاری نیە، ئەم حاڵەتەش لە هەرێمی کوردستان زۆرزۆرە، بۆیە پێویست بوو ئێمە هەوڵ بدەین مافی ئەو کرێکارانەی کە بە وەختی

کار دەکەن، خاوەن کاریان نیە ئێمە لە چوارچێوەی ئەم یاسایە دا گەرەنتی بکەین، بۆیە مەبدەئیەن بەم سیاغەیە ئێمە مافی ئەوان گەرەنتی دەکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی حاڵەتەکەچۆنیەتی ڕێکخستنی زامن کردنی مافی ئەوان لە ئیشتراکی مانگانەو داهێنانی ئالیەتێکی تازە، ئەمە پێویستی بەمە هەیە، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، گفتوگۆ بکات، دیراسەی نموونەی وڵاتانی تر بکات، هەروەها هەوڵ بدات بیرو بۆچوونەکانی گەڵاڵە بکات لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران بە نیزامێك ڕێکی بخات، بۆیە لەهەردوو لاوە ئەم دەقە باش هاتووە، لەلایەکەوە زەمانەتە قانوونیەکە و مەبدەئەکە بۆ دابین کردنی مافی ئەوان دەخەیتە ناو یاساکەوە، وە لەلایەکی تریشەوە تۆحکومەتی هەرێمی کوردستان مولزەم دەکەیت لەگەڵ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بە نیزام ئەم مەبدەئە قانوونیە ورد بکەنەوە، بەم شێوەیە کێشەکە چارەسەر دەبێت. زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شڤان

**بەڕێزشڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەتەن ئێمە ئەنجومەنی وەزیران دەخەینە ژێر فۆرساییەك کە هەرچەند بە نیزام دەکرێتن، بەڵام بۆ لەو ماوەیە زۆرە، ئەمە لەبەردەم تەعدیلی یاسایی دایە ئەم ماددەیە لە زمنی ئەو تەعدیلە دایە کە وەکو فکرە هاتووە، ئەو ماوە زۆرە لەپێش وەزارەت و لە پێش پەرلەمان بووە باشە بۆ تەگبیرێك نەکرا ئەم ماددە بەشێوەیەك دابڕێژین قوەی قانوونیەکەی ماددەیکی یاسایی بێ نەك نیزام بێتن کە بە تەدرۆجی قانوونی لە قانون، پرسیار لە وەزیر دەکەم، بۆ هەتا ئێستا عیلاجی ئەوە نەکراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە وەك کوێستان خان باسی کرد، ڕای لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی یەعنی وازحە تێیدا، کە لە دووەم دەڵێ/ (يحق للعمال الذين ليس لهم صاحب عمل أو يعملون لصالح أنفسهم الإستفادة من أحكام هذا القانون و يكون ذلك إختيارياً)، ئەگەر داخلی بکەینەوە ئەوەی خاوەن کاری نیە، ئیختیاریەن خۆی زەمان دەکات یان ناکات؟ ئەو کاتە پارەی زەمانەکەی بۆ خۆی دەیدات، کە ئەگەر خاوەن کاریشی نەبێ، بەس ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من تەصەور دەكەم لە بەینی ئەو دوو ڕەئیەدا جیاوازی نیە جگە لە ئالیەتەكە، كە لە ڕاپۆرتە هاوبەشەكەدا هاتووە باسی ئەوە دەكات كە ئەوە تەسبیت بكرێ، لێرە بە تەنیا تەسبیتی كردووە، ئالیەتی شێوازی مامەڵە كردن لەگەڵ ئەو كرێكارانەی بەجێهێشتووە بۆ ڕێنماییەك كە وەزارەتی تایبەتمەند دەری بكات، بە پێچەوانەوە لە ڕەئی لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی دا هاتووە ئالیەتەكەشی تەحدید كردووە، كەواتە بۆ ئێمە ئاسانترە، مادام ئێمە بە ماددەیەكی تازە دەیخەینە یاساكەوە، مافی ئەو كرێكارانەی تێدا دەستەبەر دەكەی، یەكسەر بە پێی ئەو ئالیەتەی كە لیژنەی كاروباری كۆمەڵی مەدەنی، كاروباری كۆمەڵایەتی داینا‌وە، یەكسەر ئەوە بخەنیە جێگەی ئەو پێشنیازەی كە لیژنەی یاسا دایاننا‌وە، هەم ئالیەتەكەشی تیا دادەنێین، هەم جێگەشی دەكەینەوە، لە یاساكە دا مەجال ناهێڵینەوە، بۆ ئەوەی ڕێنماییەكە نەزانین چۆن دەردەچێ؟**

**زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**سۆزان خان، فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە گرفتەكەمان لەوەدا نیە، یەعنی بە نیزام دەردەچێ، بە قانون، لە جێبەجێ كردنەكەیەتی، یەعنی جەنابی وەزیر دەبێ پێمان بڵێ، ئەم نیزامە لە ماوەی چەند دا دەردەچێ؟ ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان لە لیجنەی پەیوەندیدار بەدواداچوونی بۆ دەكەن، ئەی ئەگەر جێبەجێ نەكرا؟ ئێمە ئەوسا چی بكەین؟**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئاخیر كەس د.ڕێباز قسە دەكات، چونكە 15،20 كەس قسەیان كرد، د.ڕێباز ئاخیر كەسە، فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو ڕاپۆرتەی كە ئامادە كراوە لەسەر پێشنیاری ئەو موداخەلانەی كە لەدانیشتنەكەی پێشوو كراوە، بەلام ئەوەی كە لە ناو ڕاپۆرتەكە هاتووە كەس پێشنیاری ئەوەی نەكردووە، تەنها پێشنیارێك هەبوو وابزانم سۆزان خان تەرحی ئەوەی كرد، لەگەڵ كەسێكی تر بوو كە باسی كرد مەكاتب بكرێتەوە بۆ ئەو كەسانەی كە خاوەن كاریان نییە، ئەگەر ویستیان شمول بكەن لە ڕێگەی ئەو مەكاتبانەوە شمول بكەن، یەعنی ئێستا مەفروزە قسە لەسەر ئەو پێشنیارە بكرێ، نەك پێشنیارێكی تازە كە كەس تەرحی نەركردووە و ئێستا خراوەتە ناو ڕاپۆرتەكە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو د.حسن، هەندێ تێبینی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز حسن محمد سوورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەبەردەم فیكرەیەكی نوێ دا بووین، ئەگەربگەڕێینەوە بۆ موناقەشەكانی پێشوومان، باسی ئەو فیكرە نوێیەمان كرد كە بە پرۆژەیەكی نوێ بێتە ئارا، زۆربەتان ناڕازی بوون لەسەر ئەوە، لەبەر ئەوەی وتتان لەوانەیە ئەو پرۆژەیە كەی دروست دەبێ، بۆیە وامان ئیقتیراح كرد كە بە فیكرە بێتە ناو ئەو پرۆژە، بەڵام خۆی لە ئەساس دا ئەو فیكرەیە پرۆژەیەكی زۆر زۆر فراوانە، لەو دانیشتنە بە پرۆژەیەكی فراوان ناتوانین لەو قانونە جێی بكەینەوە، چونكە ئەوە تەعدیلی قانونێكی ترە، بۆیە فیكرەكە بە پێی ئەوەی ئێستا كە هاتووە فیكرەكە دێتە ناو قانون، تەفاصیلی پرۆژەكە لە جیاتی ئەوەی ئێمە چاوەڕێی پرۆژەیەكی تر بكەین دەیدەینە ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە بۆ هاوكاری كردنی پرۆژەكە و داهاتنی فیكرەكەیە لەو قانونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە لێژنەی یاسایی كۆك نەبووین لەسەر ئەو دەقە، تەنها ڕەئی وەزیر بوو، قسەش لەسەر چیە؟ لەسەر ئەم دەقەیە كە ئامانجی كرێكارانی بیناسازی بگرێتەوە، بەڕێز وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی گوتی/ ئەوە جێبەجێ ناكرێ، یەعنی ئێمە ئەگەر هەدەفەكەمان جێبەجێ ناكەین، چ پێویست بەو دەقە دەكات، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم دەقێك هیچ پێویستی بەوە نیە نیزام، خۆی هەر یاسایەك دەربكەین، حكومەت پابەندە جێبەجێی بكات، نیزامی بۆ دەردەكات، ئەم دەقە نەبەستینەوە بە نیزامی، كە نیزامێك ئەنجومەنی وەزیران دەریدەكات، بەڵكو بەخۆمان میكانیزمێك دابنێین و ئامانجەكە بپێكێ كە مەبەستمان مافەكە كرێكارانی بیناسازی بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز إسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەست دەكەم خەوفێك هەیە لای پەرلەمانتارە بەڕێزەكان، كە لێرە ئێمە شتێك ئیحالەی ئەنجومەنی وەزیران، یان وەزارتی كار بكەین كە جێبەجێ نەكرێ و یەعنی مەفهوێكی غەڵەت هەیە بۆ بیمە، بیمە یەكێكە لە سەرچاوەكانی داهات بۆ حكومەت، یەعنی بیمە دەبینن لە وڵاتان زۆربەی زۆری شەریكاتی ئەهلی پەنا دەبات بۆ بیمەكردن وەكو سەرچاوەیەكی داهات، لەبەر ئەوە ئێمە نابێ ترسمان لەوە هەبێ

بلێین حکومەت جێبەجێی ناکات، بە پێچەوانەوە بیمە یەکێکە لە سەرچاوە بەهێزەکانی داهات، لەبەر ئەوە ئێمە بمانەوێ، نەمانەوێ حکومەت پەنای بۆ دەبات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیرە خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب / وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پرسیار زۆر کراوە دەبێ وەڵام بدەمەوە و تەوزیحێکیش بدەم، سەبارەت بەو ماددەیەی کە کاک کاردۆ دەڵێ/ جێبەجێ ناکرێ، وتوومە بە تەعلیمات ناکرێ جێبەجێ بکرێ، چونکە بابەتێکی تازەیە، لە پێشیش دا باسم کردووە، لە پەنجاکانەوە چوار، پێنج قانون درچووە، نەیتوانیوە بابەتی کرێکاری بیناسازی چارەسەر بکات، ئێستا ناکرێت بێین ئێمە بە تەعلیماتێک لە وەزارەتێک دەرچێ و ئەم بابەتە چارەسەر بکات، بە ماددەیەك و بە تەعلیماتێك لە وەزارەت من لەگەڵ کرێکاران ڕاستگۆم.....

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە موقاتەعە مەکەن، قسەی خۆتان بکەن، موقاتەعە مەکەن تکایە، باشە، قسەی خۆی دەکات، فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب / وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەرچاو ڕونی بۆ ئەندام پەرلەمانەکان، من لێرە کە سوێندم خواردووە، بەڵێنم داوە هەموو کارەکانم بە جوانی جێبەجێ بکەم و دڵسۆز بم، ئەوە ئەرکی پەرلەمانە، سبەی کە ئەم یاسایە دەرچوو، بە نیزام دەرنەچوو، دوای ماوەیەك کاری پەرلەمانە بەدواداچوون بکات، بڵێ بۆچی وەزیر ئەوە جێبەجێ نەکراوە؟ ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەتان جێبەجێ نەکردووە؟ هەر ئەم ئەندام پەرلەمانانەن کە متمانەیان بە حکومەت و وەزیرەکان داوە، چ کاتێك تەفسیر هەبوو ئەو کاتە، سەبارەت بەوەی بۆ دەمێکە ئەو تەعدیلە لێرەیە و جێبەجێ نەکراوە؟ من لە ئێوە دەپرسم، لە (2010/10/10)ەوە ئێمە ناردوومانە بۆ پەرلەمان، لە کۆنفرانسێك بوو، ڕای کرێکاران و خاوەن کارانیشمان وەرگرتووە، بە حزووری ئەندامانی پەرلەمان، لە (2010/10/10)ەوە هاتۆتە ئێرە، یەعنی من نامەوێ بەو شێوەیە بێ دانیشتنەکەمان، سەبارەت بەوەی کە لە ماددەکە هاتووە، ماددەی (27)، لە 12٪ دەیڵێمەوە بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە، لەو 12٪یە کە خاوەن کار دەیدا، لە 5٪ی کرێکاران بەشێکی بۆ تەقاعودە، بەشێکی بۆ زەمانی صحییە، بەشێکی بۆ ئیساباتی عەمەلە، ئەگەر بکرێت ئێمە ئەحکامێك دانێین، من ئامادەم ئەگەر ئەحکامێك دابندرێ بۆ کرێکارانی بیناسازی جێبەجێی دەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی کەس پسپۆر نیە بەو شێوەیە، تۆ ئەو ئەحکامانە چۆن زیاد دەکەی؟ ئەگەر بۆ بیمەی بێکارییەکەش بێ، دەبێت ئەو نیسبەیەی کە لەسەر کرێکار و خاوەن کارە زیادی بکەی، بەڵام من لێرە لەو زیاد کردنی بیمەی بێکارییەکە 1.8 نووسراوە، من ڕای کرێکارانم وەرنەگرتووە، من ناتوانم بە بێ ئەوەی ڕای کرێکاران وەرگرم ئەو نیسبەتانە زیاد بکەم، بۆ

نیزامەکەش، ئێمە کە بوو بە نیزام لە ئەنجومەنی وەزیران بە هاوکاری دوو پسپۆری مونەزەمەی عەمەلی دەولی، کە ئەوان پسپۆرن لەم بابەتە، ئەوە لە سوریاش کردیان، بەڵام ئەوەی سوریا چونکە نیوەی پرۆژەکە فەشەلی هێنا، بە نیزام دەکرێت، ئەو کاتەی نیزامەکەش دانێین دەیهێنمە بەردەم ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز و ڕای هەمووان وەردەگرین، ڕای خاوەن کاریش و کرێکاران وەردەگرین، لەبەر ئەوەی کرێکاران شەریکی ئەو وەزارەتەن، ئێمە ناتوانین هەر لە خۆمانەوە نیزامێك دەرکەین، یاخود بە تەعلیماتێك، ئەم بابەتە هەستیارە، چونکە بابەتێکی زۆر حەساسە و ئەوەی کێشەکەی ئێمە لەوەدایە، قانونی عەمەل باسیان ناکات، لێرە ئیستیسنا کراوە لە مادەی $8$ی یاسای کارەکە، بۆیە پێویستمان بە نیزام هەیە، هەر کەسێکیش پسپۆری هەبێ، هاوکارمان بێ لەو نیزامە ئێمە سوپاسی هەموو لایەك دەکەین، سوپاس بۆ تۆ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش دوا صیغەتان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

مادة مضافة:

إستثناءاً من أحكام المادة السابعة و العشرون من قانون التقاعد و الضمان الإجتماعي للعمال، عمال القطاع الخاص الذين ليس لهم صاحب عمل دائمي أو مستمر في حالة إشتراكهم في صندوق الضمان يكون لهم حق الضمان الإجتماعي بشرط أن لا يكون لهم راتب من مؤسسات الإقليم و ينظم كيفية تسجيلهم و إستفاء الإشتراكات منهم بنظام يصدره مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

پانزەیەم/

پێشنیازی زیاد کردنی ماددەیەکی تازە بۆ پرۆژەکە تایبەت بە کرێکاران، کرێکارانی کە خاوەن کاری بەردەوام و هەمیشەییان نیە:

هاوێرد لە بەندەکانی ماددەی بیست و حەوت لە یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکارانی کەرتی تایبەت کە خاوەن کاری بەردەوام و هەمیشەییان نیە، لە کاتێك دا ئەگەر بەشدار بن لە سندوقی مافی بیمەی کۆمەڵایەتی، لە سندووقی بیمە مافی بیمەی کۆمەڵایەتیان دەبێت، بە مەرجێك کە مووچەیان لە دەزگاکانی هەرێم دا نەبێت، چۆنیەتی تۆمارکردنییان و وەرگرتنی پیتاك لێیان بە پەیڕەوێك دەبێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی (15) بەو شێوەی کوردی و عەرەبییەکەی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ 67 لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نیە؟ 14 کەس لەگەڵ دا نیە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەبەر ئەوەی پڕۆژەکە هەندێك مەوادی پرۆتۆکۆلی تێدا نەبوو، ئێمە وەکو لێژنەی یاسایی پێشنیار دەکەین چەند ماددەیەك ئیزافە بکرێ لەسەر پڕۆژەکە بەو شێوەیەی خوارەوە:**

**1- لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض و أحكام هذا القانون.**

**داوا دەکەم لە سەرۆکی پەرلەمان ئەو ماددەیە بخرێتە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵدایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**ماددەی دووەم:**

**على وزير العمل و الشؤون الإجتماعية في الإقليم إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەسەر وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی یە کە ڕێنمایی تایبەت بە ئەو یاسایە دەربچوێنێ.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵدایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدارە کە ئەو یاسایە جێبەجێ بکات.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵدایە؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ بڕگەیەکی تر.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی ئەخیری بەم شێوەیە:**

**ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵدایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەم مادده ئیزافیانه هەرچەنده دەنگ درا لەسەر ماددەی (2) که لەسەر وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئیقلیم پێویستە تەعلیمات دەربکات.**

**ماددەی (3) لەسەر مەجلیسی وزەرا پێویستە سێیەم فەقەرە بچێتە پێش فەقەرەی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بە واتا ماددەی (16) (لا يعمل بأي نص)، ماددەی (17) دەبێتە ( على رئاسة مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون)، ماددەی (18) دەبێتە (على وزير العمل و الشؤون الإجتماعية)، تەسەلسولەکانی پاش و پێش دەکەوێ،**

**الأسباب الموجبة:**

**بهدف مواكبة المستجدات و المتغيرات في سوق العمل في إقليم كوردستان-العراق و دعم العمال برفع مستواهم المعاشي و الإجتماعي و منح المزيد من الحقوق و الإمتيازات لهم في القطاعات الخاص و المختلط و التعاون و لحين تشريع قانون متكامل للضمان الإجتماعي الخاص في الإقليم فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە کوردییەکەی.**

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**هۆی دەرچوونی**

**بە ئامانجی هاوشان ڕۆیشتن لەگەڵ نوێباو، یەعنی گۆڕانکاری نێو بازاری کار لە هەرێمی کوردستانی عیراق و پشتیوانی کردن لە کرێکاران بە بەرز کردنەوەی ئاستی گوزەران و کۆمەڵایەتییان و بەخشینی ماف و دەستکەوتی زیاتر بەوان لە کەرتەکانی تایبەت و تێکەڵ و هەرەوەرزدا و تا دەرکردنی یاسایەکی تەواوی کار بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی تایبەت بە هەرێم ئەم یاسایە دەرکرا.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**هۆی دەرچوونی ئەم یاسایە، کێ لەگەڵدایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ ئێستا کۆی یاساکە، فەرموو کاک کاردۆ.**

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەرچەندە یاساکە کۆتایی هات و هیوادارین خزمەتی مافی کرێکاران بکات بە گشتی، بەڵام یەك شت هەیە، ئێستا ئێمە لە یەکێ لە دەقەکان وتمان (بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە پێویستە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ڕێنمایی دەرکات)، وەزارەت ناتوانێ ڕێنمایی دەرکات هەتا ئەم نیزامە دەرنەچێ کە ئەنجومەنی وەزیران دەریدەکات، کەواتە ئەم یاسایە، ئەم دەقە دەبێتە کۆسپ لەبەردەمی دەرچوونی ئەم یاسایە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عەونی.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕای کاك کاردۆ، بەڵام وانیە، چونکە نیزامەکە تەنها پەیوەستە بە ماددەی 27 کە باسمان کرد، کرێکاری بێ خاوەن کارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو یاسایە بە تێکڕایی کە موناقەشەمان لەسەر کرد کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا و تەسەلسولی ماددەکان و بڕگەکانیش ئێمە صەلاحیەت دەدەینە لێژنەی قانونی و سکرتارییەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی تەواوی بکەن، ئێمە پیرۆزبایی دەکەین لە هەموو کرێکارانی کوردستان بە هەموو ڤیتاعەکانییەوە بۆ ئەوەی ئیستیفادە لەو یاسایە بکەن و ئومێد دەکەین پەرلەمانی کوردستان کارێکی باشی ئەنجام دابێت و ببێتە خێر و بەرەکەت بۆ هەموو ئەوانەی کە کرێکارن، ئێستا دوا قسەی دەدەین بە بەڕێز وەزیرە خان، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی با بفەرمووێ.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب / وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز دەکەم، بۆ پەسندکردنی ئەم هەموارکردنە، بەڵام پێشنیارێکم هەیە، دیارە ئێمە بە نووسراو ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانمان کردووە لەویەوە دێ بۆ پەرلەمان، بەڵام من لێرە باسی ئەوە دەکەم کە لیژنەیەکی تایبەت بە کار هەبێ، چونکە لە زۆربەی پەرلەمانەکان لیژنەیەکی تایبەت بە بواری کار هەیە کە موباشیر لەگەڵ مونەزەمەی عەمەلی دەولی دەتوانێ ڕاستەوخۆ ئەو ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتییانە یاخود ئەو پێشنیار و یاسایانەی کە نوێ دەردەچێ لە هەموو جیهان، دەتوانێ ئەو لیژنەی ئێمە هاوکارمان بێ بۆ پەسند کردنی ئەو یاسانەی، ئەو پرۆژە یاسایانەی کە ئامادەمان کردووە لە وەزارەت، چونکە چینی کرێکاران و هەروەها دۆزینەوەی هەلی کار بابەتێکی زۆر گرنگە، بۆیە داواکارم ئەو پێشنیارەم ڕەچاو بکرێ، زۆر سوپاس بۆ هەمووتان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمەش پێشنیارەکە لە سەرۆکایەتی دیراسە دەکەین، چ خێری میللەتەکەمان و کرێکارانی تێدا بێ ئینشاڵڵا ئەوە دەکەین، سوپاستان دەکەین لە حزوورتان، ئێوە بەخێر بێن، ئێستا دێینە سەر بڕگەی دووەم، بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری، لیژنەی تایبەت فەرموون بۆ شوێنی لیژنەکان.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان / بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای مافی بە دەستێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان.